

# ڕێکخراوە
# جەماوەرییە کوردستانییەکان

(١٩٩١-١٩٥٣) توێژینەوەیەکی بەرایی

فەرهاد عەونی

# ڕێکخراوە جەماوەرییە کوردستانییەکان

فەرهاد عەونی

# ڕێکخراوە جەماوەرییە کوردستانییەکان

(١٩٥٣-١٩٩١)

تویژینەوەیەکی بەرایی

فەرهاد عەونی

کوردستان ٢٠٢١




**رێکخراوە جەماوەرییە کوردستانییەکان**

**(١٩٥٣-١٩٩١)**

**توێژینەوەیەکی بەرایی**

نووسینی: **فەرهاد عەونی**

گرافیك و دیزاین: **لوقمان ڕەشیدی**

ساڵی چاپ: **٢٠٢١**

تیراژ: **١٠٠٠ دانە**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان

ژمارەی سپاردنی (٢٨٧) ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە.

# پێڕست


پێشەکی بۆ ئەم چاپە کوردیە ٧

پێشەکیی چاپی دووەم ١١

پێشەکیی چاپی یەکەم ١٦

دەسپێك ١٩

ڕێکخراوە جەماوەرییە کوردستانییەکان ٥٢

ڕێکخراوە دیموکراسییە کوردستانییەکان بۆ؟ ٤٠

لەدایکبوونی ڕێکخراوە کوردستانییەکان ٤٤

پێشئامازەکانی سەرهەڵدانی ڕێکخراوە کوردستانییەکان ٥٠

ڕێکخراوە کوردستانییەکان لەنێوان ساڵانی ١٩٥٢-١٩٥٣-١٩٥٨ ٥١

چالاکییەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان
(١٨ی شوباتی ١٩٥٣ تا ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨) ٥٦

یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان ٦١

یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و کاری ئافرەتی کوردستان ٦٣

ڕێکخراوە کوردستانییەکان پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨
تا هەڵگیرسانی شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ ٧٧

قۆناغی ١٩٦١-١٩٧٠ ٩٧

قۆناغی دووای ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠
تا ئیمزاکردنی خیانەتنامەی شوومی جەزائیر لە ٦ی ئازاری ١٩٧٥ ١١٧

قۆناغی پاش ڕێکەوتنامەی شوومی جەزائیر
٦ی ئازاری ١٩٧٥- ئازاری ١٩٩١ ١٢٧
ڕێکخراوە کوردستانییەکان دووای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ١٣٥
ئەرکی سەرشانی ڕێکخراوە کوردستانییەکان ١٣٨
کات و شوێنی کۆنگرەکانی یەکێتییەکان ١٤٥
سەرچاوەکان ١٥٦
پاشکۆ ١٥٩
نووسەر لە چەند دێڕێکدا ٢٠٥

# پێشەکی بۆ ئەم چاپە کوردیە

چاپی یەکەمی ئەم بابەتە (رێکخراوە جەماوەرییە کوردستانییەکان) لە هاوینی ساڵی ١٩٩٩ لەلایەن (مەکتەبی دیراسات و تۆژینەوەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان) چاپکرا کە ئەو کاتە تێیدا ئەندام بووم. ساڵی ٢٠١٥ بە زیادکردنوو و هەندێ دەستکاری بۆ جاری دووەم لە ساڵی ٢٠١٥ لە سەر ئەرکی خۆم دیسان بە زمانی عەرەبی چاپمکردوە چونکە چاپی یەکەمی تەنها دابەشکردنەکەی بۆ نێو رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو و تیراژەکەی (٥٠٠) دانەبوو، لەوانەیە لێرەدا پرسیارێك بێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە بۆ بە زمانی عەرەبی نووسیومە، لێرەدا ئەم بابەتەم (نووسینی هەندێ بابەت بە زمانی عەرەبی یا خود وەرگێڕانی هەندێ بابەت بە هەموو جۆرەکانییەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی و تەنانەت بۆ زمانی دیکەی بێگانەش بێگومان دەبێتە هۆکاری گواستنەوەی زانیارییەکان چ لە دونیای سیاسەت یا خوێ دونیای

ئـەدەب و شـیعر و مێـژووی نەتەوەکەمـان بـۆ گەلانـی دیکـە کـە لـە قەوارەیەکـی سیاسـی لەگەڵیـان دەژیـن چ پێـش لکاندنـی کوردسـتان بـە سـەر چـوار وڵاتـی دەوروبـەر چ پـاش لکاندنـی بـە زۆرەملـی دوور لـە خواسـتی نەتـەوەی کـورد بـە سـەر ئـەو وڵاتانـەدا دەبتـە مایـەی پێدانـی زانیـاری لـە هەمـوو باریکـەوە بـۆ ئـەو گەلانـەی کـە لـە گەلیـان لـە چوارچێوەیەکـی سیاسـی جـارێ پێکـەوە گرێدراویـن کـە بێگومـان دەبێتـە ناسـین و شـارەزاوون لـە ماهیەتـی نەتـەوەی کـورد و ئـەو جوغرافیـا سـەقەتە سیاسـییەی (الجغرافیـە السیاسـیە) کـە زلهێـزەکان پێـوەی پابەنـدن چونکـە تاکـوو ئێسـتاکەش (قسـە لـە سـەر عێراقـە) زۆربـەی زۆری گەلـی عێـراق (ئەگـەر زێدەڕۆیـم نەکردبـێ) لـە مافـی ڕەوای گەلـی کـورد نەگەیشـتوون تەنهـا ئەگـەر خەتایەکـە بـۆ فەرمانڕەوایانـی دەوڵەتـی عێـراق بێـت لـە سـاڵی ١٩٢١ەوە تاکـوو ئەمـڕۆ بـەڵام لـە لایەکـی دیکـەوە بەشـێکی گـەورەی ئـەم (لێکتێنەگەیشـتنە) بـۆ خـودی خۆمـان دەگەڕێتـەوە کـە وەکـوو پێویسـت نەمانتوانیـوە (مێـژوو، جوغڕافیـا، مـاف، ئـەدەب) کـوردی بخەینـە نێـو مێشـکی کۆمەڵانـی خەڵکـی عـەرەب. شۆڕشـی چەکـداری (مـاف واقیع)ێـك لـە سـەر دەوڵـەت دەسـەپێنێ بـەڵام زۆربـەی زۆری خەڵکەکـەی وەکـوو (ڕووداو)ێـك تەماشـای مەسـەلەکە دەکات. بـێ ئـەوەی لـە (جەوهـەری) مەسـەلەکە بـگات. بۆیـە مـن لـەو ڕوانگـەوە زۆربـەی ئـەو کتێبانـەی بـڵاوم کردونـەوە بـە زمانـی عەرەبـی بـوون پاشـان لـە هەنـدێ قۆناغـی

جیــاوازدا کراوەتــە کــوردی و دیســان چــاپ و بڵاوکراوەتــەوە.

دەربــارەی ئــەم بابەتــە (ڕێکخــراوە جەماوەرییــەکان) کەوەکــوو لــە پێشــەوە نیشــانم داوە (چاپــی یەکــەم ١٩٩٩، چاپــی دووەم ٢٠١٥) لــە چاوەڕوانــی ئــەوەدا بــووم کــە یەکــێ لــەو ڕێکخراوانــە کــە بــاس لــە مێژوویــان دەکات، نــاوی خــوای لێبێنێــت و بابەتەکــە وەگێــڕن بــۆ ســەر زمانــی کــوردی، بــەڵام (ئــاش لــە خەیاڵێــك و ئاشــەوان لــە خەیاڵێــك) کــەس خــۆی لــێ بــە خاوەنــی نەکــرد، ناچاربــووم دیســان لــە ســەر ئەرکــی خــۆم پــاش وەرگێڕانــی بــۆ کــوردی چاپــی بکــەم و بــڵاوی بکەمــەوە.

لــە دواییــدا دەمــەوێ ڕاســتییەك تۆمــار بکــەم کــە ئەویــش ئەوەیــە (مــن لێــرەدا تەنهــا بــاس لــەو چــوار ڕێکخــراوە دەکــەم کــە لــە ســاڵی ١٩٥٢ دروســت بــوون  کــە تاکــوو ســاڵی ١٩٦٤ بــە یەکگرتــووی مابوونــەوە بــەڵام پاشــوتر بــە هــۆی لێکترازانــی جەمســەری ســەرەکی لــە پارتــی دیموکراتــی کوردســتان بێگومــان ڕەنگدانــەوەی سەرتاســەری هەبــوو لــە ســەر هەمــوو ڕێکخــراوەکان، لــە قۆناغێکــی دیکەشــدا پــاش نســکۆی شۆڕشــی ئەیلــول لــە ١٩٧٥/٢/٦ جارێکــی دیکــە چەندیــن ڕێکخــراوی تــازە لــە ژێــر نــاوی تــازە درووســت بــوون کــە دیســان لــەو باســەی ئێمــەدا نییــە، چونکــە نــەکارم تێداکــردوون و نــە شــارەزایی وردەکاری مێژوویانــم، بۆیــە هیــوادارم لێکدانەوەیەکــی نەرینــی بــۆ نەکرێــت، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا هیــوادارم سەرپەرشــتکار و لێپرسراوانــی ســەرجەم ڕێکخــراوە

جەماوەرییەکان، دیموکراتییەکان یا خود هەر ناوێك هەن قۆڵی لێ هەڵکەن و مێژووی ڕێکخراوەکانیان بنووسن تاکوو لە کۆتایدا مێژووی سەرجەم ئەو ڕێکخراوانە بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە خۆی لە نێو ئەنسکلۆپیدیای ڕێکخراوە کوردستانییەکان ببینێتەوە.

فەرهاد عەونی
سەرەتای مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١

# پێشەکیی چاپی دووەم
# چاپە عەرەبیەکە ساڵی ٢٠١٥

بەحوكمی ئەوەی ئەندامی مەكتەبی دیراسات و توێژینەوەی ناوەندیی پارتی دیموكراتی كوردستان بووم لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩٣-٢٠٠٣)، لە ئابی ١٩٩٩ داوام لێ كرا توێژینەوەیەكی بەرایی لەبارەی ڕێكخراوە كوردستانییەكان لە دامەزراندنیانەوە لە شوباتی١٩٥٣ تا هەڵگیرسانی ڕاپەڕینە جەماوەرییە مەزنەكەی بەهاری ١٩٩١ ئامادە بكەم، كە مەكتەبی ناوبراو لەو ماوەیەدا (٣٥) توێژینەوەی لە بابەتە سیاسی و ئابووری و جوگرافی و مێژووی و یاسایی و ئابووریی جیاوازدا ئامادە كردبوو، ئەمە جگە لە ژمارەیەك توێژینەوەی تایبەت بە ئەدەبیاتی حزبی لەلایەن مامۆستایانی پسپۆڕ لە ئەندامانی مەكتەب، كە دەكرێت بە دەوڵەمەندترین توێژینەوەكان دابنرێن كە لە مێژووی پارتی دیموكراتی كوردستان دا ئامادە كراون و چارەسەری ئەو كەلێنانەیان كردوون كە لە پەیڕەوی ناوخۆ و ڕێبازی پارتی و هەروەها لە سیستمی دەستەی پشكنین و چاودێریكردنی ناوەندیدا هەبوون، ئەوەیش بە گیانێكی

بونیاتنەرانـە و بـە ئاسـتێکی بـاڵای بەرپرسـیارێتی و بـە دڵسـۆزییەکی کـەم وێنـەوە، بەمەبەسـتی تەکاندپێـدان و قووڵکرنـەوەی کاروانـی پارتـی لەسـەر بنچینەیەکـی زانسـتییانەی دروسـت، لـە رێـی بەهێزکردنـی ئەنـدام و لایەنگرانـی و رۆشـنبیرکردنیانەوە بـە زانیاریـی پشتئەسـتوور بـە توێژینـەوەی قـووڵ و دوور لـە سـۆز؛ کـە زۆر بـەردەوام نابێـت ئەگـەر بـە توێژینـەوەی تێـر و تەسـەل تێـر نەکرێـت. ئەمـە ئـەو ئەرکـە بـوو مەکتەبـی دیراسـات و توێژینـەوەی ناوەنـدی ئەوکاتـە بـە لەخۆبوردووانـە لەلایـەن ئەندامـە پسـپۆڕەکانییەوە گرتییـە ئەسـتۆ، چاکەکەیـش بـۆ هەموویـان دەگەڕێتـەوە، کـە پێشـبڕکێیان بـوو لـە ئەنجامدانـی ئـەو توێژینەوانـەی داوایـان لـێ کرابـوو؛ لەڕاسـتیدا مامۆسـتای کارامـە و زانسـتی و پسـپۆڕ بـوون لـەو بابەتانـەدا. لێـرەدا پێویسـتە باسـی رۆڵـی پێشـەنگانەی بەرپرسـی ئـەو گرووپـە بکەیـن کـە ئەنجامدانـی ئـەو ئەرکـەی گرتـە ئەسـتۆ، ئەویـش خوالێخۆشـبوو کاك (جەوهـەر نامیـق سـالم) بـوو، کـە لـە سـەرەتای دامەزراندنییـەوە پـاش کۆتاهاتنـی کۆنگـرەی یازدەیەمـی پارتـی کـە لـە ١٦-١٩٩٣/٨/١٦ بەسـترا ئـەو بەرپرسـیارێتییەی گرتـە ئەسـتۆ تـا کۆتـا رۆژکانـی لـە ژیانـی حزبیـدا لـە بەهـاری ٢٠٠٣.

هـۆی راسپاردنیشـم بـۆ ئامادەکردنـی ئـەو توێژینـەوە بەراییـە (رێکخـراوە جەماوەرییـە کوردسـتانییەکان ١٩٥٣-١٩٩١) لەلایـەن مەکتەبـەوە؛ بـۆ کارکردنـی بەردەوامـم لـە رابـردوودا دەگەڕێتـەوە لـە ریزەکانـی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان لـە بەهـاری ١٩٦٤ەوە تـا کۆتاهاتنـی کارەکانـی

کۆنگـرەی حەوتەمـی یەکێتییەکـە لـە شـاری سـلێمانی لـە مـاوەی نێـوان ١٩٧٢/٤/٣٠ بـۆ ١٩٧٢/٥/٢. گەشـتی کارکردنـم وەك ئەنـدام لـە یەکێتیـی ناوبـراودا لـە ئامادەیـی کۆییـەی کـوڕان دەسـتی پـێ کـرد تـا گەیشـتە ئەرکـی سـکرتێری گشـتی رێکخراوەکـە پـاش هەڵبژاردنـم لـە کۆنگـرەی شەشـەمدا کـە لـە ناوەڕاسـتی تەممـووزی ١٩٧٠ بەسـترا، هەروەهـا پێدانـی پۆسـتی بەڕێوەبـەری گشـتیی لاوان لـە ئەمینداریێتـی گشـتیی رۆشـنبیری و راگەیانـدن و لاوان لـە شۆڕشـی کوردسـتاندا دا لـە ١١ی ئـازاری ١٩٧٤ تـا ئـازاری ١٩٧٥، ئەمـە جگـە لـە راسـپاردنمان، مـن و خوالێخۆشـبوو دارا شـێخ نـووری، کـە پۆسـتی یاریـدەدەری بەڕێوەبـەری گشـتیی لاوانـی لـە ئەمینداریێتیـی ناوبـراودا هەبـوو لەگـەڵ مـن بـە کارکـردن لـە مەکتەبـی سـکرتارییەتی یەکێتیـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان لـەو سـاڵەدا (١٩٧٤-١٩٧٥) پـاش ئـەو بۆشـاییەی لـە سـکرتارییەتی ناوبـراودا دروسـت بـوو پـاش سـپاردنی بەرپرسـیارێتییەکانی تـر بـە دوو ئەندامـی مەکتەبـی سـکرتارییەت لـە یەکێتیـی لاوان لـە هەنـدێ ناوچـەی تـری کوردسـتانی ئازادکـراو.

لەبـەر ئـەو هۆیانـەی بـاس کـران پـاش راسـپاردنم بـە ئامادەکردنـی ئـەو توێژینـەوە لەخۆبـوردووە، دەسـتم بـە جەموجۆرکردنـی زانیارییـە بەردەسـت و گوێـزراوەکان کـرد، ئەویـش لەبـەر نەبوونـی زانیـاری لـەو سـەروەختەدا. توێژینەوەکـە ئەوکاتـە چـاپ کـرا و زنجیـرەی (٣٥)ی لەنـاو چاپکراوەکانـی مەکتەبـی ناوبـراودا وەرگـرت، بـەڵام بـە تێپەڕبوونـی کات توێژینەوەکـە لەگـەڵ توێژینـەوە ئامـادە و چاپکراوەکانـی تـری مەکتەبـی دیراسـات

ژمارەکانی تەواو بوون، کە لە هەریەکەیان ٥٠٠ دانە چاپ دەکرا.

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم نەمانی ژمارەکانی ئەو توێژینەوە بەراییە بەهۆی کات (ماوەی ١٥ ساڵ) و سنوورداریی تیراژەکەیەوە، هەروەها چاوخشاندنەوە بە هەندێ لایەنی ناوەرۆکەکەیدا، ئەمانە پاڵیان پێوە نام پاش پێداچوونەوە و زیادکردنی هەندێ زانیاری کە لەوکاتەدا بەهۆی دەگمەنیی توێژینەوەی پەیوەندار بەو بابەتەمان لێمان شاراوە بوون بۆ جاری دووەم چاپی بکەمەوە، چونکە ئەوکاتە زانیارییەکان بە زارەکی و دەماودەم، یان لە شێوەی دیمانەی رۆژنامەوانیدا دەگوێزرانەوە. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم ئەم توێژینەوە لەخۆبوردووانەیە هەموو پێویستیی خوێنەر و توێژەر سەبارەت بەو قۆناغە مێژووییەی تەمەنی رێکخراوە کوردستانییەکان لەنێوان ساڵی دامەزراندن ١٩٥٣ بۆ ساڵی ١٩٩١، پڕ ناکاتەوە، لەبەرئەوەی تەنها باسی چەند رێکخراوێکی دیاریکراو دەکات کە پاش هەلومەرجی پێگەیشتنیان لەدایك بوون. لێرەدا مەبەست لە رێکخراوە کوردستانییەکان کە لەم توێژینەوەیەدا باس کراون، لە بنەڕەتدا ئەم چوار رێکخراوەن:

١- یەکێتیی قوتابیانی کوردستان.

٢- یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان.

٣- یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان.

٤- یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان.

ئەمانە بە بڕیارێکی کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان

دامـەزران کـە لـە ١٩٥٣/١/٢٦ لـە شـاری کەرکـووك بەسـترا و پـاش ئـەو لێکترازانـەی سـاڵی ١٩٦٤ لـە سـەرکردایەتیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دا رووی دا، دووای تێپەڕبوونـی یـازدە سـاڵ بەسـەر دامەزراندنیانـدا بـوون بـە دوو بەشـەوە. لێـرەدا پێویسـتە ئـەوە بڵێـم مـن باسـی هۆکانـی ئـەو لێکترازانــە و ئەنجامــەکان و ناولێنانــە جیاوازەکانــم نەکــردووە، بەڵکــو جومگـەی سـەرەکی (المفصـل الرئیسـی)ی ئـەو رێکخراوانـەم هێشـتۆتەوە کـە لـە دامەزراندنیانـەوە لـە سـەرەتای پەنجاکانـی سـەدەی رابـردوودا پارێزگارییـان لـە ناوەکانیـان کـردووە و تۆمارکردنـی رووداو و راسـتییەکانی ئـەو قۆناغـە بـە تێروتەسـەلی بـۆ توێـژەران و مێژوونووسـان و سەرپەرشـتانی ئـەو رێکخراوانـە و ئەوانـەی بایـەخ بـە نووسـینەوەی (گەشـتنامەی رێکخـراوە کوردســتانییەکان) دەدەن وەك خزمەتکردنێــك بــە مێــژوو، بــە جیاوازیــی ئینتیـمای سیاسـییانەوە، بەجـێ دێڵـم.

لێـرەدا دووبـارە داوای لێبـوردن لـە خوێنـەری بەڕێـز دەکـەم لـە بوونـی کەموکورتــی لــە بابەتەکــەدا و تەنهــا خوازیــارم لەلایــەن ئــەو کەســانەوە بایــەخ بــە مێــژووی رێکخــراوە کوردســتانییەکان دەدەن چارەســەر بکرێــن و منیــش لــە ناخــەوە سوپاســیان دەکــەم.

**فەرهاد عەونی**

**هاوینی - ٢٠١٤**

# پێشەکیی چاپی یەکەم

## چاپە عەرەبییەکە ساڵی ١٩٩٩

لـە سـەرەتای پەنجاکانـی ئـەم سـەدەیەوە (مەبەسـت سـەدەی بیسـتەمە) پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بەسـەرۆکایەتیی بارزانیـی نەمـر وەك حزبێکـی رەسـەن کـە ریشـەی بەنـاو جەمـاوەری کوردسـتاندا چووەتـە خـوارەوە، هەروەهـا وەك حزبـی پێشـڕەوی بزوتنـەوەی رزگاریخوازیـی کـوردی، گرنگـی بـە چیـن و توێـژ و کەرتـە جیاوازەکانـی کۆمەڵگـەی کوردسـتانی داوە بـۆ مـاوەی پـتر لـە نیـو سـەدە، هەریـەك لـە بـواری کاری خۆیـدا. حـزب لـە هەوڵێکـی بەردەوامـدا بـوو لەپێنـاو دامەزراندنـی رێکخراوێکـی تایبـەت بـە هەریەکەیـان، تـا ئـەو رێکخراوانـە بـبن بـە ئامرازێـك بـۆ هۆشـیارکردنەوە و رێکخسـتن و هاندانیـان، هەروەهـا بـۆ داواکردنـی مافـە پیشـەییە رەواکانیـان و تایبـەت بـە توێـژە کۆمەڵایەتییـەکان، ئەمـە جگـە لـە قووڵکردنـەوەی هەسـتی نەتەوەیـی و کوردایەتـی، تـا ئـەو رێکخراوانـە بـبن بـە شـوورەیەکی پۆڵاییـن بـۆ بزوتنـەوەی رزگاریخوازیـی کـوردی و شـۆڕش و پارتـی خـۆی. لـەم روانگەیـەوە بـوو سـاڵی ١٩٥٢ یەکێتیـی ئافرەتانـی کوردسـتان دامـەزرا؛

پاش گرێدانی کۆنگرەی سێیەمی پارتمان لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٣ لە شاری کەرکووکی دلی زیندووی کوردستان، بڕیار درا رێکخراوە کوردستانییەکانی تر دابمەزرێن بەتایبەت یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان و دووای ئەوە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان و یەکێتیی جووتیاران و یەکێتیی کرێکاران و... هتد.

ئەمڕۆ یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و قوتابیان و لاوان و مامۆستایانی کوردستان دەیان هەزار ئافرەت و قوتابی و لاو و مامۆستا لە خۆ دەگرن. مەکتەبی ناوەندیی رێکخراوە جەماوەرییەکانی سەر بە حزبەکەمان بە شارەزاییە پیشەییە دوور و درێژەکەی پاڵپشتیی دەیان رێکخراوی جەماوەری و پیشەیی جیاواز دەکات.

وەك زانراوە گرنگی و رۆڵی ئەو رێکخراوانە رۆژ بە رۆژ زیاد دەکات؛ نەخاسمە لە بارودۆخی ئێستای کوردستاندا، کە حزبەکەمان سوورە لەسەر بەخەرجدانی ئەوپەڕی کۆششی خۆی لەپێناو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی دیموکرات، تێیدا گەلی کوردستان لە سەرجەم مافەکانی لە کاری سیاسی و رێکخراوەیی و سەندیکایی بەگوێرەی یاسا بەهرەمەند بێت، بەبێ حسابکردن بۆ تایبەتمەندییە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی و پیشەییەکان، بە سەروەریی یاسا تێیدا جیا دەکرێتەوە لەو رووەوە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی ئازاد، لەو روانگەوە ئازادیی دامەزراندنی رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان و سەندیکاکان یەکێکە لە رێسا بچینەییەکانی دیموکراسی.

مەكتەبی دیراسات و توێژینەوەی ناوەندی سەر بە پارتمان پارتی دیموكراتی كوردستان لە روانگەی بایەخدان بە گرنگی و رۆڵی رێكخراوە جەماوەری و پیشەییەكان لە چوارچێوەی كارنامەی خۆی لەم ساڵدا، باسی پرۆژەی (رێكخراوە جەماوەرییەكانی كوردستان ١٩٥٣-١٩٩١)، توێژینەوەیەكی بەرایی) كرد و داوا لە مامۆستا فەرهاد عەونی سكرتێری پێشتری یەكێتیی قوتابیانی كوردستان و ئەندامی مەكتەبەمان كرا توێژینەوەیەك دەربارەی بابەتەكە ئامادە بكات. ئەویش بە سوپاسەوە ئەم توێژینەوەیەی ئامادە كرد و بوو بە بابەتی ژمارە (٣٥)ی توێژینەوەكانمان و دەكەوێتە بەردەستی خوێنەرانی بەڕێز. خوازیارین بەم كارە لەخۆبوردوانەیە دەرگا واڵا بكرێت بۆ پێشكەشكردنی توێژینەوەی تری فراوان و پسپۆڕانەتر دەربارەی ئەم دیارە شارستانییە گرنگە، بەمەبەستی سوودبینین و قووڵكردنەوەی ئاستی زانستیی پاڵیوراوان و لایەنگران و جەماوەری حزبە تێكۆشەرەكەمان بەگشتی و دەوڵەمەندكرنی كتێبخانەی حزبەكەمان و كتێبخانەی كوردی بەم هەوڵە سادەیە. ئێمە چاوەڕوانی سەرنج و بۆچووونەكانی خوێنەرانی بەڕێزین.. لەگەڵ رێزماندا.

پارتی دیموكراتی كوردستان

مەكتەبی سیاسی

مەكتەبی دیراسات و توێژینەوەی ناوەندی

ئابی ١٩٩٩

# دەسپێك

ڕێکخـراوە جەماوەرییـەکان ڕۆڵێکـی کاریگـەر لـە ژیانـی گەلانـدا دەبینـن، ئەویـش بەهـۆی داینامیکییەتـی ئەندامانییـەوە کـە بـەزۆری سـەر بـە چیـن و توێـژی کۆمەڵایەتیـی جیـاوازن و سـەر بـە تەمەنەکانـی نێـوان (١٨-٣٥) و (٢٥-٤٥) یـان کەمێـك زیاتـرن کـە بـە قۆناغـە گرنگـەکان لـە ژیانـی مرۆڤـدا دادەنرێـن، ئـەو قۆناغانـە بـە جـۆش و خرۆشـی گەنجانـە جیـا دەکرێتـەوە کــە ماوەکانــی تــەواوکاری و پێگەیشــتنی بــەدوواد‌ا دێــت و گــەلان لــە هــەردوو پرۆسـەی بونیاتنـان و پەرەسـەندنی شارسـتانی و سـەرکردایەتیکردنی کۆمەڵگـە لـە ڕووە سیاسـی و ئابوورییـەکان و کارکردنەسـەر پەرەسـەندنی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان لەبـەر پلەبەندییـە چینایەتییـە جیاوازەکانیانـدا پێویسـتیان پێیانـە، بەتایبـەت لـە وڵاتانـی جیهانـی سـێیەمدا و لـە ژیانـی ئـەو گەلانـەی هێشـتا نەیانتوانیـوە قـەوارەی سیاسـیی خۆیـان دامەزرێنـن و هێشــتا لەژێـر سـایەی بەکۆیلەکـردن و ئینـکاری مافـە نەتەوەییەکانیـدا دەناڵێنــن و لـە هەلومەرجێکـی سـەختی سیاسـیدا، کـە پـاڵ بـە گرووپـە کۆمەڵایەتییەکانــەوە دەنێــت ریکخــراو و یەکێتیــی گرووپبەنــد و خــاوەن ئامانجــی هاوبــەش دامەزرێنــن و ئــەو ئامانجــە سیاســییانەیش پەســەند بکـەن کـە لەگـەڵ پەسـەندکردنی ئامانجـە پیشـەییەکاندا دەگونجێـت لـە چوارچێــوەی ڕێســا گشــتییەکانی کاری جەماوەریــی ڕێکخــراو و خــاوەن بنکـەی جەماوەریـی فراوانـدا، ئەمانـە ڕۆڵـی پێشـڕەوانەی خۆیـان لـە

سـەردەمی جیـاوازدا و لـە هەنـدێ ناوچـەی دیاریكـراو لـە وڵاتانـی ئاسـیا و ئەفریقیـا و ئەمەریـكای لاتینـدا دەبینـن، نەخاسـمە پـاش كۆتاهاتنـی جەنگـی جیهانیـی دووەم و بووژانـەوەی بیـرە دیموكراسـییەكان و كارلێكـە بونیاتییەكانیانـدا لـە دامەزراندنـی بناغـەكان و سـازكردنی زەمینـەی گونجـاو بـۆ لەدایكبوونـی ئـەو جـۆرە رێكخراوانـە، كـە بـە رەسـیدە جەماوەرییەكـەی قورسـاییەكی گـەورە بـۆ ژیانـی سیاسـیی گـەلان و بـۆ هێـزی حزبـەكان و ئـەو رێكخـراوە نیشـتمانییانە زیـاد دەكـەن كـە لەپێنـاو ئـازادی و ئینسـاف و دادپەروەریـی كۆمەڵایەتیـدا بانگەشـە و خەباتیـان دەكـرد.

لـەو رووەوە سرووشـتی كاری حزبـەكان -لەبـەر ئـەو هۆیانـەی بـاس كـران- بەشـێوەیەكی سـەرەكی پشـت بـە بەربڵاوتریـن گـرووپ و چینەكانـی تەمـەن لـە كۆمەڵگـەدا دەبەسـتێت، گرنگیـدان بـە پێكهێنانـی رێكخـراوی خـاوەن ئامانجـی پیشـەیی و نیشـتمانی جێگەیەكـی لـە كرۆكـی بازنـەی كاری سـتراتیژیی سـەركردەكانی ئـەو حزبانـەدا گرتـووە، لەبەرئـەوەی دەركیـان بـە گرنگیـی كاركـردن لەنێـو ئـەو ریـز و چیـن و توێژانـەدا كـردووە و دەكـەن كـە زۆرینـەی پێكهاتەكانـی گـەل پێـك دێنـن؛ سـەرەنجام رێكخـراو و یەكێتـی و سـەندیكا پیشـەییەكان پێـك هاتـوون و ئامانجـەكان لـە دارشـتەی هەمەجـۆردا بەگوێـرەی بارودۆخـی سیاسـی و كۆمەڵایەتیـی گـەل و نەتـەوە جیاوازەكانـدا گەڵاڵـە بـوون. لێـرەدا نابێـت رۆڵـی پێشـەنگانەی مەنزومـەی بلۆكـی دەوڵەتانـی سۆشیالیسـتی لـە بیـر بكەیـن كـە پێشـەنگ بـووە لـە پێكهێنانـی رێكخـراوەكان لەنێـوان هـەردوو

جەنگە جیهانییەکەدا و کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لە گەڵاڵەکردنی بیرۆکەکان بۆ لەدایکبوونی ئەو جۆرە ڕێکخراوانە لە ژیانی گەلاندا لە قۆناغە جیاوازەکانی سەدەی بیستەمدا.

سرووشتی کاری ڕێکخراو و یەکێتییەکان بەزۆری نموونەیەکی بچووککراوەی پەیکەر و کاری حزبەکانی گەلانی بەشی رۆژهەڵاتی جیهان وەردەگرن؛ کە مۆرکی سیاسی بەسەریدا زاڵە و لەژێر کاریگەریی کەشوهەوا سیاسییەکان و هەلومەرجی دەوروبەریاندان، بەپێچەوانەی کار و سرووشتی ڕێکخراو و یەکێتییەکان لە دەوڵەتانی سەرمایەداریدا کە مۆرکی پیشەییانە و شێوازە سەندیکاییە پەتییەکان بەسەریدا زاڵە، ئەمە جگە لە فرەیی ڕێکخراوەکان سەبارەت بە گرووپێك (فئة) یان چینێك و بەزۆری چوارچێوەیەکی پەیکەربەندی گشتی (فیدراسیۆن) کۆیان دەکاتەوە.

سەبارەت بە عێراق هەندێ ئاماژە هەن لەبارەی ڕۆڵی قوتابیان و لاوان و کارکردن لەسەر بەرپاکردنی شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ و تاودان بە حەماسەتی نیشتمانی لەنێو ناوەندەکانی گەلدا لە ڕێی گوتار و قەسیدە شیعرییە خاوەن مۆرکە سیاسییەکانەوە، کە زەینەکانی لە مەترسیی ئیمپریالیزم و مەرجەکانی ئینتیداب وریا کردەوە کە هاتبوو بۆ چەسپاندنی ڕێکەوتنامەی نهێنی سایکس-پیکۆی ساڵی ١٩١٦ کە لە کۆنگرەی سان ریمۆدا لە ٢٥ی نیسانی ساڵی ١٩٢٠ بڕیار درا بە سەپاندنی ئینتیدابی بەریتانیا لەسەر عیراق، بەڵام ئەو ئاماژانە هەندێك شتی

گشتییان هێنا لەبارەی ڕۆڵی کۆمەڵانی گەل لە بەرەودان بە گیانی شۆرش و یاخیبوون لە سەرتاسەری عێراق بە ویلایەتی موسڵیشەوە (کوردستانی ئێستای عیراق تا رادەیەك) کە پاشتر بە زۆر لکێنرا بە دەوڵەتی عیراقەوە و ئەو کاتە ریکخراو یان سەندیکا نەبوون ئەرکی ئەنجامدانی کاری جەماوەری رێکخراو بگرنە ئەستۆ، ئەوەی هەبوو تەنها بریتی بوو لە هەندێ کار و چالاکی تاکەکەسی هەندێ لە قوتابیان یاخود گرووپی بچووك بچووکی کرێکاران ئەنجامیان دەدا لە چوارچێوەی ئەو دۆخەی هۆشیاریی سیاسی بۆ عێراقییەکانی دروست کردبوو. لەو کاتەدا دۆخەکە بەو شێوەیە بەردەوام بوو تا سەرەتاکانی بەرپابوونی جەنگی جیهانی دووەم، ئەوکات چەند سەندیکایەکی کرێکاری لە بەغدا و چەند شارێکی گەورەی خاوەن بنکەی ئابووری و پیشەسازییە بەرچاوەکان سەریان هەڵ دا و چەند مانگرتنێك رێکخران بە مەبەستی داواکرنی زیادکرنی کرێ و چاککردنی ئاستی گوزەران، ئەمە لە کاتێکدا رۆڵی قوتابیان دەرکەوت بەڵام بەبێ بوونی رێکخستنێکی قوتابییانە لە ساڵی ١٩٤٤ کاتێك داوای پێکهێنانی یەکێتییەکی قوتابیانیان لە حکوومەتی عێراق کرد تا بە پیشاندانی چالاکییەکانی بەشداری بکات، بەڵام داواکەیان رەت کرایەوە. خانەی باڵای مامۆستایان کە دوواتر بوو بو کۆلێژی پەروەردە کە بە یەکەمین ناوەندی قوتابیان دادەنرێت کە هۆڵەکانی چالاکییە فراوانەکانی قوتابیانیان بەخۆوە بینی؛ سەرەتا لە چوارچێوەی پێکهێنانی لیژنەکانی قوتابیانەدا، پاشان ئەرکی ئەوەیان

گرتـە ئەسـتۆ داوا لــە دەسـەڵاتداران و بەتایبــەت وەزارەتــی مەعاریــف بکـەن بـۆ پێکهێنانـی یەکێتییەکـی گشـتیی قوتابیـان. ئـەو هەوڵانـە سـەرەتا سـەرکەوتوو نەبـوون، بـەڵام بـەردەوام بوونـی جموجووڵـی جەماوەریـی گشـتی، کـە قوتابیانـی کۆلێژەکانـی بەغـدا رۆڵێکـی بەرچاویـان تێـدا هەبـوو، بـووە هـۆی گەڵاڵـە بوونـی بیرۆکـەی دامەزراندنـی یەکێتییەکـی گشـتیی قوتابیانـی عێـراق، کـە سـەرجەم قوتابیانـی عێـراق، بـە نەتـەوە و ئاراسـتە فیکرییـە جیاوازەکانیانـەوە لەخـۆ بگرێـت، ئـەوە بـوو کـە لـە ١٤ی نیسـانی ١٩٤٨ رووی دا، کۆبوونەوەیەکـی گشـتیی قوتابیـان لـە گۆڕەپانـی (السـباع) -کـە دەکەوێتـە ئـەو شـەقامە فەرعییـەی لـە شـەقامی شـێخ عومـەر و شـەقامی غـازی (پـاش شۆرشـی ١٤ی تەممـوزی ١٩٥٨ گـۆڕا بـۆ شـەقامی الکفـاح)- لـە شـاری بەغـدا کـرا و لـە کۆتایـی کۆبوونەوەکـەدا دامەزراندنـی رێکخراوێکـی قوتابیانـی عێراقـی (یەکێتیـی گشـتیی قوتابیـان) راگەیانـد، پـاش شۆڕشـی ١٤ی تەممـوزی ١٩٥٨ ناوەکـەی گـۆڕا بـۆ (یەکێتیـی گشـتیی قوتابیـان لـە کۆمـاری عێـراق)، کـە قوتابیانـی کـورد بەشـدارییان لـە دامەزرانـدن و چالاکییەکانـی لـە کۆلێـژە جیاوازەکانـی زانکـۆی بەغـدادا کـرد، بـەڵام ئاراسـتەی نەتەوەیـی عەرەبـی قوتابیـان بایکۆتـی کـرد.

دامەزراندنـی یەکێتیـی گشـتیی قوتابیـان بـە یەکەمیـن بـەردی بناغـە دادەنرێـت لـە رێکخسـتنی بزوتنـەوەی قوتابیانـی عێراقـی، کـە ئامانجـە پیشـەییەکان و خواسـتەکانی قوتابیانـی عێراقـی بـە گشـتی تەبەنـا دەکات، ئـەوە بـوو رۆڵێکـی گـەورەی هەبـوو لـە بەرەنگاریکردنـی پەیماننامـەی

(بـــۆرت ســـموث) هەبـــوو کـــە پاشـــتر گـــۆڕا بـــۆ راپەڕینێکـــی بەهێـــز و ناونـــرا ڕاپەڕینـــی کانوونـــی ســـاڵی ١٩٤٨ و ئاکامەکـــەی هەڵوەشـــاندنەوەی ئـــەو پەیماننامەیـــە و دەســـت لـــەکار کێشـــانەوەی ســـەرۆکوەزیرانی ئەوکاتـــی عێـــراق (ســـاڵح جەبـــر) بـــوو کـــە تێـــدا ئـــەو قوتابییـــە کوردانـــەی لـــە کۆلێـــژ و ئامادەییەکانـــی بەغـــدادا دەیانخوێنـــد رۆڵێکـــی بەرچاویـــان هەبـــوو لـــەو بەرنگاربوونەوەیـــەدا.

# رێکخراوە جەماوەرییە کوردستانییەکان

لەگـەڵ سـەرەتاکانی لەدایکبوونـی حـزب و کۆمەڵـە کوردییـەکان پـاش دروسـتبوونی دەوڵەتـی عێراقـی، ناوەنـدە رۆشـنفیکرەکان بەتایبـەت ئـەو کەسـانەیان لـە ئیسـتەنبوڵ گەڕابوونـەوە، هەروەهـا قوتابیانـی قوتابخانـەکان لـە کوردسـتان و رۆشـنبیرانی لاو رۆڵێکـی سـەرەکییان لـە پێکهێنانـی ئـەو حـزب و کۆمەڵانـەدا بینـی بەهـۆی ئـەو پەرەسـەندن و روداوانـەی ئـەو کاتـە سـەریان هـەڵ دا و کوردسـتان لـە دەرهاویشـتەکانی بـەدوور نەبـوو، سـەرەنجام ئـەو ناوەندانـە هەسـتیان بـە قورسـایی ئـەو غـەدرە کـرد کـە لـە رووی مێژووییـەوە و لـە قۆناغـە جیاوازەکانـدا لـە کـورد کـراوە، ئەوەیـش وای لـە رۆشـنفیکران کـرد بانگەشـە بـۆ پێویسـتی دامەزراندنـی کۆمەڵـەی خـاوەن ئاراسـتەی نەتەوەیـی بکـەن، کـە ئەرکـی سـەرکردایەتیکردنی بەیداخـی بانگەوازەکـە بگرێتـە ئەسـتۆ جارێـك بـە سـەربەخۆیی و جارێکـی تـر بـە داواکردنـی بەدیهێنانـی مافـە نەتەوەییـەکان، لـەو کۆمەڵانـە (کۆمەڵـەی کوردسـتان) کـە سـاڵی ١٩٢٢ لـە کۆمەڵێـك رۆشـنبیری شـاری سـلێمانی پێـك هـات بەسـەرۆکایەتیی مسـتەفا پاشـا یامولکـی. ئامانجـی ئـەم کۆمەڵەیـە پشـگیریکردنی بزوتنـەوەی شـێخ مەحمـوودی حەفیـد و هۆشـیارکردنەوەی ناوەنـدە کوردییـەکان بـوو لـەو دۆخـەی گەلەکەیـان لـە ئەنجامـی ئـەو غـەدرەی لێیـان کـراوە پێـی گەیشـتووە. کۆمەڵەکـە پاشـتر رۆژنامـەی "بانگـی کوردسـتان"ی دەرکـرد. لێـرە و لەوێیـش کۆمەڵـەی خـاوەن مۆرکـی

سیاسی دامەزران، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئەو کاتی کۆمەڵگەی کوردییەوە نەیانتوانی لە کارەکانیان بەردەوام بن، لە دیارترین ئەو کۆمەڵانەی ڕۆشنبیران و قوتابیانی کورد لە قوتابخانە و پەیمانگەکانی بەغدا دایانمەزراندن، (کۆمەڵەی لاوان) بوو، کە دوو ژمارەی گۆڤارەکەی بە ناوی (دیاریی لاوان) بە زمانی کوردی دەرکرد.

لاوان هەروەها بەشدارییان لە پێکهێنانی ڕێکخراوی (ئازادی کورد) دا کرد ساڵی ١٩٣٨. ئەو قوتابییە کوردانەی لە کۆلێژی ئەندازیاری دەیانخوێند کۆمەڵەیەکی تری خاوەن ئاراستەی نیشتمانی و نەتەوەییان بەناوی (کۆمەڵەی ئازادی) دامەزراند. هەروەها لاوان و قوتابیانی کورد بەشدارییەکی گەورەیان لە ڕێکخراوی (دارکەر) ساڵی ١٩٣٧ و حزبی هیوا (ساڵی ١٩٣٩)دا کرد، بەڵام لە سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوودا چەند کۆمەڵە و ڕێکخراوێکی قوتابیان سەریان هەڵ دا. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە بوونی گردبوونەوە یاخود کۆمەڵەی قوتابیانی بچووك بچووك بدەین لێرە و لەوێ، کە لە ژێر کاریگەریی ئایدیا چەپ و دیموکراسییەکاندا بوون بەتایبەت لە سەرەتاکانی چلەکانی سەدەی بیستەمدا. لەو ڕووەوە مامۆستا عوسمان موستەفا خۆشناو کە خەڵکی شاری کۆیەیە و ساڵی ١٩٢٦ لەوێ لەدایك بووە دەڵێت: "کۆمەڵەیەکی قوتابیان لە قوتابیانی قوتابخانەی کوڕانی کۆیەی یەکەم بە ناوی (کۆمەڵەی دەنگ) دامەزرا، لە سەرکردەکانی: غەفوور حاجی یەحیا کەمال ڕەشید حەوێزی، واحید سدیق، مەحموود فەقێ ساڵح، سەعید

مەلا ئەحمەد بوون. لە پایزی ساڵی ١٩٤٢ کۆبوونەوەیەکی نهێنییان لە ماڵی عوسمان مستەفا خۆشناو لە گەڕەکی بایز ئاغا کرد بە ئامادەبوونی کۆمەڵێك قوتابی، کە جگە لەو ناوانەی لە سەرەوە باس کران بریتی بوون لە قوتابیان: عەبدولخالق فەتاح حەوێزی، محەمەد تۆفیق وەردی، باباشێخ کاکە شێخ ساڵح، کاکە فەرەنسیس و هی تر. کۆمەڵەکە بڵاوکراوەیەکی نهێنی دەرکرد کە دروشمە ناوەندییەکەی بریتی بوو لە: "بەردەوام بخوێنن، بخوێنن، بخوێنن- بژی کورد و کوردستان". کۆمەڵە لقی لە قەڵادزێ و رانیە و تەق تەق هەبوو، بەشداری لە چالاکییەکانی کردنەوەی قوتابخانەکان و قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری و پێشکەشکردنی یارمەتی بە قوتابیانی هەژار دەکرد، کە قوتابیان و لاوان لەپاڵ رۆشنبیران و ئەفسەرانی نیشتیمانپەروەری کورددا رۆڵێکی گەورەیان دەبینی بە بەراورد بەو رێکخراو و کۆمەڵانەی پێش ئەو مێژوە دەرکەوتبوون. رۆڵی قوتابیان و لاوان بە حوکمی بوونیان لە پایتەخت و شارە گەورەکان، بە تایبەت لە کۆلێژەکانی زانکۆی بەغدا و قوتابخانە ئامادەییەکانی شارەکان کاریگەری ئەرێنی گەوری هەبوو، ئەویش لەبەر تێکەڵییان و کارلێکیان لەگەڵ ئەو ئایدیایانەی لەبەر هۆی زانراو لەو ناوەندانەدا سەریان هەڵدەدا، لەو رووەوە قوتابیان و لاوان و رۆشنبیران پێش لە کەسانی تر -هێشتایش وان- دەکەوتنە ژێر کاریگەری ئەو پەرەسەندنە سیاسی و فیکرییانەی لە گۆڕەپانە سیاسییەکەدا روویان دەدا، لەبەر ئەوە بوون بە هەوێنی بڵاوکردنەوەی

بیـرە ئازادیخـوازەکان و داواکردنـی مافـە نەتەوەییـەکان پشـتگیریکردنیان بـە روخسـاری نـوێ و پشـتیوانیکردنیان لەوکاتـەوە تـا ئەمـڕۆ.

ئـەم دۆخـە بـەردەوام بـوو، واتـە دۆخـی بەشـداریکردنی قوتابیـان و لاوان شانبەشـانی کەرتەکانـی تـری کۆمەڵگـەی کوردسـتان لـە دامەزرانـدن و پێکهێنانـی کۆمەڵـە و ڕێکخـراو و حزبەکانـدا. ڕێکخـراوی جەمـاوەری تایبـەت بـە چیـن و توێـژە کۆمەڵایەتییـەکان لـەو کاتـەدا نەبـوو، چونکـە پرسـە سـەرەکییەکە لـە دەوری ئامانـج و داواکارییـە نەتەوەییـەکان دەسـووڕایەوە. لـە لایەکـی تـرەوە چەوسـاندنەوەی گەلـی کـورد و دابەشـکردنی وڵاتەکـەی لـەو ئەرکـە لەپێشـینانە بـوو کـە سـەرجەم کەرتەکانـی گەلـی کـورد بـەم یـان بـەو پلـە لـە ئەسـتۆیان گرتبـوو و خەباتیـان لەپێنـاو نەهێشـتنی ئـەو غـەدرە مێژوویـەدا دەکـرد، چونکـە ئـەو چەوسـاندنەوەییەی بەسـەر گەلـی کـورددا هـات چەوسـاندنەوەیەکی نەتەوەیـی بـوو، سـەرجەم توێژەکانـی کۆمەڵگـەی کـوردی دەگرتـەوە و بـواری بـەوە نـەدەدا پەیـڕەو و داواکارییـە پیشـەییەکان بخرێنـە روو، چونکـە ئـەو گەلـەی تووشـی ئـەو ئەندازەیـە لـە چەوسـاندنەوە و حاشـاکردن لـە مافـەکان ببێـت چیـن و توێژەکانـی ناتوانـن خۆیـان بـە داواکارییـە پیشـەییەکانەوە سـەرقاڵ بکـەن، شـێوەی ئـەو چەوسـاندنەوەی تووشـی گەلـی کوردیـش بـوو چەوسـاندنەوەیەکی نەتەوەیـی گشـتگیر بـوو کـە هەمـوو شـتێکی تـری داپۆشـی.

لەلایەکـی تـرەوە لەسـەر گۆڕەپانـی سیاسـیی نێودەوڵەتـی ڕێکخـراو و کۆمەڵـەی قوتابیـان و لاوان و ئافرەتانـی وا بەهێـز نەبـوون کار لـە کۆمەڵگـەی

کـوردی ناوخۆیـی و عێراقـی بـە گشـتی بکـەن؛ ئـەو کۆمەڵـە و یەکێتییانـە پـاش جەنگـی جیهانـی دووەم سـەریان هەڵـدا. لـە ئەنجامـی بڵاوبوونـەوەی ئایدیاکانـی ئـازادی و سـەربەخۆیی گـەلان بـە شـێوەیەکی بەرچـاو، بـو یەکـەم جـار یەکێتییـە جیهانییەکانـی ڕێکخراوەکانـی لاوان و قوتابیـان و ئافرەتـان سـاڵی ١٩٤٥ سـەری هـەڵ دا و لەژێـر کاریگەریـی بیـر و تێـز و شـێوازەکانی کارکردنـی ڕێکخـراوەکان لـە دەوڵەتانـی بلۆکـی سۆشیالسـتی و لـە پێشـیانەوە یەکێتـی سـۆڤیەتدا بـوون، پـاش ئـەوە گواسـتیانەوە بـۆ کۆمەڵگەکانـی ئەوروپـای ڕۆژهـەڵات و لەوێیشـەوە بـۆە کۆمەڵگەکانـی ئاسـیا و ئەفریقـا و ئەمەریـکای لاتینـی.

لـە عێـراق، وەك باسـمان کـرد پێـش ناوەڕاسـتی چلەکانـی سـەدەی بیسـتەم ڕێکخـراوی مەرکەزیـی تایبـەت بـە توێـژ و گرووپـە کۆمەڵایەتییـە جیـاوازەکان نەبـوون، جگـە لـە هەنـدێ سـەندیکای بچـووك و پیشـەییانەی کرێـکاران و خـاوەن ئامانجـی پیشـەییانەی هاوبـەش، بەتایبـەت لـە شـارە گەورەکانـدا. جووتیارانیـش بەهەمـان شـێوە، یەکێتییەکـی جووتیـاران لەسـەر ئاسـتی عێـراق نەبـوو تـا پـاش بەرپابوونـی شۆڕشـی تەممووزی سـاڵی ١٩٥٨، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەیشـدا کرێـکاران و جووتیـاران و قوتابیـان و مامۆسـتایان و ئافرەتـان پێـش سـەرهەڵدانی یەکێتـی و سـەندیکا پیشـەییەکان بەشـدارییەکی کاریگـەر و بەهێزیـان لـە پێکهێنانـی حـزب و کۆمەڵـە سیاسـییەکاندا کـرد. سـاڵی ١٩٤٨ بـە سـەرەتای لەدایکبوونـی یەکەمیـن ڕێکخسـتنی قوتابیانـی عێـراق دادەنرێـت بەنـاوی یەکێتیـی گشـتیی قوتابیـان و قوتابیانـی کـورد

بەشدارییەکی گەوەیان تێدا کرد و دامەزراندنی ئەو یەکێتییەی قوتابیانیان پیرۆز کرد وەك دەسکەوتێکی قوتابیانی عێراق بەگشتی و دەروازەیەك بۆ داواکردنی مافەکانیان و پەسەندکردنی دروشمەکانیان. ڕەنگە مرۆڤ بپرسێت بۆچی حزب و کۆمەڵە کوردییەکانی ئەوکات دەستپێشخەرییان نەکرد لە سازکردنی کەشوهەوای لەبار بۆ سەرهەڵدانی ئەو جۆرە ڕێکخراوە جەماوەرییە کوردستانییانە، تا پێش لەو مێژووە یان لەو مێژووەدا ڕێڕەوی خۆیان لە کاری پیشەیی و نیشتمانی بگرنە بەر؟.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە پێویستە لە دۆخی سیاسیی عێراق بەگشتی و لە قەبارە و هێزی بزوتنەوەی نیشتمانیی کورد و دۆخی کوردستان بەتایبەت بکۆڵینەوە و ئامانجە ناوەندییەکانی دیاری بکەین؛ تا بتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە. لە شیکردنەوەدا ئەم خاڵانە دەردەکەون:

١- لە شیکردنەوەی بارودۆخی سیاسیی عێراقدا دەردەکەوێت بزوتنەوەی نیشتمانیی عێراق بەگشتی بەو شێوەیە پەرت نەبوو کە ئەمڕۆ دەیبینین، حزبە سیاسییەکان لەسەر ئامانجێکی گشتی کۆك بوون کە بەدەوری بانگەشەکردن بۆ دیموکراسی و چاکسازی لە هەموو ڕووەکانەوە، پەرەدان بە سیستمی پەرلەمانی بەشێوەیەکی دیموکراسییانە، چاکردنی باری گوزەران و ئازادیی حزبەکان و ڕۆژنامەگەری و مسۆگەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا دەخولایەوە. لە قۆناغەکانی پاشتریشدا بانگەواز و کارکردن بۆ بەگژاچوونەوەی ڕژێمی پاشایەتیی وابەستە

بـە ناوەنـدە خۆرئاواییەکانـەوە، خەباتـی عێراقییـەکان بـەدەوری هەنـدێ ئامانجـی گرنگـدا دەخولانـەوە کـە بەسـەر ئاراسـتە گشـتییەکانی حزبـە سیاسـییەکانی زاڵ بـوون، کـە ئەوکاتـە لـە حزبـی شـیوعیی عێـراق و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و حزبـی نیشـتمانی دیموکـرات و حزبـی سـەربەخۆیی عێـراق و حزبـی بەعسـی عەرەبـی سۆشیالیسـتدا خۆیـان دەنوانـد؛ ئـەم دوو حزبـەی دوایـی رەسـیدێکی گەورەیـان لـە ناوەنـدە گشـتییەکاندا نەبـوو بەپێچەوانـەی سـێ حزبـی یەکـەم کـە لـە گۆڕەپانـە سیاسـییەکەدا خـاوەن هەژمـوون و جەمـاوەری گـەورە بـوون و لەبـەر پێنەگەیشـتن و کامڵنەبوونـی هەلومەرجـە بابەتییەکانـی لەدایکبوونـی ئـەو جـۆرە رێکخـراوە جەماوەرییانـە؛ دروشـمە سیاسـییە گشـتییەکانیان بـەرز دەکـردەوە، چونکـە سرووشـتی ئـەو قۆناغـە لـە بنەڕەتـدا تەنهـا کاری ئـەو حزبانـەی دەخواسـت کـە چیـن و توێـژە جیاوازەکانـی کۆمەڵگـەی عێراقـی چووبوونـە ریزیـان.

٢- کۆمەڵـە و حزبـە سیاسـییە کوردسـتانییەکان لەپێنـاو مافـە نەتەوەییەکاندا تێدەکۆشـان و بـەزۆری پێکهاتبـوون لـە رۆشـنبیران یـان قوتابیانـی ئامادەیـی و پاشـان قوتابیانـی کۆلێـژەکان و ئەفسـەران و ئەفسـەرانی.. (ضبـاط الصـف) ی خـاوەن پلـە، بەتایبـەت لـە قۆناغـە بەراییەکانـدا تـا کۆتایـی سـییەکانی سـەدەی بیسـتەم کاتێـك حزبـە خـاوەن مۆرکـە نەتەوەیـی و دیموکراسـییەکان دامـەزران، وەك حزبـی هیـوا و رزگاری و پاشـان دامەزراندنـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، کـە توانـی گەورەتریـن ئاپـۆرا لـە سـەرجەم چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵگـەی کوردسـتان و حـزب و گردبوونـەوە سیاسـییەکانی

تــر لــە دەوری خــۆی کــۆ بکاتــەوە و بــە لێوەشــاوەیی ســەرکردایەتیی خەباتــی گەلــی کوردســتانی بــەرەو ئامانجــی خــوازراو بــکات. سرووشــتی کاری حــزب و پێکهاتــە سیاســییەکان پێــش لەدایکبوونــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان تــەواو جیــاواز بــوو، ئەویــش بەحوکمــی بارودۆخــی سیاســی و رادەی پێگەیشــتنی کەشــوهەوای گونجــاو بــۆ لەدایکبوونــی رێکخــراوە جەماوەرییــەکان. ئــەو حزبانــە راپەڕاندنــی ئەرکــی نەتەوەییــان گرتــە ئەســتۆ، کــە داواکارییەکانــی قوتابیــان و جووتیــاران و کاســبکاران و رۆشــنبیران و فەرمانبەرانــی دەوڵەتیشــی دەگرتــەوە. بەکورتــی، پێــش ئــەو مێــژووە نــە زەمینــە و نــە بارودۆخــی سیاســیی بابەتــی هێشــتا بــۆ لەدایکبوونــی ئــەو رێکخراوانــە بەشــێوەیەکی مەرکــەزی و گرووپبەنــد پێنەگەیشــتبوون.

٣- ئاراســتەی چــەپ کــە لــە دروشــمەکانی حزبــی شــیوعیی عێــراق و ئــەو حــزب و کۆمەڵانــەدا خــۆی دەنوانــد و مارکســیزمیان پەیــڕەو دەکــرد و ســوودیان لــێ دەبینــی؛ بەســەر ئاراســتە گشــتییەکانی گۆڕەپانــی سیاســیی عێراقــدا زاڵ بــوو، کــە ئــەم رەوتــە بــۆ پەســەندکردنی پێکهێنانــی رێکخــراو و یەکێتــی و ســەندیکاکان لەســەر بناغــەی نەتەوەیــی دڵگــەرم نەبــوو و دەیانگــوت ناکرێــت خەباتــی جووتیــاران و کرێــکاران و توێژەکانــی تــر پارچــە پارچــە بکرێــت، بــە پاســاوی ئــەوەی گەلــی عێــراق یەکەیەکــی تــەواوکارە و یــەك گەلــە و پێویســت نــاکات رێکخــراوی جەمــاوەری لەســەر بناغــەی نەتەوەیــی دامەزرێــن.

٤- پێنەگەیشــتنی بیرۆکــەی پێکهێنانــی رێکخــراوەی جەماوەریــی

کوردستانی لەلایەن ئەو حزب و سەرکردایەتییانەی پێش لەو مێژووە لە گۆڕەپانی کوردستان خۆیدا سەریان هەڵ دا و چالاکییە نیشتمانییەکان لە کاری حزبە کوردییەکاندا بەشێوەیەکی گشتی قەتیس بوو، کە ئامانجی سەرەکییان هەڵگرتنی ستەمکارییەکان و داواکردنی مافە نەتەوەییەکان بوو و ئامانجە پیشەییەکانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە کارە لەپێشینە بنچینەییەکانیان نەبوون، هاوکات رێکخراوی پیشەیی عێراقی نەبوون جگە لە هەندێ سەندیکای پیشەیی کرێکاران لە هەندێ لە شارە گەورەکاندا، لەو کاتەدا هیچ بەربەست لەنێوان کاری پیشەیی و کاری سیاسیدا بەمانا گشتییەکە نەبوو.

لەبەر ئەو هۆیانەی باس کران رێکخراو یان سەندیکای پیشەیی لە ناوەندە کوردستانییەکەدا بەشێوەیەکی مەرکەزی و گشتی سەری هەڵنەدا، بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد کۆمەڵێك ئامانجی مەرکەزی هەبوو بەسەر کاری سیاسیدا زاڵ بوون و کۆششەکان لە چوارچێوەیەکی نەتەوەیی گشتیدا چڕ کرابوونەوە، پێکهاتەی حزب و تەوژمە کوردییەکان لە لاوانی هۆشیار و قوتابیانی ئامادەییەکانی کوردستان و قوتابیان و دەرچووانی کۆلێژەکانی بەغدا کە چووبوونە سلکی وەزیفی و ژمارەیەك ئەفسەری کورد و زابت سەفی نیشتمانیی ئەو قۆناغە -لەو رووەوە لەگەڵ کەشوهەوای سیاسیی گشتیدا بەرکەوتنیان هەبوو- پێك هاتبوون.

سەرباری لەدایکبوونی پارتی دیموکراتی کورد و پاشتر پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئابی ساڵی ١٩٤٦ ئەو دۆخە هەر بەردەوام

بـوو، ئەویـش بەهـۆی بەردەوامیـی هەلومەرجـی رابـردوو و ئـەو بارودۆخـە سـەختەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە سـەرەتای دامەزراندنیـدا بەهـۆی بوونـی دامەزرێنـەر و سـەرکردەکەی "بارزانـی نەمـر" لـە پارچەیەکـی تـری خاکـی کوردسـتان تێیـدا دەژیـا، کـە ئەرکـی پاراسـتن و بەرگریکـردن لـە (کۆمـاری مهابـاد)ی گرتبـووە ئەسـتۆ کـە پایتەختەکـەی شـاری (مهابـاد) بـوو، سـەرەتا لەکاتـی دامەزراندنـی و راگەیاندنـی لەدایکبوونـی لـە ٢٢ی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٤٦ پـاش کشـانەوەی چەکدارەکانـی لـە گۆڕەپانـی کوردسـتان-عێراق، کـە بـوون بـە هێـزی سـەرەکیی کۆمـاری کوردسـتان و لـە پێنـاو بەرگـری لێکردنیـدا گەورەتریـن قوربانییـان دا دووای چوونیـان بـۆ نـاو کوردسـتانی ئێـران لـە ١١ی تشرینـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٤٥، ئەمـە جگـە لـە بوونـی کێشـە و گرفـت و پەیدابوونـی دەسـتەگەری لەنـاو سـەرکردایەتیی پارتیـدا و ئـەو هێرشـە سـەختەی رووبـەڕووی بزوتنـەوەی نیشـتمانیی کـورد بوویـەوە و راگەیاندنـی بـاری نائاسـایی (ئەحکامـی عورفـی) لـەو قۆناغـەدا، کـە هەلومەرجێکـی زۆر دژواری خولقانـد تـا گرێدانـی کۆنگـرەی سـێیەمی حزبەکـە لـە ٢٦ی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٥٣ لـە شـاری کەرکـووك.

یەکێـك لـەو بابەتانـەی خرانـە کارنامـەی کۆنگـرە دیراسـەکردنی گرنگیـی دامەزراندنـی رێکخـراوە جەماوەرییـە کوردسـتانییەکان بـوو، سـەرەنجام کۆنگـرەی سـێیەم چەنـد بڕیارێکـی زۆر گرنگـی دەرکـرد، لەوانـە پێویسـتیی کاراکردنـی ناوەنـدی جەمـاوەری و سـازکردنی کەشـوهەوایەکی لەبـار بـۆ سـەرهەڵدانی رێکخـراوە دیموکراسـییە جەماوەرییـەکان، ئەویـش لەبـەر

گرنگیی رۆڵیان لە کۆمەڵگەی کوردستان و ژیانی سیاسیی بەگشتی و تەواوی کەرتەکانی کۆمەڵگەدا.

ئەڵبەت لێرە و لەوێ هەوڵ هەبوون بۆ دامەزراندنی گردبوونەوەی لۆکاڵی بەتایبەت لە ناوەندی قوتابیان لە هەندێ شاری کوردستان و بەغدای پایتەخت لەلایەن ئەو قوتابییە کوردانەی هەستیان بە ستەمدیدەیی گەلەکەیان و پێویستیی کارکردن لەپێناو رزگارکردنی کورد دەکرد لە جێبەندی گشتیی حەماسی گەنجانەدا کە هزر و خەونەکانی نەوەی نوێی لاوان داگیر دەکات. لێرەدا وەك نموونە بەدەق ئەوە دێنینەوە کە لە کتێبی "بزوتنەوەی قوتابیانی کورد لە عێراق ١٩٢٦-١٩٧٠) لە نووسینی (ماجید حەسەن عەلی) هاتووە؛ کە دوو لاپەڕەی تەواوی بۆ (پێکهێنانی رێکخراوی قوتابیانی کورد) (K.P.X) (کۆمەڵەی پێشکەوتنی خوێندەواری) ساڵی ١٩٤٦ لە کۆیە تەرخان کردووە، لەبەر گرنگییەکەی وەك خۆی لێرەدا تۆماری دەکەین: "پاش ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردی (پارتی) لە کوردستان چالاکی پەیدا کرد، قوتابیان هەوڵیان دا رێکخراوانی قوتابیان لە کوردستان دامەزرێنن و لەوەدا ئاراستەی پارتی بکەنە بناغەی خۆیان. لەو چوارچێوەیەدا ساڵی خوێندنی ١٩٤٦-١٩٤٧ قوتابیانی قوتابخانەی یەکەمی کۆیە لە کۆیە رێکخراوێکی قوتابیانیان دامەزراند "کۆمەڵەی پێشکەوتنی خوێندەواری" (K.P.X) ئەویش پاش ئەوەی لە تەکیەی تاڵەبانی لە کۆیە کۆبوونەوە و سوێندی وەفادارییان بۆ کۆمەڵەکە خوارد. دامەزرێنەرەکەی جەلال

حوسامەدین (جەلال تاڵەبانی) و وریا عەلی کانی مارانی و خالید دلێر و سابیر عەبدوڵا و ئەمیر عەبدولکەریم بوون، دووای ئەوە کۆمەڵەکە فراوان بوو و ژمارەیەکی تر قوتابی لەخۆ گرت لەوانە هێمن سدیق و سدیق ساڵح و جەمال جەمیل. ساڵی پاشتر ژمارەی ئەندامان زیادی کرد.

سەبارەت بەو هۆ و فاکتەرانەی بوونە پاڵنەر بۆ پێکهێنانی (K.P.X) مامۆستا جەلال تاڵەبانی لە یاداشتەکانیدا کە بە زمانی کوردی لە گۆڤاری (خاك) ژمارە (١٠) لە ١٠ی نیسانی ساڵی ١٩٩٨دا بڵاو کراونەتەوە، لە لا١٢دا دەڵێت: "کاتێك ساڵی خوێندنی ١٩٤٦-١٩٤٧ دەستی پێ کرد داوا لە مامۆستا (کەمال نەشئەت) کرا کە مرۆڤێکی چالاك و مامۆستای وەرزش بوو، من لە بواری وەرزشدا لە یاریی تۆپی سەرمێزدا چالاك بووم و کردمی بە بەرپرسی ئەو یارییە کە هەر یارییەك (٤ فلس)ی تێدەچوو و پارەکە بۆ کڕینی کەلوپەلی وەرزشی کۆ دەکرایەوە. ڕۆژێکیان مامۆستا کەمال بانگی کردین (من و هاوڕێ و هاوپۆلەکەم وریا کانی مارانی) بۆ ماڵی خۆی و هانی داین بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی قوتابیان بەناوی "کۆمەڵەی پێشکەوتنی خوێندەواری" (K.P.X)، ئێمەیش لای خۆمانەوە بە بیرۆکەکە خۆشحاڵ بووین و کەوتینە پەیوەندیکردن بەو قوتابیانەی پۆلی پێنجەم و شەشەمی سەرەتاییەوە کە متمانەمان پێیان هەبوو، دووای ئەوە بانگمان کردن بۆ بینای "تەکیەی تاڵەبانی" لە کۆیە و پاش سوێندخواردنی قوتابیانی

ئامادەبـوو کۆمەڵـەی (K.P.X) دامـەزرا؛ پاشـتر زانیـمان ئـەو هەنـگاوە بـە دەستپێشـخەریی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـووە و هەڵبژاردنمـان لـە چوارچێـوەی چالاکییەکانـی حزبـدا بـووە، ئەمـە جگـە لـە ئەنجامدانمـان بـۆ چالاکـی تـر، لەوانـە هاندانـی قوتابیـان بـۆ مانگرتـن، ژمارەمـان بـەردەوام لـە زیادبوونـدا بـوو، ئـەوە لەکاتێکـدا چالاکـی و ژمـارەی شـیوعییەکان لەنێـو ناوەندیـی کۆیسـنجەقدا بەرچـاو بـوو". خالیـد دلێریـش کـە یەکێـك بـووە لـە دامەزرێنـەران دەڵێـت: ئەوکاتـە بەتەمـەن منـداڵ بوویـن بـەڵام ئاشـقی وشـەی کـورد بوویـن، بێبەشـبوونی قوتابیـی کـورد لـەو کاتـەدا لـە خوێندنـی مێـژووی کـورد و جوگرافیـای کوردسـتان و ناسـینی بیـری نەتەوەیـی کـوردی پاڵنەرمـان بـوو بـۆ بیرکردنـەوە لـە دامەزراندنـی کۆمەڵەیەکـی لـەو جـۆرە، ئامانجیـش لـە دامەزراندنـی بەگشـتی لـە یەکێتـی و برایەتـی و یەکترناسـینی قوتابیانــدا کــورت دەبوویــەوە، هەروەهــا پێگەیاندنــی قوتابیــی کــورد بەشـێوەیەکی نەتەوەییانـە و فێرکردنـی ماناکانـی ژیـان و گیانفیدایـی لەپێنـاو گەلـدا. لـەو فاکتەرانـەی بـاس کـران لەوانەیـە فاکتـەر و پاڵنـەری سـەرەکی لەپشـت دامەزراندنیـەوە پارتـی دیموکراتـی کـوردی "پارتـی" بووبێـت کـە لـەو سـاڵەدا دامـەزرا، لەوانەیـە ئـەوە بـە بڕیـاری سیاسـیی ئـەو بووبێـت تـا ببێتـە رووکارێـك بـۆ چالاکییەکانـی لەنـاو قوتابیانـدا، چونکـە جـەلال تاڵەبانـی ئامـاژە بـە پاڵپشـتیی مامۆسـتا "کەمـال عەبدولقـادر نەشـئەت" دەکات، کـە ئەویـش ئەندامـی پارتـی بـوو و مەیلـی نیشـتمانی و نەتەوەیـی کـوردی هەبـوو.

کۆمەڵـەی (K.P.X) نهێنـی بـوو، بەرنامـە و پەیڕەوێکـی ناوخـۆ یـان بڵاوکراوەیەکـی تایبەتـی نەبـوو، لەبـەر نهێنیبوونـی کارەکانـی، چالاکییەکانـی سـنووردار و لـە ناوەنـدە گشـتییەکاندا نەنـاسراو بـوو، پەیکـەری ڕێکخسـتنەکەی لـە شـێوەی شـانەی ڕێکخـراودا بـوو کـە هەریەکەیـان لـە ٢٠ قوتابـی پێـك دەهـات، ئەندامانـی کۆمەڵەکـە هەفتانـە جارێـك کۆدەبوونـەوە، تێیـدا بـەرەو بیـرە مارکسـییەکان ڕێنمایـی دەکـران و پێـی ڕۆشـنبیر دەکـران و بـە ئەدەبیاتەکانـی ئاشـنا دەکـران.

لێـرەدا دەکرێـت بڵێیـن گرنگیـی دامەزراندنـی ئـەو کۆمەڵـە بچووکـە لەوەدایـە، بـوو بـە بزوێنـەر بـۆ بیرۆکـەی پێکهێنانـی ڕێکخـراوی قوتابیانـی تایبـەت بـە کوردسـتان و ئـەو ئەزموونـە پاشـتر بـوو بـە سـەرەتایەك بـۆ دامەزراندنـی "یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان" کـە سـاڵی ١٩٥٣ دامـەزرا، هـەروەك لەپێنـاو پێشخسـتنی زانسـت لـە ناوچەکـە و پـەرەدان بـە شـێوازەکانیدا خەباتـی دەکـرد؛ بـە ئەزموونێکـی گرنـگ لـە کاروانـی بزوتنـەوەی قوتابیانـی کوردسـتان دادەنرێـت و هەنگاوێکـی بوێرانـە بـوو بـەرەو پێکهێنانـی ڕێکخراوێکـی تایبـەت بـە توێژێکـی قوتابـی لـە کوردسـتان.

بـرەو بـە بوونـە ئەنـدام لـەو کۆمەڵەیـەدا درا و ژمـارەی ئەندامـان زیـادی کـرد تـا وای لێهـات لـە قوتابخانەکانـی کۆیـەدا ڕکابەریـی قوتابیانـی شـیوعی دەکـرد. کۆمەڵەکـە چەندیـن چالاکـی ئەنجـام دەدا لەوانـە: ڕێکخسـتنی خۆپیشـاندانی قوتابیـان، کـە تێیـدا هەسـت و سـۆزی نیشـتمانی و نەتەوەیـی لـە ناوەنـدە گشـتییەکەدا دەخرۆشـا. کۆمەڵەکـە بـە چالاکییەکانـی بـەردەوام

بـوو و هـەر لـە کۆیـەدا قەتیـس بـوو تـا بەسـتنی کۆنگـرەی "گۆڕەپاتـی السـباع"ی سـاڵی ١٩٤٧ کـە بـە شـێوازێکی سـەربەخۆ چوونـە نـاو یەکێتیـی گشـتیی قوتابیانـی عێـراق[١].

١ ماجد حسن علي: الحركة الطلابية الكوردية فى العراق ١٩٢٦-١٩٧٠.

## ڕێکخراوە دیموکراسییە کوردستانییەکان بۆ؟

لە پێشەکیی ئەم باسەدا ئەو هەلومەرجەمان ڕوون کردەوە کە بەربەست بوو لەبەردەم لەدایکبوونی ڕێکخراوە کوردستانییەکان و شیکردنەوەی بارودۆخەکان لە کوردستان، نەخاسمە لە ماوەی پاش لەدایکبوونی یەکەمین یەکێتیی قوتابیانی عێراق ساڵی ١٩٤٨ دووای کۆبوونەوە بەرفراوانەکەی قوتابیان لە گۆڕەپانی (السباع) لە شاری بەغدا؛ کە سەرەتا چەندین گرووپی لە قوتابیانی عەرەب و کورد و نەتەوەکانی تر لەخۆ گرت. ماوەی پاش ساڵی ١٩٤٨ بە ماوەی ژانگرتن بۆ قوتابیانی کورد دادەنرێت (کاتێك لێرەدا سەرنج دەخەینە سەر لێکۆڵینەوە لە قوتابیان، لە لاپەڕەکانی پاشتردا هۆ پەیوەندارەکان بە بابەتەکەوە ڕوون دەکەینەوە)، کە لە سەرەتادا بە لەدایکبوونی ئەو یەکێتییە شاگەشکە بوون و لە ڕێیەوە هەوڵیان دەدا دەنگی خۆیان بەوانی تر بگەیەنن، هاوکات خوازیار بوون یەکێتیی ناوبراو پشتگیریی دۆزەکانیان لە هەموو ڕوویەکەوە بکات، بەڵام شتەکان بە ئاراستەیەکی تردا ڕۆیشتن و گوێیان بە خەمەکانی قوتابیانی کورد نەدا بەتایبەت لە ڕووی تایبەتمەندیی نەتەوەیی و ئەو کێشانەی لەسەر ئاستی کرداری لێی دەکەونەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا لەدایکبوونی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان یان هەر ڕێکخراوێکی تری کوردستانی دوواکەوت تا ساڵی ١٩٥٢، ئەو ساڵەی دامەزرانی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانی بەخۆوە

بینـی، دوواکەوتنەکـە بەهـۆی سیاسـەتی سـەرکوتکەرانەی سـەپێنراو بەسـەر کوردسـتاندا بـوو پـاش ئـەو نسـکۆیانەی بەسـەر بزوتنـەوەی رزگاریخـوازی کوردیـدا هاتـن و کاریگەریـی نەرێنییـان لەسـەر سـەرجەم چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵگـەی کوردسـتان، کـە بـووە هـۆی ئـەوەی بیرۆکەکـە گەلاڵـە نەبێـت ئەگەرچـی لێـرە و لـەوێ هەوڵـدان هەبـوون، ئەویـش پـاش دەرکەوتنـی لایەنـە نەرێنییـەکان لـە کاری ڕێکخـراوە عێراقییەکانـدا، کـە لـە بنەڕەتـدا بـۆ سرووشـتی ئـەو ڕێکخراوانـە لـە رووی پێکهاتـەی نەتەوەییـان و پێشـکارەکان (أولویات)یـان لـە کاری سیاسـی و پیشـەییدا دەگەڕێتـەوە و لـەم خاڵانـەی خـوارەوەدا خـۆ دەنوێنـن:

یەکـەم: لـە عێـراق پێشـتر و ئێسـتایش لـە دوو نەتـەوەی سـەرەکی پێـك هاتـووە کـە بریتیـن لـە عـەرەب و کـورد و نەتـەوەی تـری وەك تورکـمان و کلدۆئاشـوور؛ هەریەکەیـان تایبەتمەنـدی و ئامانجـی قۆناغبەنـد و سـتراتیژیی خـۆی هەیـە، ئەوەیـش بەسـەر تـەواوی چیـن و توێـژ و تاقمەکانـی کۆمەڵگـەی هـەر نەتەوەیـەك لـەو نەتەوانـەدا ڕەنـگ دەداتـەوە، بەتایبـەت هـەردوو نەتـەوەی عـەرەب و کـورد. بـۆ نموونـە خەمەکانـی قوتابـی و مامۆسـتای کـورد پێشـتر و هێشـتایش جیاوازییەکـی جەوهـەری لەگـەڵ خەمەکانـی قوتابـی و مامۆسـتای عەرەبـدا هەیـە، چونکـە تـاك و تاقمەکانـی نەتـەوەی یەکـەم بـە تیـرە و تایفـە کۆمەڵایەتییـە جیاوازەکانیانـەوە ڕۆڵـەی گەلێکـی بەشبەشـکراون و وڵاتەکەیـان دابـەش کـراوە و بـە دەوڵەتانـی خـاوەن نەتـەوەی تـری گـەورەوە لکێـنراوە، کـە قـەوارەی سیاسـیی خۆیانیـان

هەیـە و حکوومەتەکانیـان لـە دەسـتەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان ئەندامـن، لەکاتێکـدا رۆڵەکانـی گەلـی کـورد پێشـتر و هێشـتا هەسـت بـەو غـەدرە دەکـەن بەهـۆی دابەشـکردنەکانی وڵاتەکەیـان لـە قۆناغەکانـی رابـردوودا و بەپێـی کۆمەڵێـك رێکەوتنامـە و پەیماننامـەی ستەمکارانە، هـەر لـە شـەڕی چاڵدێرانـەوە لـە ئابـی سـاڵی ١٥١٤ تـا دەگاتـە رێکەوتنامـەی سـایکس پیکـۆ (سـاڵی ١٩١٦)، لـە دۆزی گەلەکەیـان کـراوە.

دووەم: زاڵبوونـی مۆرکـی پیشـەییانە بەسـەر کاری رێکخـراوە ناوەندییەکاندا لـــە زۆربـــەی کاتەکانـــدا، هەروەهـــا کاری ئـــەو رێکخراوانـــە پێشـــتر و هێشـتایش لـە چالاکیـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی خاڵـی نەبـووە، لەکاتێکـدا خەمـی ئافرەتـان و لاوانـی کـورد کارکردنـە لەپێنـاو دۆزێکـی بنچینەییـدا کـە لـە پێـش هـەر شـتێك لـە کاری سیاسـیدا خـۆ دەنوێنێـت، ئەویـش بەهـۆی بێبەشـبوونی گەلەکەیـان لـە سـادەترین مافـە نەتەوەییـەکان و بەشبەشـکردنی وڵاتەکەیانـەوە، ئـەم راسـتییە لـە جەوهـەری سـەرقاڵییەکانی کەسـانی پەیوەنـدار و خـەون و خواسـتە سـەرەکییەکانیاندا رەنـگ دەداتـەوە؛ ئەمـە هـەر لـە سـەرەتاوە جیـاوازی لەنێـوان خـەم و حەزەکانـی رۆڵەکانـی هـەردوو نەتـەوەدا دروسـت کـردووە، کـە بـووە مایـەی جیـاوازی لـە میتـۆد و ئامانجەکانـدا؛ جیـاوازی لـە ئامانجەکانیشـدا بەتەبیعەتـی حـاڵ جیـاوازی لـە کارکردنـدا دروسـت دەکات و لێـرەوە ناکۆکـی لـە رووە جیاوازەکانـی چالاکییەکانـدا دەچەسـپێنێت، سـەرەنجام بـەم هۆیـەوە پێکهێنـان و دەرکەوتنـی رێکخـراوە کوردسـتانییەکان وەك یەکەیەکـی رێکخسـتنی

سەربەخۆ؛ لە ناوەندی کەشوهەوایەکی تا بڵێیت دژواردا ڕێگەی خۆی بگرێتە بەر.

بەم شێوەیە ڕێکخراوە کوردستانییە جەماوەری و پیشەییەکان وەك زەروورەتێکی دەستەویەخە و مێژوویی لە قۆناغێکدا لەدایك بوون خەباتی کورد رووبەڕووی لۆژیکی هێز و نکووڵیکردن لە مافەکان دەبوویەوە، تا قورساییەکانی خەباتی جەماوەری و جۆشدانی فراوانترین کەرتە جەماوەرییەکان و ئاراستە و سازکردنیان لە هەموو قۆناغەکاندا بە ئامانجەکانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد بگرنە ئەستۆ و بەرەو گەیشتن بە ئامانجی خوازراو هەنگاو بنێن.

## لەدایکبوونی رێکخراوە کوردستانییەکان

لەگەڵ لەدایکبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاراستەی نەتەوەیی لەناو بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردیدا رووی لە هەڵکشان کرد پاش ئەوەی ئەو ئاراستەیە بەهۆی ئەو رووداوانەی گۆڕەپانی کوردستانی دابەشکراو بەسەر چوار دەوڵەتدا بەخۆیەوە بینین، کە لە شۆڕش و راپەڕینەکانی باکوری کوردستان و بزوتنەوە رزگاریخوازییەکانی بارزان و دامەزراندنی کۆماری کوردستان کە مهاباد پایتەختی بوو، خۆ دەنوێنن. ئەو رووداوانە کاریگەریی تەواویان هەبوو لە یەکخستنی ئاراستە نەتەوەییەکان لەناو حزبێکی پێشڕەوی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازدا لە باشووری کوردستان (کورستانی لکێنراو بە عێراقەوە)، کە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. لەگەڵ گەشەی بیر و رەوتە رزگاریخوازەکاندا پاش جەنگی جیهانیی دووەم کە لای خۆیەوە رێگەی خۆش کرد بۆ دەرکەوتنی رێکخراوە جەماوەرییەکان لە وڵاتانی جیاواز دووای ئەوەی لە ئاکامی ئەو پەرەسەندنە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی جیهان بەخۆیەوە بینین بارودۆخ لەبار بوو، گۆڕەپانی عێراقیش لەو رووداو و گۆڕانکارییانە و گەشەی ئەو هزرانە دوور نەبوو، کە کەشێکی لەباریان بۆ سەرهەڵدانی رێکخراوە جەماوەرییەکان خولقاند. ئەوە بوو لێرە و لەوێ ژمارەیەك سەندیکای کرێکاری لە سەنتەری شارە گەورەکاندا، کە بنکەی پیشەسازییان هەبوو، دامەزران، لێرەوە سەرهەڵدانی چەند

هەوڵێــك لــە کۆلێژەکانــی بەغــدا دران بــۆ دامەزراندنــی یەکێتییەکــی قوتابیـان کـە ئەرکـی بەرگریکـردن لـە مافەکانـی قوتابیـان و بەشـداریکردنی گەورەتــر لــە چالاکییەکانــی بزوتنــەوەی نیشــتمانیدا بگرێتــە ئەســتۆ، ئەوەیـش لـە لەدایکبوونـی یەکەمیـن یەکێتیـی قوتابیـان بەنـاوی (یەکێتیـی گشـتیی قوتابیـان)دا خـۆی نوانـد لـە ١٤ی نیسـانی سـاڵی ١٩٤٨. قوتابیانـی کوردسـتان بـە دامەزراندنـی ئـەو یەکێتییـە شاگەشـکە بـوون و ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە قوتابیانـی هـەردوو قۆناغـی ناوەنـدی و ئامادەیـی و قوتابیانـی کــورد لــە کۆلێژەکانــی بەغــدا بەشــدارییان کــرد، کــە نوێنەرایەتیــی دوو ئاراسـتە سـەرەکییەکەی کوردسـتانیان دەکـرد: تەوژمـی نەتەوەیـی (پارتـی) + تەوژمـی مارکسـی (شـیوعی)، وەك قوتابیـی چـالاك بەشـدارییان کـرد و دۆزی کوردیـان تێـدا خسـتە روو، کۆنگـرە ئـەم دوو خاڵـەی پەسـەند کـرد[٢]:

١- بەرگریکــردن لــە مافــە ســەندیکایی و ئەکادیمییەکانــی قوتابیانــی کــورد.

٢- هەوڵـدان بـۆ پێکهێنانـی رێکخراوێکـی قوتابیانـی تایبـەت بـە قوتابیانـی کــورد، بەبــێ باســکردن لــە خەمــە سیاســییەکانی قوتابیــی کــورد کــە بەدەسـت چەوسـاندنەوەی نەتەوەییـەوە دەیناڵانـد. جددییانـە بەشـداریی چالاکییەکانیـدا کـرد، لـە دیارترینـی ئـەو چالاکییانـە کارلێککـردن بـوو لەگـەڵ بزوتنـەوەی قوتابیانـی عێـراق لـە راپەڕینـی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٤٨ و راپەڕینـی تشرینـی دووەمـی سـاڵی ١٩٥٢، کـە شـێوازی کاری رێکخراوەیـی

٢ لە مێژووی یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراق،

لەنـاو بزوتنـەوەی قوتابیانـدا قـووڵ کـردەوە، ئەویـش لـە ڕێـی ئـەو رۆڵـە پێشـڕەوانەی لـە هەڵگیرسـاندنی چەخماخـەی راپەڕینەکـەدا گێڕایـان، کـە بەهـۆی کەللەڕەقیـی دەسـەڵاتداران (لـە گۆڕینـی ئـەو یاسـا و سیسـتمانەی هەلەکانـی سـەرکەوتنی قوتابیـان و بەردەوامبوونیانـی لـە خوێنـدن کـەم دەکـردەوە) بەرپـا بـوو. بـەم شـێوەیە دۆخەکـە تـا سـاڵی ١٩٥٣ مایـەوە، کـە بـۆ یەکـەم جـار تەشـکیلاتەکانی رێکخـراوە کوردسـتانییەکان لـە کوردسـتانی عێـراق سـەریان هـەڵ دا، جگـە لـە یەکێتیـی ئافرەتانـی کوردسـتان کـە ماوەیـەك پێـش لـەو مێـژووە دامـەزرا (پاشـتر باسـی دەکەیـن).

لێـرەدا پێویسـتە باسـی ئـەو فاکتەرانـە بکەیـن کـە بوونـە هـۆی سـەرهەڵدانی رێکخـراوە جەماوەرییـە کوردسـتانییەکان، کـە کـەش و هـەوای لەبـاری بـۆ دەرکەوتنیـان رەخسـاند، لـە گرنگتریـن ئـەو فاکتەرانـە:

١- یەکخسـتنی ئاراسـتەی نەتەوەیـی لـە بزوتنـەوەی رزگاریخـوازی کـورددا پـاش دامەزرانـی حزبێکـی نەتەوەیـی دیموکـرات (پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان)، کـە کەشـوهەوای سرووشـتی بـۆ دەرکەوتنـی رێکخـراوە کوردسـتانییەکان رەخسـاند، ئەوەیـش پـاش کۆنگـرەی سـێیەمی لـە ١٦ی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٥٣ لـە شـاری کەرکـووك و فراوانبوونـی رووبـەری جوگرافـی بەشـێوەیەك سـەرجەم شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان بگرێتـەوە، هەروەهـا زیادبوونـی چالاکیـی سیاسـیی کاری پارتـی و پێویسـت بـوو سـەرجەم کەرتـە جەماوەرییـەکان لـە رووی پیشـەیی و سیاسـییەوە کارا بکرێـن و لەلایـەن نوێنـەرە راسـتەقینەکانیانەوە سـەرکردایەتی بکرێـن وەك

بەشێك لە پلانی شۆڕشگێڕانەی حزب، کە سەرکردایەتیی کاروانی گەلی کوردستان بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەکات.

٢- فراوانبوونی گۆڕەپانەکە و هەمەچەشنبوونی کاری پیشەیی و سیاسی، کە بە کردەوە جیاوازی لە بوارە جیاوازەکاندا سەری هەڵ دا، چونکە کارکردن لە ناوەندەکانی لاواندا جیاوازە لە کارکردن لە ناوەندەکانی ئافرەتان یان مامۆستایاندا، هەروەها کاری حزبی جیاوازە لە کارکردن لەناو ڕێکخراوێکی پیشەیی قوتابیان یان سەندیکای کرێکاراندا، بەم شێوەیە تایبەتمەندی لە بواری کاری سیاسی یان پیشەییدا بوو بە زەروورەتێکی حەتمی و ناکرێت تێکەڵ بکرێن لە هەندێ دۆخی تایبەت و نائاساییدا نەبێت.

٣- دەرکەوتنی ڕێکخراو و یەکێتی و سەندیکاکان لە دەوڵەتانی جیهاندا، لەناویاندا دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەژێر رووکار و ناوی جیاوازدا، جموجووڵە پیشەیی و سەندیکاییەکان چالاك بوون و پاش دامەزراندنی یەکێتی و سەندیکا جیهانییەکانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان چەندین کۆنگرەی جیهانی بەستران، کە لای خۆیانەوە کاریان کردە سەر سازکردنی کەشوهەوای گشتی، لە ئەنجامی ئەو پەیوەندی و چالاکییانەی ئەو یەکێتییانە دەیانکردن و لای خۆیانەوە کاریان کردە سەر بڵاوبوونەوەی ئەو چەمکانە. لێرەدا پێویستە تەرکیز بکەینە سەر ئەم خاڵە وەك ئەوەی یەکێکە لە گرنگترین ئەو فاکتەرانەی بوونەتە مایەی دابڕان لەنێوان توێژ و کەرتە جەماوەرییە کوردستانییەکان و

ڕێکخـراوە عێراقییەکانـدا، وەك یەکێتیـی قوتابیـان و لاوان و ئافرەتـان، هـۆی سـەرەکیش لـەوەدا بـۆ دوو فاکتـەری سـەرەکی دەگەڕێتـەوە:

١- لـەو ڕووەوە گەلـی عێـراق لـە دوو نەتـەوەی سـەرەکی پێـك دێـت و هەریەکەیـان تایبەتمەندیـی خـۆی هەیـە لـەوی تـر و لـە گـەل و نەتەوەکانـی تـری سـەر گـۆی زەوی جیـای دەکاتـەوە لـە ڕووی زمـان و مێـژوو و پەرەسـەندنی شارسـتانییەوە، کـە وا دەکات هـەر نەتەوەیـەك بـە قۆناغێکـی دیاریکـراودا تێبپەڕێـت. بـۆ نموونـە لـە عێـراق پـاش پێکهێنانـی شانشـینی عێـراق لـە ٢٣ی ئابـی سـاڵی ١٩٢١ نەتـەوەی عـەرەب قـەوارەی سیاسـیی خـۆی بەدەسـت هێنـا، بـەوە ناسـیونالیزمی عەرەبـی لـە عێـراق قۆناغێکـی گرنگـی لـە مێـژووی خەباتـدا بـڕی و چیـدی هاوڵاتیـی عەرەبـی عێـراق هەسـت بـە بوونـی بۆشـاییەکی سیاسـی نـاکات لـە بیرکردنەوەیـدا، کـە زۆر بەئاشـکرا بەسـەر کاری سیاسـیدا ڕەنـگ دەداتـەوە. لێـرەوە بەشـی هـەرەزۆری بایەخدانـی عەرەبـی لـە عێـراق لـە داواکردنـی چاکسـازیی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی لەنـاو چوارچێـوەی دەوڵەتـی ناوەندیـی خـاوەن ناسـنامەی عەرەبیـدا قەتیـس دەبێـت، کاری ڕێکخـراو و سـەندیکاکانیش بەهەمـان شـێوە لـە چوارچێـوە پیشـەیی یـان سیاسـییەکەدا بەگوێـرەی تێگەیشـتنی پێشـوو قەتیـس دەبێـت، لەکاتێکـدا هاوڵاتیـی کـورد لـە هاوڵاتیـی عـەرەب جیایـە لـە ڕووی نەبوونـی چوارچێوەیەکـی نەتەوەیـی سیاسـیی تایبـەت بـە خـۆی کـە لـە خـەون و خواسـت و کێشـەکانی تێبـگات. واتـە هاوڵاتیـی کـورد قۆناغێکـی گرنـگ پـاش کەوتـووە، ئەویـش بەهـۆی ڕێکەوتنامـە و پەیماننامـە

ستەمكارانەكانەوە، كە بوونە بایسی ئەوەیە قەوارەیەكی سیاسیی تایبەت بە خۆی بۆ دروست نەبێت، بەشێوەیەك كاریگەرییەكی جۆرایەتی بكاتە سەر كارە سیاسی و پیشەییەكەی لە رووی جەوهەرەوە. بەم شێوەیە هاوڵاتیی كورد بە پلەبەندییە كۆمەڵایەتییە جیاوازەكانیەوە پێویستە دوو خەمی سەرەكی هەڵبگرێت كە بریتین لە: نەبوونی قەوارەیەكی سیاسیی خۆی + داواكردنی داخوازییە پیشەییەكانی وەك هاوڵاتی.

ب- لەو رووەوە خاڵی (أ) كاریگەریی راستەوخۆی هەیە لەسەر سرووشتی كاری رێكخراوە مەركەزییەكان، چونكە سەركەوتوو نابێت لە سەركردایەتیكردنی رێكخراوێكی پیشەیی مەركەزی كە بۆ نموونە عەرەب و كورد لە چوارچێوەی یەك رێكخراودا كۆ بكاتەوە. وەك زانراوە خەم و هیوا و ئاواتەكانی یەكەم جیاوازە لە خەون و ئامانجەكانی دووەم، ئەمەیش شتێكی سرووشتی و راستییەكی حاشاهەڵنەگرە؛ بەكردەوەیش رێكخراوە مەركەزییەكان بە دەگمەن نەبێت و لە هەندێ قۆناغی دیاریكراودا نەیانتوانیوە خەون و خواستەكانی گرووپە كوردەكان لە ریزەكانیاندا جێ بكەنەوە. رۆژگار شكستی ئەو ئەزموونەی لەسەر ئەرزی واقیعدا سەلماند و رێكخراوە كوردستانییەكان بوون بە زەروورەتێكی مێژوویی و سەرهەڵدانیان بۆ سەركردایەتیكردنی گرووپ و چینە كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵگەی كوردستان پێویستە، تا كاری جەماوەریی رێكخراو لە گۆڕەپانی كوردستان و لەو شارە عێراقییانەدا كە ژمارەیەكی زۆر كوردیان تێدایە، بگرنە ئەستۆ.

## پێشئاماژەکانی سەرهەڵدانی رێکخراوە کوردستانییەکان

ماوەی نێوان ساڵی ١٩٤٨، مێژووی لەدایکبوونی یەکەمین یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق، بۆ ساڵی ١٩٥٣ بە سەرەتای سەرهەڵدانی هەستکردن بە پێویستیی بوونی رێکخراوە جەماوەرییە کوردستانییەکان دادەنرێت، بۆ ئەوەی سەرکردایەتیکردنی گرووپ و توێژە کۆمەڵایەتییەکان بگرێتە ئەستۆ، پاش ئەوەی گۆڕەپانی سیاسیی عێراق رووداوگەلی سیاسیی گرنگی بەخۆوە بینی، لەوانە دەرکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان وەك نوێنەری رەوتی ناسیونالیستی لە کوردستان، کە فراوانترین جەماوەری کوردستانی لە ریزەکانیدا لەخۆ گرت و راپەڕینی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ و راپەڕینی ساڵی ١٩٥٢ بەرپا کرد کە کورد بەشدارییەکی گەورەی تێیاندا کرد و بووە هۆی زیادبوونی هۆشیاری و هەستکردن بە پێویستیی بوونی رێکخراوی جیاواز کە شانبەشانی رێکخراوە مەرکەزییە عێراقییەکان کار بکەن، کە نەیانتوانی خەم و خەونەکانی تاقم و چینە کوردستانییەکان لەخۆ بگرن، سەرەنجام بۆ یەکەمین جار رێکخراوێکی ئافرەتانی کوردستانی لەژێر ناوی (یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان)دا[٣] لە پاییزی ساڵی ١٩٥٢ دامەزرا، پاش بەستنی پلینیۆمی یەکەم لە ١٩٥٢/١٢/١١ کە بە کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتیی ناوبراو دادەنرێت.

٣ کورتەیەك لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی ئافرەتانی کوردستان، درەخشان شێخ جەلال حەفید زادە، لا٢٩.

## ڕێکخراوە کوردستانییەکان لەنێوان ساڵانی ١٩٥٢-١٩٥٣-١٩٥٨

پاش بەستنی کۆنگرەی سێیەمی پارتی لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٣ و گۆڕانی ناوەکەی لە پارتی دیموکراتی کوردییەوە بۆ کوردستانی چەند بڕیار و راسپاردەیەکی گشتی دەرچوون، لەوانە زەروورەتی پێکهێنانی ڕێکخراوە دیموکراسی و پیشەیی و جەماوەرییەکان، بەتایبەت یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان، ئەویش لەبەر چالاکیی بەرفراوانی قوتابیانی کورد لە کۆلێژەکانی بەغدا و ئەو ئامادەییانەی لە شارە کوردستانییەکاندا هەبوون و بەشداریی کاریگەریان لە هەردوو بواری سیاسی و رۆشنبیری و دەرکەوتنی زۆریان لەو بوارەدا، کە رۆڵی تا بڵێیت چالاك و جیاوازیان بینی، هەروەها لە ڕێکخراوی قوتابیانی عێراقی یەکەم کاتێك ساڵی ١٩٤٨ دامەزرا، هەروەها لەو ڕێکخراوانەی خاوەن مۆرکی حزبی و رۆشنبیرین.

ئەو بایەخدانەی سەرکردایەتیی پارتی بە ڕێکخراوە دیموکراسی و پیشەییە جەماوەرییەکان لە گرنگیی بوونی ئەو ڕێکخراوانە لەو بوارانەدا کە پێویستە ئەو ڕێکخراوانە تێیاندا بن و لە بنەڕەتدا تایبەتە بەوان، هەڵدەقوڵێت، لەو رووەوە ئەو بوارانە ناوەندی سرووشتی و تایبەتن بە کاری ئەو ڕێکخراوانە بۆ نموونە ناوەندی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و ناوەندی مامۆستایان و ناوەندی جووتیاران و کرێکاران، هەروەها سرووشتییە قوتابیان دەستپێشخەر بوون لە پێکهێنانی

یەکێتییەکـی قوتابیانـی کوردسـتان کـە ئەرکـی سـەرکردایەتیکردنی ناوەنـدی قوتابیـان لـە کوردسـتان-عێراق بگرێتـە ئەسـتۆ. لەبەرئـەوە پێـی وایـە قوتابیانـی کوردسـتان دەسـتیان کـرد بـە ئامـادەکاری بـۆ گرێدانـی کۆنگـرەی یەکەمیـان لـە ناوەنـدی کەشـوهەوایەکی سیاسـیی گەرمـدا و پـاش ئـەوەی ئەزموونێکـی بێسـوودیان لـە ریزەکانـی یەکێتیـی قوتابیانـی گشـتیی عێراقـدا بەسـەر بـرد.

کۆنگـرەی یەکەمـی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان-عێراق لـە ١٨ی شـوباتی سـاڵی ١٩٥٣ لـە شـاری بەغـدا بـە ئامادەبوونـی پەنجـا قوتابـی لـە کۆلێژەکانـی بەغـدا و نوێنەرانـی لیـوا (پارێزگا)کانـی کەرکـووك و سـلێمانی و هەولێـر و مووسـڵ بەسـترا. (شـاری دهـۆك کـە ئەوکاتـە یەکێـك بـوو لـە قەزاکانـی سـەر بـە پارێـزگای مووسـڵ، لـە دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێراقییـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٦٩). کۆنگرەکـە دوو رۆژ بـەردەوام بـوو، تێیـدا جددینەبـوون و گرنگینەدانـی یەکێتیـی گشـتیی قوتابیـان بـە نزیکبوونـەوە لـە واقیعـی قوتابیانـی کوردسـتان و ئاشـنابوون بـە ئامانجـە پیشـەیی و سیاسـییەکانیان تاوتـوێ کـرا، سـەرباری هەوڵـە بەردەوامـەکان لەگـەڵ سـەرکردایەتیی یەکێتیـی ناوبـراو لـە دامەزراندنیـەوە لـە نیسـانی ١٩٤٨ تـا ئـەو رۆژە، پـاش گفتوگۆیەکـی تێـر و تەسـەلی ئەندامانـی کۆنگـرە گەیشـتنە ئـەوەی بیرۆکـەی کۆکردنـەوە لەنێـوان قوتابیانـی کـورد و عـەرەب لـە یـەك رێکخـراودا وەك شـەریکایەتیی بازرگانێکـی موفلیـس لەگـەڵ بازرگانێکـی خـاوەن سـامانی گـەورە وایـە، کـە لـە بنەڕەتـدا هیـچ بەلایـەوە گرنـگ نییـە

بیر لەو کێشانە و لەو بارودۆخە سەختە بکاتەوە کە یەکەمی تێدا گرفتارە و ڕێگرە لەوەی کاری هاوبەش بکەن، جیاوازیی نێوان دۆخە گشتییەکە لە ڕووە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە لەنێوان قوتابیانی کورد و قوتابیانی عەرەبدا بەم شێوەیە بوو؛ لە لایەکی ترەوە هەردوو توێژ بەشێك بوون لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکانیان و لێك جیا نەدەکرانەوە؛ بەم پێیە هەر لە بنەڕەتەوە لە ڕووی ئاراستەی مەرکەزی و ئامانجە خوازراوەکانەوە جیاواز بوون، ئەوەیش وای لە ئەندامانی کۆنگرە کرد بگەنە باوەڕی تەواو بەوەی بوونی یەکێتییەك قوتابییەکانی کوردستان لە ڕیزەکانیدا لەخۆ بگرێت، زەروورەتێکی مێژووییە و کۆسپەکان هەرچی بن نابێت ئەو بیرۆکەیە دووا بخرێت. سەرەنجام دوو لیژنە پێك هاتن؛ لیژنەیەك بۆ دانانی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و ئەوی تر بۆ ئامادەکردنی ڕاگەیەنراوێکی گشتی دەربارەی هەلومەرجی لەدایکبوونی یەکەمین یەکێتیی قوتابیانی کوردستان-عێراق و لە ١٨ی شوباتی ساڵی ١٩٥٣ لەدایکبوونی یەکەمین یەکێتیی قوتابیانی تەواوی کوردستانی عێراق ڕاگەیەنرا. ئەو ئەزموونە واتە پێکهێنان و کاری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لەو ماوەیەدا؛ ڕادەی دروستیی بوونی ئەو ڕێکخراوانەی لە ناوەندی گونجاوی خۆیان و توانایان بۆ لەخۆگرتنی توێژە کۆمەڵایەتییەکانی سەلماند، کە لە چوارچێوەیەکی گشتی و بەنهێنی و هاوئاهەنگی لە بوارە جیاوازەکاندا لەگەڵ یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق نوێنەرایەتییان دەکات.

شـــایانی ئاماژەپێدانـــە کۆنگـــرەی دامەزرانـــدن (یەکـــەم)ی یەکێتیـــی قوتابیانـی کوردسـتان، وەك پێشـتر بـاس کـرا، بـە نهێنـی لـە بەغـدای پایتەخـت بەسـترا. ئەندامانـی کۆنگـرە جەختیـان لـەوە کـرد یەکێتییـە قوتابیانەکەیـان (رێکخراوێکــی قوتابییانــەی نیشــتمانی و دیموکــرات و ناحزبییــە، کار لــە پێنـاو بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی قوتابیانـی کوردسـتان بەشـێوەیەکی تایبـەت دەکات). ئەندامانـی کۆنگـرە بەکـۆی دەنـگ ئـەم بەڕێزانەیـان هەڵبـژارد[٤]:

١- ئەحمەد عەبدوڵا ئامێدی- سەرۆك.

٢- جەلال تاڵەبانی- سکرتێری گشتی.

٣- بەڕێـــزان: شەمســـەدین موفتـــی، فـــازڵ ســـەعید ئاغـــا، عومـــەر مســـتەفا (دەبابـــە)، کەمـــال محیەدیـــن[٥]، حیلمـــی عەلـــی شـــەریف، حەیـــدەر حەمەدەمیـن و غەفـوور رەشـیدا ئاغـا[٦]- ئەندامانـی مەکتەبـی سـکرتارییەت.

کۆنگـــرەی دووەمـــی یەکێتیـــی قوتابیانـــی کوردســـتان لـــە هاوینـــی ســـاڵی ١٩٥٥ دیسـان لـە بەغـدای پایتەخـت بەڕێـوە چـوو لەژێـر دروشـمی "خەبـات دەکەیـن لەپێنـاو بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی قوتابیانـی کوردسـتان"، کۆنگـرە ژمارەیـــەك بڕیـــاری پاڵپشـــتی بـــۆ قوتابیـــان و گەلـــی کوردســـتان دەرکـــرد و ئەندامانـی کۆنگـرە لـە دوایـن دانیشـتندا ئـەم بەڕێزانەیـان هەڵبـژارد:

١- جەلال تاڵەبانی[٧]- سکرتێری گشتی.

---

٤ الحركة الطلابية الكوردية فى العراق ١٩٢٦-١٩٧٠، ماجد حسن علي، ص١٢٦.

٥ کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، عیرفان عەزیز عیرفان، هەولێر ٢٠١٢.

٦ هەمان سەرچاوە.

٧ سەرچاوەی پێشوو.

٢- ئـــەو بەڕێزانـــەی لـــە خـــوارەوە ناویـــان هاتـــووە بـــە ئەندامانـــی ســـکرتارییەت:

* مەحموود عوسمان.
* شەمسەدین موفتی.
* حیسامەدین دەبباغ.
* عەدنان نەقشبەندی.
* شاخەوان نامیق.
* ئەحمەد تاهیر.

بـۆ ئاگەداربوونـی خوێنـەر لـە کـۆی چالاکییەکانـی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردســتان (لــە مــاوەی نێــوان ١٨ی شــوباتی ١٩٥٣ تــا ١٤ی تەممــووزی ١٩٥٨ لــە خــوارەوە بــەدەق بەشــێك لــە نامیلکــەی (لمحــات مــن تاریــخ الحرکـة الطلابیـة الکوردسـتانیة) دێنینـەوە کـە لـە نیسـانی سـاڵی ١٩٩٢ وەك چاپکراوێکـی هاوبەشـی یەکێتیـی قوتابیـان و لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان دەرچـووە و تیشـکێکی ڕۆشـن دەخاتـە سـەر چالاکیـی هـەردوو ڕێکخـراو لــەو ماوەیــەدا، واتــە لــە بەســتنی کۆنگــرەی یەکەمــەوە (١٩٥٣/٢/١٧-١٩٥٨/٧/١٤)، ئەمەیــش دەقەکەیەتــی:

## چالاکییەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان (١٨ی شوباتی ١٩٥٣ تا ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨)

سەرەڕای کورتیی ئەو ماوەیە لە ژیانی یەکێتییەکەدا بەڵام گرنگییەکی زۆری هەبوو لە رووی پڕاوپڕبوونی لە رووداو و کاری خەباتگێڕانە و سەرهەڵدانی شێوەکانی هاوپەیمانێتییەکان و دەرکەوتنی یەکێتییەکەمان وەك دووەم یەکێتیی قوتابیان لە گۆڕەپانی عێراقیدا، تا نوێنەرایەتیی خەون و خواست و ئومێدەکانی جەماوەری قوتابیانی کوردستان بکات و سەرکردایەتیی خەباتەکەیان بکات سەرباری هەموو هەوڵە شکستخواردووەکان کە بۆ بەتاڵکردنەوەی لە شۆڕشگێڕییەکەی و دابڕینی لە جەماوەرە راستەقینەکەی دران، ئەو قۆناغە بە چەند سیفەتێك جیا دەکرێتەوە و لەو ماوەیەدا چەند رووداوێکی گرنگ روویان دا، لەوانە:

١- یەکێتی کۆنگرەی دووەمی لە هاوینی ساڵی ١٩٥٥ لە یەکێك لە ناوچەکانی بەغدا گرێ دا و نوێنەرانی لقەکانی یەکێتییەکە ئامادەی بوون و کۆنگرە چەند بڕیارێکی دەرکرد بۆ پاڵپشتیکردنی بزوتنەوەی نیشتمانیی عێراق و حزبە پێشکەوتنخوازەکانی و بەرزکردنەوەی دروشمی خەباتی نەپساوە لەپێناو مافەکانی گەل و قوتابیانی کوردستان، هەروەها مەکتەبێکی سکرتارییەتی هەڵبژارد کە لە قۆناغی داهاتوودا سەرکردایەتیی یەکێتییەکە بکات.

٢- خۆجۆشـدانی یەکێتـی لەگـەڵ ڕێکخـراوە کوردسـتانییە براکانیـدا، وەك یەکێتیـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتیـی ئافرەتانـی کوردسـتان بەمەبەسـتی بـەرەو پێـش بردنـی بزوتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی کـورد.

٣- بەشـداریکردنی یەکێتییەکـە بـە شـاندێکی سـکرتارییەت لـە فیسـتیڤاڵی پێنجەمـی لاوان و قوتابیانـی جیهـان کـە لـە مـاوەی نێـوان ٣١ی تەممـووز تـا ١٤ی ئابـی سـاڵی ١٩٥٥ لـە شـاری "وارشـۆ"ی پایتەختـی هۆڵەنـدا سـاز کـرا، کـە نوێنەرانـی یەکێتییەکـە توانییـان ڕۆڵێکـی کاریگـەر بگێـڕن لـە ڕێـی پەیوەندیکردنیانـەوە بـە شـاندەکانی قوتابیـان کـە لـە پـتر لـە سـەد دەوڵەتـەوە هاتبـوون. چەندیـن پەیوەنـدی بـە ڕێکخراوەکانیانـەوە کـرا لەپێنـاو قووڵکردنـەوە و پتەوکردنـی پەیوەندییـەکان لەنێـوان بزوتنـەوەی قوتابیانـی جیهانـی و بزوتنـەوەی قوتابیانـی کوردسـتان، هەروەهـا بـۆ سـازکردنی کەشـوهەوا بـۆ بەئەندامبوونـی یەکێتییەکـە لـە یەکێتیـی قوتابیانـی جیهانـی (I. U. S). دیـدار لەنێـوان نوێنەرانـی یەکێتییەکەمانـدا بـۆ فیسـتیڤاڵەکە بەڕێـوە چـوو، ئـەو دیـدارە لەژێـر سەرپەرشـتیی (پیلـکان) سـەرۆکی پێشـووی یەکێتیـی قوتابیانـی جیهانیـدا بـوو لەپێنـاو یەکخسـتنی بزوتنـەوەی قوتابیانـی عێـراق بـۆ یەکلاکردنـەوەی ناکۆکیـی سـەرەکی لەگـەڵ دوژمنـی سـەرەکیدا، کـە لـە دەسـەڵاتی کۆنەپەرسـتی ئەوکاتـی سـەعیدیدا (لەنـاوی سـەرۆکی حکوومەتـی عێـراق نـووری سـەعیدەوە) خـۆی دەنوانـد، کـە بەشـێوەیەکی ڕیشـەیی بەسـترابوو بـە ڕەوڕەوەی ئیسـتیعماری بەریتانییـەوە.. پـاش چەنـد کۆبوونەوەیـەك بەئامادەبوونـی (پیلـکان) لەسـەر

چەنـد خاڵێـك رێـك کەوتـن:

أ- بوونـی یـەك رێکخـراوی قوتابیـان لـە کوردسـتان کـە لـە چوارچێـوەی ناوچـە کوردییەکانـدا چالاکـی بـکات و ئـەو رێکخراوەیـش یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان بێـت.

ب- بوونـی یـەك رێکخـراوی قوتابیـان لەژێـر نـاوی یەکێتیـی گشـتیی قوتابیانی عێـراق کـە لـە سەرتاسـەری عێراقـدا کار دەکات، جگـە لـە ناوچـە کوردییـەکان کـە یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان کاری تێـدا دەکات.

ج- یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان ئەنـدام دەبێـت لـە یەکێتیـی گشـتیی قوتابیانـی عێراقـدا، لەگـەڵ پارێزگاریکردنـی لـە سـەربەخۆیی رێکخراوەیـی و پێویسـتیی کارکـردن بـۆ پەرەپێـدان و بەرەوپێـش بردنـی.

د- کارکـردن لەپێنـاو پتەوکردنـی پەیوەندییـەکان لەگـەڵ یەکێتیـی قوتابیانـی جیهانـی وەك تاکـە رێکخـراوی پێشـکەوتنخواز کـە نوێنەرایەتیـی قوتابیانـی جیهـان دەکات، نوێنەرایەتیـی قوتابیانـی عێراقیـش تێیـدا نوێنەرایەتییەکـی هاوبەشـی سـەرجەم یەکێتییـە عێراقییـەکان بێـت، ئەویـش لـە رێـی بـەرەی قوتابیـان یـان لیژنـەی بـاڵای هاوئاهەنگییـەوە.

پـاش گەڕانـەوەی شـاندی هـەردوو یەکێتـی بـۆ عێـراق بەشـێوەیەکی نهێنـی، بەگوێـرەی رێکەوتنـە ئیمزاکراوەکـەی وارشـۆ کار کـرا، لیژنـە هاوبەشـەکان لـە دیالـە و کەرکـووك و مووسـڵ هەڵبژێـردران، مەکتەبـی سـکرتارییەتی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان سـێ ئەندامـی بـۆ مەکتەبـی سـکرتارییەتی یەکێتیـی گشـتیی قوتابیانـی عێـراق کاندیـد کـرد بەمەبەسـتی

هاوئاهەنگیکــردن لــە کاردا و بونیاتنانــی بــەرەی قوتابیانــی عێــراق. ڕێکەوتنەکــە لــە هەڵکشــان و داکشــاندا بــوو تــا بەرپابوونــی شۆڕشــی ١٤ی تەممــووزی ســاڵی ١٩٥٨، ئــەو کاتــە شــتەکان بــە شــێوەیەکی تــر بەڕێــوە چــوون.

٤- وەســتانەوە دژی ئیمزاکردنــی میســاقی ئیســتعمارییانەی بەغــدا و ســەرکۆنەکردنی پیلانگێــڕان دژی گەلــی ســووریا لــە ڕێــی بنکــەی حەبانییــەوە کــە ئیســتیعمار وەك بنکەیەکــی پیلانگێــری بــەکاری هێنــا. یەکێتــی داوای هەڵوەشــاندنەوەی بنکەکــەی کــرد لــەو ڕووەوە مەترســییەکی گەورەیــە لەســەر ئاســایش و ســەربەخۆیی وڵات، هەروەهــا ســاڵی ١٩٥٧ یەکێتــی پشــتگیریی بــەرەی نیشــتمانی کــرد و لــەو پێنــاوەدا کاری کــرد، ئەویــش لــە ڕێــی پروپاگەندەکردنــەوە بەمەبەســتی ســەرکەوتنی لیســتی بــەرەی نیشــتمانی لــە هەڵبژاردنــە پەرلەمانییەکانــدا.

٥- لــە پــاڵ کارە نیشــتمانییەکەیدا، یەکێتــی بــەردەوام بەگــژ دامــەزراوە پەروەردەییــە کۆنەپەرســتانەکاندا لــە کوردســتان دەچوویــەوە لــەو ڕووەوە ئامــراز بــوون بــۆ ســڕینەوەی ســیماکانی کولتــووری کــوردی و مێــژوو و جوگرافیــا و ئەدەبــی کــورد و کوردســتان، یەکێتــی لەنێــو جەماوەرەکەیــدا دەجــووڵا و لــە ریــزی پێشــەوەی خۆپیشــاندانە جیاوازەکانــەوە بــوو.

٦- لــە هاوینــی ســاڵی ١٩٥٧ یەکێتــی کۆنگــرەی ســێیەمی خــۆی لــە ناوچــەی ئەعزەمییــەی بەغــدا بەســت لەژێــر دروشــمی (لەپێنــاو بــەرەی نیشــتمانی و ڕووخاندنــی حکوومەتــی کۆنەپەرســت و ژیانێکــی باشــتردا

بــۆ قوتابیانــی عێــراق). کۆنگــرە چەنــد بڕیارێکــی زۆر گرنگــی دەرکــرد و ئەندامانــی کۆنگــرە بابەتــی بــەرەی نیشــتمانییان بــە بابەتێکــی دەســتەویەخە و بەپەلــە دانــا. کۆنگــرە توانــی کۆمەڵێــك کێشــە چارەســەر بــکات کــە لــە ڕێــی یەکێتییەکــەدا دەوەســتان، بــەوە لــە زۆر ناتــەواوی ڕزگاری بــوو و یەکێتــی دەســتی دایــە داڕشــتنی میتۆدێکــی قوتابیانــەی دروســت بــۆ خــۆی، کــە بــووە مایــەی زیادبوونــی هەژموونــی لەنــاو جەمــاوەری قوتابیانــی کوردســتاندا بەشــێوەیەکی تایبــەت و قوتابیانــی عێــراق بەگشــتی.

## یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان

سـەبارەت بـە یەکێتیـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان وەك سـێیەمین ڕێکخـراو دووای یەکێتیـی ئافرەتانـی کوردسـتان و یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان، لـە مـاوەی پـاش لەدایکبوونـی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان دەرکـەوت لەبـەر هەمـان هـۆ کـە پێشـتر ڕوونمـان کـردەوە و پەیوەندییـان بـە سـەرەتاکانی سـەرهەڵدانی ڕێکخـراوە کوردسـتانییەکانەوە هەیـە لەگـەڵ جیاوازییەکـی جەوهەریـدا دەربـارەی سرووشـتی لاوان، لـەو ڕووەوە توێژێـك نییـە تایبـەت بـە دەسـتەیەکی دیاریکـراو وەك قوتابیـان و مامۆسـتایان و کرێـکاران، چونکـە چەمکـی لاوان بـە کۆمەڵـە خەڵکێـك دەوترێـت سـەر بـە تەمەنێکـی دیاریکـراو کـە بـەزۆری لەنێـوان ١٨-٣٥ سـاڵیدایە، یـان ٤٠-٤٥ سـاڵی بـۆ تاقـم و چینـە کۆمەڵایەتییـەکان، بـۆ نموونـە قوتابیـان و مامۆسـتایان و ئافرەتـان کاتێـك تەمەنیـان لەنێـوان ١٨ بـۆ ٤٥ سـاڵیدا بێـت بـە لاو دادەنرێـن. مەبەسـت لـەو ڕوونکردنەوەیـە مانـا و پێناسـەی لاوانـە تـا خوێنـەر بەئاسـانی لـە سرووشـتی کاری ڕێکخراوەکانـی لاوان تێبـگات، کـە سـنووری کۆمەڵێکـی دیاریکـراو دەبڕێـت بـۆ کۆمـەڵ و چینەکانـی تـر لـە تەمەنێکـی دیاریکـراودا، بەمەبەسـتی لەخۆگرتنـی وزەکانیـان و ئاراسـتەکردنیان بـەرەو ئامانجـە ڕاگەیەنـراوەکان لـە بەرنامـەی ئـەو ڕێکخراوانـەدا، جـا سیاسـی بـن یـان کۆمەڵایەتـی یـان چالاکیـی وەرزشـی و تەرفیهـی بـن.

سرووشـــتی لاوانـــی کوردســـتان بـــەم شـــێوەیە بـــوو، کـــە خـــۆی لـــە چوارچێـــوەی یەکێتیـــی لاوانـــی دیموکراتـــی کوردســـتاندا بینییـــەوە، کـــە هـــاوکات لەگـــەڵ لەدایکبوونـــی یەکێتیـــی قوتابیانـــی کوردســـتان لەدایـــك بـــوو بەبـــێ ڕاگەیاندنـــی کۆنگرەیەکـــی ئاشـــکرا یـــان کۆنفرانســـێکی دیاریکـــراو لـــەو کاتـــەدا، چونکـــە سرووشـــتی کاری یەکێتیـــی لاوانـــی دیموکراتـــی کوردســـتان لـــەو کاتـــەدا لەســـەر بناغـــەی گردبوونەوەیەکـــی دەســـتەبژێرانە لـــە قوتابیـــان و کرێـــکاران و مامۆســـتایان و کچانـــی زانکۆیـــی و بەشـــداریکردن لـــە بۆنـــە نەتەوەیـــی و نیشـــتمانییەکان، یـــان ئامادەبوونـــی بۆنـــە جیهانییەکانـــی وەك فیســـتیڤاڵە جیهانییەکانـی قوتابیـان و لاوان دامەزرابـوو. ئـەم دۆخـە بـەردەوام بـــوو تـــا بەرپابوونـــی شـــۆڕشـــی ١٤ی تەممـــووزی ســـاڵی ١٩٥٨.

## یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و کاری ئافرەتی کوردستان

لــە ناوەڕاســتی چلەکانــەوە چالاکیــی ئافرەتانــەی گشــتی هەبــوو، چ لــە بەغــدا و چ لــە شــارەکانی کوردســتان بەتایبــەت لــە شــاری ســلێمانی، ئەویــش لەبــەر هەنــدێ هــۆی زانــراو، لــەو رووەوە ســەروەختێك پایتەختــی میرنشــینی بابــان و پایتەختــی حوکمداریــی شــێخ مەحمــوود بەرزنجــی بــووە، هەروەهــا ئــەو چالاکییــە رۆشــنبیر و رۆژنامەوانییانــەی بەهــۆی بوونــی چاپخانــەی شــارەوانی و دەرچوونــی چەنــد رۆژنامەیەکــەوە لــە چەنــد کاتێکــی جیــاوازدا لــە ســەرەتای ســەدەی بیســتەمەوە ئەنجــام دەدران و پێگەیشــتنی بزوتنــەوەی نیشــتمانی و دەرکەوتنــی چەندیــن کەســایەتیی سیاســی و رۆشــنبیریی کاریگــەر لــە کۆمەڵگــەدا. لــە جەرگــەی ئــەو بارودۆخــەدا چەنــد رێکخراوێکــی ئافرەتــان لەدایــك بــوون کــە ســەرەتا خــاوەن مۆرکــی کۆمەڵایەتــی بــوون و پەرەیــان ســەند بــۆ بــوارە سیاســییەکان، وەك پاشــتر دێینــە ســەری.

لێــرەدا پێویســتە ئامــاژە بــە دامەزراندنــی هەنــدێ رێکخــراوی ئافرەتانــەی عێراقــی بدەیــن بەتایبــەت لــە بەغــدای پایتەخــت و بەشــداریکردنی ئافرەتانــی کــورد تێیــدا، لــە پێــش ئــەو رێکخــراوە ئافرەتانــەوە (رابیتــەی بەرگریکــردن لــە مافەکانــی ئافــرەت) دێــت، کــە پاشــتر نــاوی گــۆڕا بــۆ (رابیتــەی ئافرەتانــی عێــراق) کــە لــە ١٠ی ئــاداری ســاڵی ١٩٥٢ پــاش کۆبوونەوەیەکــی فراوانــی پێشــەنگی ئازادیخــوازی ئافرەتانــی عێراقــی لــە بەغــدا دامــەزرا.

بە بڕوای ژنە ئەندامی رێکخراوەکە (خانم زهدی) کە خەڵکی شاری سلێمانییە و لە دیارترین کەسایەتییە ئافرەتانە کوردەکان بوو و رۆڵی هەبوو لە پەرەپێدان و سەرکردایەتیکردنی رابیتەی ئافرەتانی عێراق لە قۆناغی جیاوازی کاروانی رابیتەکەدا "دامەزرانی[8] رابیتە گواستنەوەیەکی جۆرایەتی بوو لە مێژووی بزوتنەوەی ئافرەتانی عێراقدا و یەکەمین رێکخراوی ئافرەتانە بوو کە لە ئامانجەکانیدا خەباتی رزگاریخوازانەی نیشتمانی و خەبات لەپێناو مافەکانی ئافرەت و بەختەوەریی منداڵێتیدا کۆ کردەوە، ئەویش لە روانگەی دەرککردنی بەوەی ئازادکردنی ئافرەت بەبێ ئازادکردنی کۆمەڵگە نایەتە دی، کۆمەڵە ئافرەتانەکەی تری پێش دامەزراندنی رابیتە جگە لە رابیتەی ئافرەتانی عێراق ئامانجەکانیان لە کۆمەڵێك ئامانجی خێرخوازیدا کورت کردبووەوە. کۆبوونەوەکە بەیاننامەی دامەزراندن و پەیڕەوی ناوخۆ و ئامانجەکانی دەرکرد، کە (ئامانجەکان) بریتی بوون لە:

١- خەباتکردن لەپێناو ئاشتی و رزگاربوونی نیشتمانی و دیموکراسی و ئاشتی.

٢- خەبات لەپێناو مافەکانی ئافرەتان و یەکسانییان.

٣- خەبات لەپێناو پاراستنی منداڵێتی و بەختەوەربوونیدا،

هەروەك تێبینی دەکرێت ئەم رێکخراوە ئافرەتانە عێراقییە (رابیتەی

---

٨ صفحات من تاريخ الحركة النسائية العراقية، خانم زهدى، الصادر من شركة دار الرواد للطباعة والنشر المحدودة، ٢٠٠٧.

ئافرەتانی عێراق) وێڕای بوونی ژنە چالاكوانی كورد لە ناو ریزەكانیدا؛ بە یەك ئاماژەیش باسی لە واقیعی ئافرەتی كوردستان و نەهامەتییە نەتەوەیی و كۆمەڵایەتی و خێزانییەكانی نەكرد، هەمووو ئەوەی لەو بوارەدا كرا بوونی بڕگەیەكە لەنێو كارەكانیدا كە كارەكانی رابیتەكە لە كوردستان تۆمار دەكات و دەڵێت: "لقەكانی رابیتە لە شارەكانی كوردستان دامەزران و ئەو لقانە لەپێناو بەرزكردنەوەی ئاستی ئافرەت و چەسپاندنی مافەكانیدا كردووە، بە بەسترانەوە لەگەڵ تایبەتمەندییەكانی بزوتنەوەی نەتەوەیی نیشتمانی"[٩].

سەبارەت بە رێكخراوە ئافرەتانەكانی ئافرەتی كوردستانی وەك توێژێك كە نیوەی كۆمەڵگەی كوردستان پێك دێنێت و تاڵی و سوێریی زۆر چەشتووە بەهۆی ئەو دۆخە دوواكەوتووەی كوردستان لە رووە سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتییەكاندا بەدەستییەوە گرفتار بوو و بە خراپی بەسەر ئافرەتی كوردستان شكابوویەوە، هەروەها بەشێوەیەكی گەورەتر لەئەنجامی دۆخی ئافرەت بەتایبەت لە كۆمەڵگەیەكی وەك كۆمەڵگەی ئێمە كە ئافرەت لەژێر رەحمی كۆمەڵێك ئاڵۆزكاریی خێزانیدا بووە و بەكەمی رووی داوە لێرە و لەوێ ئافرەتێك هەڵبكەوێت چالاكیی بەرچاوی لەسەر هەردوو ئاستی سیاسی و كۆمەڵایەتی هەبێت، ئەویش لەبەر ئەو هۆیانەی باس كران. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ناوبەناو هەندێ ئافرەت لە هەندێ بواری دیاریكراودا دەركەوتوون و بەوە ئەو هەلومەرجە

٩ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

سـەختەیان تێپەڕانـدووە کـە لـە کۆمەڵگـەی کوردسـتاندا باڵادەسـت بـووە.

بـۆ ئـەوەی خوێنـەر بـە سـەرەتاکانی سـەرهەڵدانی کاری ئافرەتـی کوردسـتانی لـە بـواری سیاسـی و کۆمەڵایەتیـدا بەشـێوەیەکی رێکخـراو و کاریگـەر ئاشـنا ببێـت، پێویسـتە بگەڕێینـەوە بـۆ ناوەڕاسـتەکانی چلەکانـی سـەدەی بیسـتەم، کـە بـۆ یەکەمیـن جـار رێکخراوێکـی ئافرەتـان بـە نـاوی (کۆمەڵـەی ئافرەتانـی شۆڕشـگێڕ)[١٠] بـە دەستپێشـخەریی خاتـوو (ئەجـی خانـم) سـەری هـەڵ دا، کـە وردەکاریـی ژیانـی کۆمەڵایەتیـی ئـەو خاتوونـەوە نازانرێـت بـەڵام ئـەوەی لەبـارەی رێکخراوەکەیـەوە زانـراوە ئەوەیـە سـەرەتا لـە ناوجەرگـەی شـاری کەرکووکـەوە پەیـدا بـووە و چالاکییەکانـی گوێزاوەتـەوە بـۆ شـاری سـلێمانی، کـە هەلومەرجـی سـلێمانی لـە شـارەکانی تـری کوردسـتان جیـاواز بـووە لـە رووی پەرەسـەندنی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و رۆشـنبیرییەوە، ئەویـش لەبـەر کۆمەڵێـك هـۆ لێـرەدا بـواری باسـکردنیان نییـە. بـەڵام گواسـتنەوەی (ئەجـی نەجـم) بـۆ سـلێمانی و لـەوێ چاوکەوتنـی بـە خاتـوو (حەپسـە خانـی نەقیـب) و پێکهێنانیـان بـۆ یەکێتییەکـی ئافرەتانـە بەنـاوی "یەکێتیـی خوشـکانی دیموکراسـیی کوردسـتانی" سـاڵی ١٩٤٧ بـە هـاوکاری لەگـەڵ خاتـوو ناهیـدە شـێخ سـەلام و مینـا خـان، وای کـرد خەباتـی ئافرەتـی کـورد بچێتـە قۆناغێکـی پێشـکەوتوو و سـەرەتای کۆبوونەوەیـان لـە رێکخراوێکـی سـەربەخۆدا سـەرباری سـنووردارییی ئـەو چالاکییـە لـە ناوەندەکانـی ئافرەتانـی کوردسـتان.

١٠ "نبذة عن تاريخ اتحاد نساء كوردستان"، دەستنووسە، لە ئامادەکردنی چەند ئەندامێك لە یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان.

ئـەو دۆخـە بـەردەوام بـوو تـا ئـەو کاتـەی بیرۆکـەی دامەزراندنـی ڕێکخراوێـك گەلاڵـە بـوو کـە ئافرەتانـی کوردسـتان لـە ڕیزەکانیـدا لەخـۆ بگرێـت لـە سـەرەتای پەنجاکانـی ئـەم سـەدەیەدا (سـەدەی بیسـتەم). دوو بیرۆکـە هەبـوون لەمێـژ بـوو قسـەیان لەسـەر دەکـرا: یەکەمیـان دامەزراندنـی ڕێکخراوێکـی ئافرەتـان تایبـەت بـە ئافرەتـی کـورد بەتەنهـا لەبـەر هەنـدێ هـۆ کـە ڕەنگـە بـۆ کاتـی خـۆی بەجـێ بوو‌بێـت لـەو ڕووەوە بیرۆکەکـە لـە واقیعـی ئافرەتانـی کـورد و ئـەو چەوسـاندنەوە نەتەوەییـەی بەدەسـتییەوە دەیانناڵانـد بەحوکمـی پەیوەسـتییە کۆمەڵایەتییەکانیـان وەك بەشـێکی زینـدوو لـە پێکهاتـەی خێـزان لـە کۆمەڵگـەی کوردسـتاندا، وەرگیرابـوو، کـە پەیوەندیـی نێـوان تاکەکانـی خێـزان زۆر بەهێـز بـوو و تێـی دەپەڕانـد بـۆ پەیوەندییەکانـی نێـوان خێزانـەکان چ لـە گونـد و چ لـە سـەنتەری شـارەکاندا. ئـەو دیـاردە ئەرێنییـە سـەری دەکێشـا بـۆ حاڵەتێـك لـە پێکەوەبەسـتران و پەیوەندیـی دۆسـتانە چ لەسـەر ئاسـتی یـەك خێـزان و چ لەنێـوان کۆمەڵـە خێزانێـك لـە کۆمەڵگـەی کوردسـتاندا و لـە کۆتاییـدا کۆمەڵگـەی کوردسـتان بەگشـتی، کـە بەهـۆی ئـەو پەیوەندییـە دۆسـتانەیەی نێـوان تاکـەکان و خێزانـەکان هەسـتکردن بـە نەهامەتـی و چەوسـاندنەوەی سیاسـی قـووڵ دەکـردەوە، یـان حاڵەتێـك لـە تووڕەیـی و بێـزاری لای گەلـی کـورد بەگشـتی دروسـت دەکـرد، لـە ئاکامـی سیاسـەتە سـەرکوتکەرانەکان و نکووڵیکـردن لـە مافـە نەتەوەییـەکان و نسـکۆی یـەك لـەدووای یەکـی شۆڕشـە کوردییـەکان لـە سـەرجەم پارچەکانـی کوردسـتانی بەشبەشـکراو و کاریگەریـی ئـەو

شکستانە لەسەر باری دەروونیی پیاو و لێرەیشەوە ڕەنگدانەوەکانی لەسەر دەروونی ئافرەت، ئەمە جگە لە دۆخە کۆمەڵایەتییەکەی لە کۆمەڵگەیەکدا دوواکەوتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تێیدا باوە، کە تا بڵێیت ئاڵۆز و سەرەتایین، ئەوەیش کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر بیرکردنەوەی ژنە چالاك و کۆمەڵایەتی و دەستەبژێرەکان کە لە دامەزراندنی رێکخراوێکی تایبەت بە ئافرەتانی کورد بکۆڵنەوە.

هەرچی ئاراستەی دووەمە گشتیتر و گشتگیرتر بوو؛ بیرۆکەکە (لە رووی کوردستانیبوونەوە) لە واقیعەوە نزیکترە، چونکە کۆمەڵگەی کوردستان یەك یەکەیە و دابەش نابێت و لە کۆتاییدا بوونی نەتەوەی تری وەك تورکمان و کلدۆ ئاشوور لە کوردستان لەگەڵ ئامانجەکانی هیچ رێکخراوێکی کوردستانیدا ناکۆك نابێت کە لەوانەیە سەرهەڵبدات و دروشمی کوردستانیبوونی بە بڵندی بەرز بکاتەوە و ئامانج و داواکارییەکان وەك یەك یەکەی کوردستانی لەخۆ بگرێت لەگەڵ رێزگرتنی تایبەتمەندییەکاندا، چ ئاینی بن یان نەتەوەیی، ئەمەیە وای لە پێشەنگان و دامەزرێنەران کردووە لە کۆنگرەی دامەزراندندا کە لە ١١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٢ بەسترا لەسەر راگەیاندنی لەدایکبوونی رێکخراوێك رێك بکەون لەپێناو ئافرەتانی کوردستانیدا خەبات بکات.

بۆچوونی جیاواز هەیە دەربارەی ساڵی دامەزراندن. بۆچوونی یەکەم کە سەرکردایەتیی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و هەندێ دەستەبژێری چالاك لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا پشتگیری دەکەن دەڵێت مێژووی

دامەزراندنـــی ١٩٥٢/١٢/١١ بـــووە، واتــە پێــش لەدایکبوونـــی ڕێکخـــراوە جەماوەرییەکانی تـر، بەتایبەت قوتابیـان و لاوان، بـە سـێ مانـگ، لەکاتێکـدا ئەدەبیاتـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یاداشـتەکانی سیاسییەکان ئـەوە دەسـەلمێنن لەدایکبوونـی ڕێکخـراوە کوردسـتانییەکان بـۆ سـاڵی ١٩٥٣ دەگەڕێتـەوە، واتـە پـاش کۆتاییهاتنـی کۆنگـرەی سـێیەمی پارتـی لـە ٢٦ی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٥٣.

لێـرەدا دەبێـت بگەڕێینـەوە بـۆ یاداشـتەکانی خاتـوون و چالاکـوانی کوردسـتانی، تێکۆشـەری کۆچکـردووە (درەخشـان شـێخ جـەلال حەفیـد زادە) کـە لـە یاداشـتەکانیدا مێـژووی یەکێتیـی ئافرەتـانی کوردسـتانی تۆمـار کـردووە لـە کتێبەکەیـدا بەناونیشـانی: (کورتەیـەك لەبـارەی بزوتنـەوەی ڕزگاریخـوازي ئافرەتـانی کوردسـتان) کـە سـاڵی ٢٠٠٦ دەرچـووە و لەژێـر ناونیشـانی (چەنـد یاداوەرییـەك لەبـارەی دامەزرانـدنی یەکێتیـي ئافرەتـانی کوردسـتان) دەڵێـت:

ڕۆژی ١٩٥٢/١٢/١١ شـەهید شـەهاب شـێخ نـووری لەگـەڵ کاك بابـا تاهـیر شـێخ جـەلال کـە لـە ئەندامـانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـوون باڵـی پێشـکەوتنخواز هاتـن بـۆ لام و بەنـاوی مامۆسـتا موحـەڕەم محەمـەد ئەمینـەوە پێیـان ڕاگەیاندیـن (مـن و خاتـوو ثورەیـا کچـی مـەلا محەمـەد جـەلی زادە)ی کۆیـە لـە ماڵـی بەڕێـز مـیرزا غەفـوور (بـاوکی مامۆسـتا کەمـال غەفـوور) ئامـادە بـین. کاتێـك لەبـارەی هـۆی ئامادەبوونەکـە پرسـیارمان کـرد بەڕێـز شـێخ شـەهاب شـێخ نـووری

وەڵامــی دایــەوە: کۆبوونەوەیــەکی ئافرەتانــە هەیــە مەبەســت لێــی دامەزرانــدنی یەکێتیــی ئافرەتــانی کوردســتانە بــۆ ســەرجەم ئافرەتــانی کوردســتان بــە جیاوازیــی ئاراســتەی سیاســی و ئاینــی و نەتەوەییــەوە، بــە بیســتنی هەواڵەکــە زۆر دڵخــۆش بــووم، لەبەرئــەوەی پــەرۆش بــووم بــۆ کارکــردن لــە ڕێکخراوێــکی ئافرەتانــەی کوردســتانی و بەرگریکــردن لــە مافەکانیــان و یەکســانی لەگــەڵ پیــاودا. کاتێــك لــە کات و شــوێنی دیاریکــراودا ئامــادەی کۆبوونەوەکــە بوویــن، وەك بــیرم بێــت ئــەم خوشــکانەم بینــی:

١- ناجیە مستەفا موفتی (سەرۆکی پلینیۆم).

٢- ناجیە میرزا غەفوور.

٣- ناهیدە میرزا غەفوور.

٤- ئافتاو کەریم.

٥- مەدیحــە محەمــەد ئەمــین (خوشــکی مامۆســتا محەمــەد ئەمــین).

٦- ثورەیــا مــەلا محەمــەد (ی گــەورە) (کچــی مــەلا محەمەجــی جــەلی زادە لــە کۆیــە).

٧- درەخشان شێخ جەلالی حەفید.

داوای لێبــوردن دەکــەم کــە نــاوی ســەرجەم ئامادەبووانــم بیــر نەمــاوە، ســەبارەت بــە خاتوونەکانــی دیکــە لــە بەغــدا وەك خوشــکە زەکیــە ئیســماعیل حەقــی و هەڤــاڵان لــە شــارەکانی کوردســتان وەك ناهیــدە شــێخ ســەلام

(دایکی دکتۆر رۆژ) و مامۆستا لوتفییە حاکم سدیق و هەندێ خاتوونە هەڤاڵی تر سەرەڕای ئاگەدارکردنیان بۆ ئامادەبوون لە پلینیۆمی ناوبراو، بەڵام لەبەر ئەو بارودۆخە سەختەی باڵی بەسەر تەواوی عێراق و بەتایبەت شاری سلێمانیدا کێشابوو، نەیانتوانی لە رۆژی دیاریکراودا لە سلێمانی ئامادە بن. سەبارەت بە پیلینۆمەکە، سەرۆکی کۆبوونەوەکە بە وتەیەك دەستی پێ کرد لەبارەی ئامانج لە بەستنی کۆبوونەوەکە، ئەویش بە دامەزراندن و راگەیاندنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان کە ئافرەتانی کوردستان لەخۆ دەگرێت و لەپێناو ئازادیی ئافرەتان و چەسپاندنی مافەکانیاندا کار دەکات. هەڤاڵی سەرۆکی دانیشتنەکە وتی: لەبەر ئامادەنەبوونی زۆربەی نوێنەرانی شارەکانی تر و تەواونەبوونی نیساب، ناتوانین هەڵبژاردن بکەین بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی یەکێتییەکە و ئەندامانی دەستەی کارگێڕی و ئامادەکردنی پەیکەری رێکخستن، لەبەرئەوە رۆژی ١٩٥٢/١٢/١١ بە رۆژی راگەیاندنی دامەزراندن دادەنرێت، بەڵام پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێك لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستاندا راگەیەنرا کە ئەو رۆژە، واتە رۆژی بەستنی پیلینیۆم، بە کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان دابنرێت".

گرنگ ئەوەیە جیاوازیی نێوان هەردوو مێژوو کار لەوە ناکات کە یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لەئەنجامی نەهامەتی و پێویستیی ئافرەتی کوردستانی بۆ رێکخراوێك لەدایك بوو، کە بەرگری لە مافەکانیان بکات و داواکارییەکانیان تەبەننا بکات و سەرکردایەتیی خەباتیان لە

کاروانــی ژیانــدا بــکات وەك توێــژ و تاقمەکانــی تــری گەلــی کوردســتان.

بــەم شــێوەیە یەکێتیــی ئافرەتانــی کوردســتان وەك یەکەمیــن ڕێکخــراوی ئافرەتانــەی کوردســتانی لــە گۆڕەپانــی کوردســتان-عێراقدا لەدایــك بــوو توانــی لــە ســەرەتای دامەزراندنیــدا دەســتەبژێری ئافرەتانــی کوردســتان لەخــۆی کۆبکاتــەوە، پاشــانیش جەمــاوەری ئافرەتانــی کوردســتان، بــا بــە پلــەی جیاوازیــش بێــت بەپێــی کات و شــوێن؛ هەنــدێ کات ســەرکەوتوو بــووە، لــە هۆڵەکانــی کۆلێژەکانــی بەغــدا و هەنــدێ لــە ئامادەییــەکان لــە شــاری ســلێمانی و کەرکــووك و بەغــدا، لــە کارکردنــە ســەر ئاراســتەکانی کچــە قوتابیانــی کوردســتانی وەك دەســتەبژێرێکی خوێنــدەوار کــە هەســت بــە پێویســتیی بوونــی ڕێکخراوێــك دەکات بەرگــری لــە دۆزەکانیــان بــکات، لەکاتێکــدا ئــەو ڕێکخــراوە بەهــۆی بارودۆخــی کۆمەڵایەتییــەوە ســەرەتا نەیتوانــی بچێتــە نــاو مــاڵ و خێزانــەکان، کــە زۆربــەی جــار ئــەوە بووەتــە بەربەســتی ســەرەکی لەبــەردەم چوونــی کچــان و ژنــان بــۆ نــاو کارەکانــی یەکێتیــی ئافرەتــان، ئەمــە جگــە لــە فاکتــەری تریــش.

مــاوەی نێــوان ســاڵی دامەزرانــدن و شــۆڕشــی ١٤ی تەممــووزی ســاڵی ١٩٥٨ قۆناغێکــی ســەخت و دژوار بــوو لــە ژیانــی یەکێتیــی ئافرەتانــی کوردســتاندا لەبــەر ئــەو هۆیانــەی بــاس کــران، بــەڵام ڕوودانــی ئــەو شــۆڕشــە ســوودی زۆری بــۆ کەوتنــە ســەر پێــی ئافرەتــی کوردســتانی هەبــوو، چ لــە کاری پیشــەیی یــان سیاســیدا، چونکــە شــۆڕشــی ناوبــراو بازدانێکــی جۆرایەتــی بــوو و ئاســۆیەکی فراوانــی لەبــەردەم ئافرەتانــی عێــراق و ئافرەتانــی

کوردستانیشـــدا کـــردەوە.

هەرچـــی کۆمەڵـــە جووتیارییـــەکان و ســـەندیکاکانی کرێکارانـــە لـــە کوردســـتان لـــەو ماوەیـــەدا، هیـــچ ئاســـەوارێکی بوونـــی ســـەندیکایەکی گشـــتیی کرێـــکاران یـــان یەکێتیـــی گشـــتیی کۆمەڵـــە جووتیارییـــەکان نابینیـــن هاوشـــێوەی ڕێکخـــراوە دیموکراســـییەکانی تـــر کـــە لـــە لاپەڕەکانـــی رابـــردوودا بـــاس کـــران، لـــەو رووەوە توانـــای دامەزراندنـــی یەکێتییەکـــی ناوەنـــدی بـــۆ جووتیارانـــی کوردســـتان و ســـەندیکایەك بـــۆ کرێکارانـــی کوردســـتان فەراهـــەم نەبـــوو، ئەویـــش لەبـــەر ئـــەم هۆیانـــەی خـــوارەوە:

١- کۆمەڵگـــەی کوردســـتان مۆرکـــی کشـــتوکاڵی بەســـەریدا زاڵ بـــوو، کارگـــە و ســـنعەتگەی تێـــدا نەبـــوو بنکەیەکـــی پیشەســـازی دروســـت بـــکات کـــە ڕێگـــە بـــۆ دەرکەوتنـــی ناوکێـــك (نـــواة) بـــۆ کرێـــکاران بکاتـــەوە، ئـــەوەی ســـەبارەت بـــەو چینـــە هەبـــوو بوونـــی کرێکارانـــی بیناســـازی و کرێکارانـــی وەرشـــە پیشەســـازییە بچووکـــەکان بـــوو لـــە هەنـــدێ شـــاری گـــەورەدا وەك ســـلێمانی و هەولێـــر، ئەڵبـــەت جگـــە لـــە شـــاری کەرکووکـــی دەوڵەمەنـــد بـــە نـــەوت، کـــە پیشەســـازییە نەوتییـــەکان تێیـــدا لـــە ڕێـــی کۆمپانیـــا بیانییەکانـــەوە یارمەتیـــی دەرکەوتنـــی کرێکارانـــی پیشەســـازی و کرێکارانـــی هێڵـــی ئاســـنینی بەتەنهـــا دەدا کـــە زۆریـــش نەبـــوون. جـــا لـــە بارێکـــدا بەهیـــچ شـــێوەیەك هەســـتکردن بـــە چەوساندنەوەی چینایەتـــی نەبـــوو، لـــەو رووەوە بۆرژوازییەکـــی پیشەســـازی نەبـــووە خاوەنـــی کۆمپانیـــاکان یـــان کەرتێکـــی پیشەســـازیی گـــەورە بێـــت کرێـــکاران بەشـــێوەیەکی بەرفـــراوان بـــەکار بێنێـــت و ببێتـــە هـــۆی روودان و

دروستکردنی کێشە تا ببێتە پاساوێك بۆ بیرکردنەوە لە دامەزراندنی سەندیکایەك بۆ کرێکاران. ئەوەی هەبوو ئەوە بوو ئەو کرێکارانە لەلایەن دەوڵەتەوە بەکار دەهێنران لە چوارچێوەی ڕێساکانی یاسای ڕاژەی شارستانی و دەستبەری کۆمەڵایەتیدا، یان بە کرێ لە کۆمپانیای نەوتی عێراق (I. P.C). کاریان دەکرد بەگوێرەی هەندێ ڕێسای تایبەتی کارکردن کە بەلای کرێکارانەوە زانراو بوون؛ ئەمە جگە لە کۆمەڵە کرێکاری بیناسازی تر کە ملکەچی هیچ یاسا و سیستمێکی دیاریکراو نین و کرێکانیان لەسەر چەند بنچینە و ڕێسایەکی گشتیی نەنووسراو دیاری دەکرا.

٢- زاڵبوونی چەوساندنەوەی نەتەوەیی بەسەر هەموو شێوەکانی تردا و هەمووان یەکسان بوون، دیاردەی چەوساندنەوەی چینایەتی بەو شێوە زاڵە نەبوو وەك لە ئەدەبیاتی حزبە سیاسییە چەپەکاندا دەیبینین، چونکە سەرجەم چین و توێژەکانی گەل لە کوردستان بەدەست چەوساندنەوەیەکی سیاسییەوە دەیانناڵاند کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا سەپاندبووی، ئەوەیش بووە مایەی وەستانەوە بەڕووی ئەو چەوساندنەوەیەی دژی تەواوی گەلی کورد دەکرا و لای خۆیەوە بوو بەهۆی لاوازبوونی هەستی چینایەتی.

لەلایەکی ترەوە بزوتنەوەی سیاسی لەنێو کرێکاران و جووتیاراندا چالاك بوو، کە دوو ئاراستە لە گۆڕەپانەکەدا هەبوون: ئاراستەی نەتەوەیی ڕزگاریخواز کە لەو حزب و کۆمەڵە کوردییانەدا خۆی

دەنواند کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم تا ناوەڕاستی چلەکان سەریان هەڵ دا، ئەوە بوو حزب و بارستە سیاسییەکانی کوردستان لەژێر چەتری حزبێکی نەتەوەیی دیموکراتدا کە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و ئاراستەی چەپ کە لە حزبی شیوعیی عێراقیدا خۆی دەنواند، کە بە گەرموگوڕی لە گۆڕەپانەکەدا ململانێیان دەکرد. پارتی لە ناو ریزەکانی جووتیارانی کوردستاندا چالاك بوو و توانی رۆبچێتە ناو قووڵایی گوندی کوردستان و بنکەیەکی رێکخستنی لەناو ریزەکانیاندا دروست کرد. لەبەر فراوانیی بنکەی ئەو چینە لە پانتایی رووبەری جوگرافیی کوردستاندا، پارتی توانی رێکخراوی حزبی خاوەن مۆرکی جەماوەری لە گوند و دێهاتەکاندا دروست بکات، ئەمە جگە لە دامەزراندنی تۆڕی رێکخستن و گرنگی بە لایەنی رۆشنبیرییان دا، ئەوە بوو بەنهێنی گۆڤاری "نرکەی جووتیار"ی دەردەکرد، ئەمە جگە لەو بەیاننامانەی بەناوی کۆمەڵەی جووتیارانی شارەزوورەوە دەردەچوون و ئەو بڵاوکراوانە لەو کاتەدا رۆڵێکی ئەرێنییان بینی، کە بەشێوازێکی سادە دەنووسران و لە ئەڵقەکانی رێکخستنی حزبی هەندێ جار لە ماڵەکان و هەندێ جار لە مزگەوتەکاندا بۆ جووتیاران دەخوێنرانەوە.

هەرچی مامۆستایانی کوردستانن، ئەو توێژە گەورەیە، یەکێتییەك یان رێکخراوێکی پیشەیی نەبوو لە چوارچێوەیەکی گشتیی پیشەییدا کۆیان بکاتەوە بەتایبەت لە ساڵانی ١٩٥٣-١٩٦٢ جگە لە چالاکییان لە ریزەکانی پارتی و حزبی شیوعیی عێراقدا. ئەم توێژە رۆڵێکی بەرچاوی

لـە بێداربوونـەوەی بیـری نەتەوەیـی و دیموکراسـی لـەو سـاڵانە و پێشـتردا بینـی، کاتێـك بەشـدارییان لـە پێکهێنانـی حـزب و رێکخـراوی سیاسـی و دامـەزراوەی پەروەردەییـدا دەکـرد هـەر لـە "کۆمەڵـەی زانسـتی کـوردان" و کۆمەڵـەی "دارکـەر" و حزبـی "هیـوا" و حزبـی "شـۆڕش و رزگاری". هەروەهـا لـە چالاکییـە پەروەردەییـە خـاوەن مۆرکـە نەتەوەییـەکان و رۆڵـی بەرچـاو و مێژووییـان بەتایبـەت لـە قوتابخانـە سـەرەتاییەکاندا، کـە تـۆری بیـری نەتەوەییـان چانـد بەتایبـەت لـە سـییەکان و چلـەکان و پەنجـاکان و شەسـتەکانی سـەدەی رابـردوودا، لەنـاو ئەوانـدا نەوەیـەك پەیـدا بـوو خـۆی بـۆ ئامانجـە باڵاکانـی گەلـی کوردسـتان و بزوتنـەوەی نیشـتمانیی عێـراق تەرخـان کـرد، کـە بوونـە سـەرەتای گـەش لـە خەباتـی نەتەوەیـی و نیشـتمانیدا.

شـایانی باسـە دامەزراندنـی سـەندیکایەك لەسـەر ئاسـتی تـەواوی عێـراق بەنـاوی سـەندیکای مامۆسـتایان لـە چالاکییـە سیاسـی و نەتەوەییەکانـەوە دوور بـوو، هێنـدە هەیـە بـۆ ئـەوە پەیـدا بـوو تـا مامۆسـتایان بـەو سـەندیکایەوە ببەسـتێتەوە و ئابوونـەی سـاڵانەیان لـێ وەربگرێـن و گۆڤـاری (مامۆسـتای نوێ)یـان بەسـەردا دابـەش بکرێـت، کـە پاشـتر گـۆڕا بـۆ سـەندیکایەك سیاسـەتە مەرکەزییەکانـی حکوومەتـە عێراقییـەکان هەڵیدەسووڕاند و لـە قۆناغێـك لـە قۆناغەکانـدا بـوو بـە کۆسـپێك لەبـەردەم چالاکییەکانـی یەکێتیـی مامۆسـتایانی کوردسـتان کـە لـە ١٦ی ئایـاری سـاڵی ١٩٦٢ دامـەزرا.

# ڕێکخراوە کوردستانییەکان پاش شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ تا هەڵگیرسانی شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١

پێنج ساڵی تەمەنی لەدایکبوونی ڕێکخراوە کوردستانییەکان (ساڵی ١٩٥٣) تا ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و هاتنەکایەی سیستمی کۆماری لە عێراق لە ١٩٥٨/٧/١٤، بە قۆناغێکی گرنگ دادەنرێت لە ژیانی ئەو ڕێکخراوانە، ئەوە بوو سەرەتای پەنجاکان و ڕێك ساڵی ١٩٥٣ لەدایکبوونی ڕێکخراوە کوردستانییەکانی بەخۆوە بینی وەك پێکهاتەی ڕێکخراوەیی سەربەخۆ و کاری جەماوەرییان خستە نێو چوارچێوەیەکەوە بەگوێرەی کۆمەڵێك بنەمای بەرنامەبەندی کرداری، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە هەردوو یەکێتیی قوتابیان و لاوانی کوردستانەوە هەیە، کە ئەو دوو ڕێکخراوە ئامادەتر بوون بۆ دەرکەوتن و بەشداریکردن لە چالاکییە پیشەیی و سیاسییەکان لەبەر نزیکییان لە ڕووداوەکانەوە بەحوکمی سرووشت و پاشخانی قوتابیان و لاوان و بەشداریی کاریگەریان لە کار و پێکهێنانی حزبە سیاسییەکان و چالاکیی سیاسی لە سەرتاسەری وڵاتدا. بەم شێوەیە دەبینین چۆن وزەکانی ئەوان و چین و توێژەکانی تر لەکاتی گۆڕانی ڕژێمدا تەقینەوە، کە لەمێژ بوو چاوەڕوانیان دەکرد پاش ئەوەی بەدەست بێبەشکردن و سەرکوتکردنی سیاسییەوە دەیانناڵاند و چالاکییان زیادی کرد و لەگەڵ هێڵە سەرەکییەکانی کاری

حزبـە نەتەوەیـی و نیشـتمانییەكاندا ئاوێتـە بـوو. شـێوەی ئـەو رێكخراوانـە مۆركـی سـەربەخۆی خۆیانیـان وەرگـرت لـە رووی چوارچێـوە تەنزیمییـەكان و چالاكییـە پیشـەییەكانەوە و كۆمەڵانـی گـەورەی ئـەو چیـن و توێژانەیـان لەخـۆ گـرت كـە نوێنەرایەتییـان دەكـردن، لـە رووی جەماوەرییـەوە چـالاك بـوون و بەهرەكانـی سـەركردەكانیان بەهـۆی چالاكیـی ئاشـكرا و سـوودوەرگرتن لـەو كەشـوهەوایەی بۆیـان رەخسـا، بەتایبـەت لـە هـەردوو سـاڵی یەكـەم و دووەم لـە تەمەنـی شـۆڕش، گەشـەیان كـرد.

یەكێتیـی قوتابیانـی كوردسـتان رۆڵـی پێشـەنگانەی هەبـوو لـە رووی ئیسـتیعابكردنی دۆخـە تازەكـەوە، ئـەوە بـوو هـەر زوو لـق و لیژنـە ئاشـكراكانی دامەزرانـد و چەندیـن بـارەگای كـردەوە و چەمكـی نوێـی هێنایـە نـاو كاری رێكخراوەیـی، كـە لـە بنەڕەتـدا بـۆ پاشـخانە مێژووییـە پـڕ چالاكییەكـەی دەگەڕێتـەوە. پێـش لـە دەركەوتنـی ئاشـكرای پـاش شۆڕشـی ١٤ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٥٨ سـێ كۆنگـرەی بەسـت، لەگـەڵ ئەوەیشـدا چەندیـن كۆسـپ دەهاتنـە بـەردەم بـوون و چالاكییەكانـی و بـە جۆرێـك لـە جـۆرەكان كاری لـە داینامیكییەتـی كاری پیشـەیی كـرد، لـەو كۆسـپانە وەك نموونـە:

یەكـەم: بەركەوتـن لەگـەڵ واقیعـە سیاسـییە تازەكـەدا، كـە ئاراسـتەی بـاو لـە كاری پیشـەییدا هانـدان و بەهێزكردنـی چەمكـی عێراقیبوونـی رێكخـراوە جەمـاوەری و دیموكراسـییەكان و بەرتەسـككردنەوەی بـوار بـوو لـە بـەردەم رێكخـراوە كوردسـتانییەكاندا لـە رووی یاسـاییەوە بـۆ كاركـردن

لـــەو ناوەنـــدەدا نوێنەرایەتـــی دەکات، کـــە لـــە بنەڕەتـــدا دەگەڕێتـــەوە بـــۆ سیاســـەتی حزبـــی شـــیوعیی عێراقـــی بەرانبـــەر کارکردنـــی ڕێکخـــراوە جەمـــاوەری و دیموکراســـییەکان لەلایـــەك و گەڵاڵەنەبوونـــی بیرۆکـــەی بوونـــی ڕێکخـــراوە کوردســـتانییەکان لـــە ناوەنـــدە عێراقییەکانـــی تـــر و لـــە ناوەنـــدە کوردســـتانییەکەدا بەشـــێوەیەکی کاریگـــەر لـــەو ســـەروەختەدا، لـــە لایەکـــی تـــرەوە، کـــە ئەمـــە کاریگەریـــی گـــەورەی لـــەم بـــوارەدا هەبـــوو بەپاســـاوی پارێزگاریکـــردن لـــە یەکێتیـــی نیشـــتمانی لـــە کۆمـــاری عێراقـــدا و هاننـــەدان، یـــان وردتـــر بڵێیـــن بـــە بەرژەوەنـــدی نەبینینـــی هاندانـــی دابەشـــبوون لەســـەر بناغـــەی نەتەوەیـــی لـــە پێکهێنانـــی ڕێکخـــراوە جەماوەرییەکانـــدا و پێیـــان وا بـــوو (یەکێتیـــی گشـــتیی قوتابیـــان لـــە کۆمـــاری عێـــراق) چوارچێـــوەی گشـــتیی ســـەرجەم قوتابیانـــی عێراقـــە بـــە جیاوازیـــی نەتـــەوە و ئاراســـتەی سیاســـییان، بەســـوود وەرگرتـــن لـــە بڕیـــاری وەزارەتـــی مەعاریفـــی عێـــراق بـــۆ ئەنجامدانـــی هەڵبژاردنـــی گشـــتی لـــە تـــەواوی قوتابخانـــە ناوەنـــدی و ئامادەییـــەکان و کۆلێژەکانـــی بەغـــدا بەپشتبەســـتن بـــە بڕیـــاری ئەنجوومەنـــی وەزیـــران لـــە ١٩٥٨/١١/٤ بـــە مۆڵەتـــدان بـــە ئەنجامدانـــی هەلبژاردنەکانـــی قوتابیـــان (تـــا پێکـــەوە کار بکـــەن بـــۆ خزمەتکردنـــی بزوتنـــەوەی قوتابیـــان).

بـــەم پێیـــە هەڵبژاردنێکـــی قوتابیـــان بەڕێـــوە چـــوو، کـــە کەشـــێکی پـــڕ گـــرژی بەســـەریدا زاڵ بـــوو و ســـێ لیســـت کێبرکێیـــان دەکـــرد: بـــەرەی دیموکراســـیی یەکگرتـــوو کـــە نوێنەرایەتیـــی قوتابیانـــی عێراقـــی دەکـــرد بـــە عـــەرەب و کـــوردەوە. یەکێتیـــی قوتابیانـــی کوردســـتان لـــە چوارچێـــوەی

ئـەو لیسـتە هاوبەشـدا بەشـداریی هەڵبژاردنەکەیـان کـرد و نوێنەرانیـان لـە زۆربـەی ناوچەکانـی هەڵبـژاردن سـەرکەوتن. دوو لیسـتی تـر کێبڕکێیـان دەکـرد، کـە بریتـی بـوون لـە لیسـتی بـەرەی نیشـتمانیی یەکگرتـوو کـە قوتابیانـی ناسیونالیسـتی عـەرەب و بەعسـییەکان سـەرکردایەتییان دەکـرد، لەگـەڵ لیسـتی دیموکراسـیی سـەربەخۆ کـە حزبـی نیشـتمانیی بەسـەرۆکایەتیی کامـل چادرچـی و قوتابیانـی سـەربەخۆ لەپشـتییەوە بـوون، پـاش هەڵبژاردنەکـە بەڕەسـمی یەکەمیـن کۆنگـرەی قوتابیـان لـە مـاوەی نێـوان ١٦-٢٠ی شـوباتی سـاڵی ١٩٥٩ بەسـترا، تێیـدا کۆنگرەوانـان بەکـۆی دەنـگ بڕیاریـان دا یەکێتییەکـە نـاو بنێـن (یەکێتیـی گشـتیی قوتابیـان لـە کۆمـاری عێـراق)، ئامانجـی یەکێتییـە نوێیەکـە کۆکردنـەوەی سـەرجەم قوتابیانـی عێـراق و پەسـەندکردنی ئامانجەکانیـان بـوو بەتایبـەت ڕەچاوکردنـی قوتابیانـی کوردسـتان و ڕەچاوکردنـی تایبەتمەندییـان لـە ڕووی نەتەوەییـەوە بەبـێ جیـاوازی، بـەڵام پـاش تێپەڕبوونـی ماوەیەکـی کـورت بەسـەر بەسـتنی کۆنگرەکەیانـدا ئەزموونەکـە (ئەزمـوون و کۆکردنـەوەی عێراقییـەکان بەجیاوازیـی نەتـەوە و ڕێبـازی سیاسـییانەوە لـە یـەك ڕێکخـراودا) بـەرەو شکسـت ڕۆیشـت، ئـەوە بـوو یەکێتییـە تازەکـە واقیعـی قوتابیانـی کوردسـتان لەبەرچـاو نەگـرت و هیـچ گرنگییەکـی بـە یەکێتیـی کوردسـتانی خـاوەن مێـژووی خەباتگێـڕی و ئـەو واقیعـەی هەیـە نـەدا سـەرەڕای هـاوکاری و بەشـداریکردنی کاریگـەری لـە لیسـتی دیموکراسـی و لـەو کۆنگرەیـەدا دووای هەڵبژاردنەکـە بەسـترا. هەمـوو ئـەوەی سـەرکردەکانی یەکێتیـی قوتابیانـی

کوردســتان ئــەوکات لەگــەڵ ســەرکردایەتیی یەکێتیــی گشــتیی قوتابیــان لــە کۆمــاری عێــراق پێــی گەیشــتن پێکهێنانــی لیژنەیەکــی تایبــەت بــوو بەنــاوی (لیژنــەی کاروبــارەی قوتابیانــی کوردســتان) یەکــەم بــۆ گرنگیــدان بــە کاروبــارە رۆشــنبیری و نەتەوەییەکانــی قوتابیانــی غەیــرە عەرەبــی عێــراق و دووەم بــۆ لێکۆڵینــەوە لــە کێشــەکانی قوتابیانــی کوردســتانی و دانانــی چارەســەری پێویســت بۆیــان، لیژنــەی ناوبــراو ناونــرا (لیژنــەی کاروبــاری قوتابیانــی کوردســتان)[11] و پێکهاتبــوو لــە:

١- هاشم ئەربیلی لە کۆلێژی ئەندازیاری.

٢- لامیعە تاڵەبانی لە کۆلێژی تەحریر.

٣- فوئاد جەلال لە کۆلێژی پزیشکیی ئاژەڵ.

٤- تاریق ئامێدی لە کۆلێژی کشتوکاڵ.

٥- باسم تاڵیب موشتاق لە کۆلێژی بازرگانی.

- مستەفا عەبدولڕەحمان لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان.

لیژنــەی ناوبــراو بــە ئەندازەیــەك چــالاك بــوو بەتایبــەت لــە رووی رۆشــنبیرییەوە، ئــەوە بــوو گۆڤارێکــی قوتابیانــی بەنــاوی دەنگــی قوتابیــان (صــوت الطلبــة) دەرکــرد.

دووەم: بوونــی ئاراســتەیەکی بەهێــز لەنــاو مەکتەبــی سیاســی و کۆمیتــەی ناوەندیــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان، پــاش شۆڕشــی ١٤ی تەممــووزی ســاڵی ١٩٥٨ بــە گۆڕینــی رێکخــراوە کوردســتانییەکان و تێکەڵکردنیــان

١١ الحركة الطلابية الكوردية فى العراق ١٩٢٦-١٩٧٠، ماجد حسن علي، ص١٢٦.

لەگـەڵ رێکخـراوە عێراقییـە هاوشـێوەکاندا، کـە حزبـی شـیوعیی عێـراق بەسـەریدا زاڵ بـوو، ئەویـش لەئەنجامـی ئـەوەی هەنـدێ لـە ئەندامانـی مەکتەبـی سیاسیی پارتـی کەوتبوونـە ژێـر کاریگەریـی سیاسـەتەکانی حزبـی شـیوعیی عێـراق و حەزیـان لـە شـوێنپێ هەڵگرتنـی حزبـی ناوبـراو دەکـرد لەسـەر حسـابی تایبەتمەندیـی قوتابیانـی کوردسـتان و خـەون و خواسـتە نەتەوەییەکانیـان، لـە سـەرەتادا هەنـدێ سـەرکەوتنیان بەدەسـت هێنـا، بـە سیاسـەتی تێکەڵکـردن بەپاسـاوی ئـەوەی دۆخـی ئـارای ئـەوکات پەرتکردنـی کۆششـەکان قبـووڵ نـاکات و لەوانەیـە ببێتـە هـۆی دابەشـبوون لـە ریزەکانـی گەلـی عێراقـدا. دامەزراندنـی لیژنـەی کاروبـاری قوتابیانـی کوردسـتان لـە کۆنگـرەی گشـتیی (یەکێتیـی گشـتیی قوتابیـان لـە کۆمـاری عێـراق) باشـترین بەڵگەیـە لەسـەر ئاراسـتەی ناوبـراو. لـەو ماوەیـەدا قوتابیانـی کوردسـتان بەدەسـت ئـەم سیاسـەتە و ئـەم ئاراسـتە هەڵەیـەوە بـەدەر لـە ویسـتی خۆیـان دەیانناڵانـد، لەگـەڵ ئەوەیشـدا سـەرکردایەتیی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان لـەو دۆخـە ئاڵـۆزەدا بـە رێگـەی ئاسـایی خۆیـدا رۆیشـت و بنەمـای تێکەڵکردنـی سـەبارەت بـە رێکخسـتنەکانی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتانی رەت کـردەوە و وەك رێکخراوێکـی سـەربەخۆ بەشـداری لـە کۆنگـرەی دووەمـی یەکێتیـی گشـتیی قوتابیـان لـە کۆمـاری عێراقـی کـرد، کـە ئامادەبوونـی نوێنەرانـی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتانی لـە کۆنگرەکـەدا پێویسـت کـرد پـاش ئـەوەی لـەو هەڵبژاردنانـەی لـە سـەرەتای مانگـی کانوونـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٥٩ بەڕێـوە چـوون سـەرکەوتنی بەدەسـت

هێنا، کە سێ لیستی قوتابیان تێیدا کێبڕکێیان دەکرد: (بەرەی قوتابیانی یەکگرتوو، بەرەی قوتابیانی یەکگرتوو و لیستی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان-عێراق). دوو لیستی کۆتایی بۆ باڵادەستبوون بەسەر گۆڕەپانی قوتابیان لە کوردستاندا کێبڕکێیان بوو، لیستی دیموکراسی بەخت یاوەری نەبوو لە دەستگرتن بەسەر گۆڕەپانی کوردستاندا، لەکاتێکدا بەرەی قوتابیانی یەکگرتوو لە ئەنجامی شکستهێنانی لە کۆکردنەوەی وزەکانی، لە هەڵبژاردنەکان کشایەوە، ئەنجامەکە سەرکەوتنی زۆرینەی نوێنەرانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بوو. لە کۆنگرەکەدا شاندی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا بەسەرۆکایەتیی بەڕێز عیسمەت شەریف وانلی و دوو ئەندام کە بریتی بوون لە بەڕێزان سەروەر محەمەد و نەوزاد جەمیل سائیب بەشدارییان کرد و نوێنەرانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و دوو نوێنەرەکەی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا لە ڕێی هەوڵ و مانۆڕە زیرەکانەکانیانەوە توانیان ڕەشنووسێکی بخەنە ڕوو کە لە چەند پێشنیارێك پێك هاتبوو تایبەت بوون بە مافە کولتوورییەکانی گەلی کوردستان و ڕێزگرتنی ئیرادەی ئازادی.

کۆنگرەکە کە لە ١٩٦٠/١/٢ بەسترا و بە سێیەم کۆنگرەی قوتابیانی عێراق دادەنرێت (دووەم کۆنگرە دووای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ کە هەڤاڵ کەمال محیەدین ئەسعەد ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان نوێنەرایەتیی یەکێتییەکەی دەکرد لە سەرکردایەتیی یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراق) ڕەزامەندی

دەربڕی لەسەر شێوە بڕیارێك و بە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی دادەنرێت، کە لەبەر گرنگییەکەی لێرەدا بە دەق دەیگوێزینەوە[١٢]:

”کۆمارەکەمان کە رێگەی برایەتیی نەتەوەکانی گرتۆتە بەر و سیاسەتی یەکێتیی عێراقی پەیڕەو کردووە، دەرفەتی لەبەردەم نەتەوە پێکەوەژیاوەکانی نیشتمانەکەماندا رەخساندووە بۆ ئازادبوون و گوزارەکردن لە ئومێد و هەست و ئامانجەکانی لە کولتووری نەتەوەیی تایبەتدا، جا لەو رووەوە نەتەوەی کورد گەورەترین نەتەوەیە پاش نەتەوەی عەرەب کە لە عێراقدا دەژی و لەو رووەوە بنەما بەراییەکانی مافە دیموکراسییەکانی گەل ئازادکردنی گوزارەکردنە لە هیوا و ئاواتەکان لە کولتووری نەتەوەییدا و ئەو هەنگاوانەی لەو رووەوە هاوێژراون پایەکانی یەکێتیی عێراق لەسەر بناغەیەکی پتەو دادەمەزرێنن، لەبەرئەوە کۆنگرەکەمان پیرۆزبایی لەدایکبوونی بەڕێوەبەرایەتیی مەعاریفی کوردی دەکات و شادومانە بە کردنەوەی لقی خوێندنی کوردی لە کۆلێژی ئەدەبیات و پێشوازی لە بیرۆکەی کۆڕی زانیاری کوردی دەکات“.

کۆنگرەکەمان ئەم راسپاردانەی خوارەوە پێشنیار دەکات:

١- خوێندنی مێژووی گەلی کورد لە قوتابخانە کوردییەکاندا بەشێوەیەکی تایبەت و عێراق بەگشتی، تا گەلی عەرەب شارەزایی تەواوی لەبارەی مێژووی گەلی کوردی برای و شارستانێتییەکەی، هەروەها خوێندنی خەباتی هاوبەش لەنێوان هەردوو گەل دژی

١٢ لمحات من تاريخ الحركة الطلابية الكوردستانية لا٢٠-٢١، لە چاپکراوەکانی یەکێتیی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان.

ئۆتۆکراسـیی عوسـمانی و داگیرکردنـی بەریتانـی و خەباتـی هاوبەشـیان دژی حوکمـی پاشـایەتیی ئیسـتیعماریی هەڵوەشـاوە لـە عێـراق.

٢- دەرفـەت رەخسـاندن بـۆ کردنـەوەی قوتابخانـە ئەهلییـەکان بـۆ تورکـمان و ئەرمـەن و ئاشـووری و هـی تـر و پێشکەشـکردنی یارمەتیـی حکوومـی بـۆ ئـەو مەبەسـتە.

٣- پێدانـی مافـی هەڵبـژاردن لـە وەڵامدانـەوەدا بـە زمانـی عەرەبـی و کـوردی، هەروەهـا بـۆ کەمایەتییـەکان لـە تاقیکردنەوەکانـی قوتابخانـەدا.

٤- کردنـی زمانـی کـوردی بـە زمانـی رەسـمی لـە سـەرجەم قوتابخانەکانـی ناوچـە کوردییەکـەدا و دەسـتکردن بـە جێبەجێکردنـی لـە سـاڵی داهاتـووی خوێندنـەوە (واتـە تشرینـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٦٠-١٩٦١).

٥- خوێندنـی کۆمەڵێـك دەقـی وەرگێـڕدراو لـە ئەدەبـی کوردییـەوە لـە قوتابخانـە عێراقییەکانـدا لـە چوارچێـوەی پرۆگرامەکانـی خوێندنـەوەی ئەدەبیـدا.

٦- کردنـەوەی هەنـدێ پەیمانگـەی بـاڵا لـە ناوچـە کوردییەکانـدا لـە هـەردوو لیـوای هەولێـر و سـلێمانی بەتایبـەت.

٧- دانانـی پلانێکـی گشـتی بـۆ دامەزراندنـی زانکـۆی کـوردی و دەسـتکردن بـە ئامادەکردنـی پێویسـتییەکانی لەدایکبوونـی.

٨- زیادکردنـی ژمـارەی نوێنـەران لـە نێـردە دیپلۆماسییەکاندا لـە قوتابیانـی کـورد بەسەرپەرشـتیی بەڕێوەبەرایەتیـی مەعاریفـی خوێندنـی کـوردی.

بـەڵام هـاوکاری و هاوئاهەنگـی لەنێـوان یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان و

یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراق زۆر درێژەی نەکێشا، ئەویش بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی سیاسی لە عێراق و فراوانبوونی کەلێن لەنێوان سەرکردایەتیی رژێمی نوێ و گەلی کوردستان، کە ساردییەکی ئاشکرای لە پەیوەندییە دووقۆڵییەکاندا دروست کرد کە لە کۆتاییدا بە هەڵگیرسانی شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ پەردەی بەسەردا درا، کە تێیدا رێکخستنەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان چووە قۆناغێکی تر، ئەویش چوونە قۆناغی کاری نهێنی بوو پاش ئەوەی بەیەکجاری چووە پاڵ شۆڕشی ئەیلوول و بە تێکۆشەرەکانی و ئاراستەکانیەوە لە رێی شۆڕش و لە خزمەتی شۆڕشدا بەشداری کرد.

کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەورووپا بە ئاراستە ئاشکراکانی خۆیەوە لەو رووەوە نوێنەرایەتیی سەرجەم قوتابیانی کوردستانی گەورەی دەکرد، بەشداری لەو گفتوگۆیانەدا کرد کە ئەوکاتە لە گۆڕەپانی سیاسی و قوتابیانی عێراقدا هەبوو، کاتێك ئامادەی کۆنگرەی یەکێتیی قوتابیانی جیهانی کرد، کە لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٠ لە بەغدا بەسترا. تێیدا بەڕێز عیسمەت شەریف وانلی سەرۆکی شاندی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەورووپا بە نوێنەرایەتیی کۆمەڵەکە وتارێکی بەپێزی پێشکەش کرد. لێرەدا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ یاداشتەکانی عیسمەت شەریف وانلی کە (دامەزراوەی ژیان بۆ زیندووکردنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و رۆژنامەوانیی کوردی) چاپ و بڵاوی کردەوە لە سلێمانی، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٤، ئەمەی خوارەوە هەندێ لە یاداشتەکانییەتی

سەبارەت بە کۆنگرەی یەکێتیی قوتابیانی جیهان کە لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٠ گرێ درا:

"ساڵی ١٩٥٨ یان ١٩٥٩ داوایەکم پێشکەش کرد تا کۆمەڵەکە ببێتە (ئەندامی بەشدار) لە (یەکێتیی قوتابیانی جیهان)ی ناوبراو. وشەی (بەشدار) ئاماژەیە بەوەی ئێمە بەشێك لە ئامانجەکانی یەکێتیی جیهانی قبووڵ دەکەین و کۆمەڵە پارێزگاری لە سەربەخۆیی خۆی دەکات سەبارەت بە ئامانجەکانی و رزگاربوون لە ئیستیعمار. لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٠ (یەکێتیی قوتابیانی جیهان) کۆنفرانس (کۆنگرەی ساڵانە)ی خۆی لە بەغدا بەست بەئامادەبوونی شاندی کۆمەڵە کە من سەرکردایەتیم دەکرد و کاك کەمال فوئاد و کوردێکی تری عێراقی، محەمەد ئەمین هەورامی لە تەنیشتم بوون. وەك بڕیار بوو لەگەڵ هاوڕێم (پلیکان) سەرۆکی (یەکێتیی قوتابیانی جیهان) رێك کەوتم کە ئەم کۆنفرانسە پرسی ئینتیمای کۆمەڵەکەمان بۆ (یەکێتیی قوتابیانی جیهان) بە سیفەتی (ئەندامی بەشدار) یان نا، یەکلا بکاتەوە. بە فڕۆکە لە پراگەوە چووین بۆ بەغدا و شاندەکان لە خانوویەکی تایبەت بە قوتابیان دابەزین و شاندەکەمان راستەوخۆ پەیوەندی کرد بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، پەیوەندیم لەگەڵ مام جەلال بەهێز بوو. یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق شاندی دەوڵەتی عێراق بوو و حزبی شیوعیی عێراق بەسەریدا زاڵ بوو. شیوعییەکی ناسراو سەرۆکایەتی دەکرد ناوی مەهدی حافز بوو. شاندە عێراقییەکە پێش

کۆنگـره بردینیـان بـۆ سـەردانی (پێشـانگەیەکی ئەتنۆگرافـی)ی عێراقـی، لـە پێشـانگەکەدا هەنـدێ وێنـەی جلوبەرگـی نەتەوەیـی عێراقیـم بینـی، لەوانــە جلــی نیشــتمانیی کــوردی لەســەریان نووسرابــوو (جلوبەرگــی باکـوری عێـراق) و هەندێکـی تـر لەسـەریان نووسرابـوو (باشـووری عێـراق)، بـە سەرزەنشـتەوە بـە مەهـدی حافـزم وت: بۆچـی نانووسـن (جلوبەرگـی کـوردی) یـان (جلوبەرگـی عەرەبـی) وەك لـە یەکێتیـی سـۆڤیەت وا دەکـەن کـە دان بـە نەتەوەکانـدا دەنێـن چ رووسـی بـن یـان ئەرمەنـی یـان ئـازەری یـان تورکمانــی و هــی تــر؟ (لەڕاسـتیدا جوێنـم بـە مەهـدی حافـز دا).

پێـش دەسـتپێکردنی کۆنگـره دەقـی ئـەو گوتـارەم نووسـی کـە بەنـاوی کۆمەڵـەوە خوێندمــەوە، پــاش ســڵاوی شۆڕشــی ١٤ی تەممــووز و ژەنــراڵ عەبدولکەریـم قاسـم (و دەسـتووری کاتیـی عێـراق) لەبـەر داننانـی لـە مـاددەی سـێیەمدا بـە بوونـی کـورد وەك نەتەوەیـەك لەپـاڵ نەتـەوەی عـەرەب و هاوبەشـبوونی لـە عێراقـدا. رەخنـەم لـە مـاددەی دووەمـی دەسـتوور گـرت کـە دەڵێـت "عێـراق وەك دەوڵـەت دەوڵەتێکـی عەرەبییـە و بەشـێکە لـە نەتـەوەی عـەرەب"، وتـم تێکگیرانێـك لـە دەسـتووری کاتیـدا هەیـە لەکاتێکـدا تەنهـا عێراقـی عەرەبـی بەشـێکە لـە نەتـەوەی عـەرەب و کوردسـتانی عێـراق بەشـێکە لـە نەتـەوەی کـورد کـە ئیسـتیعمار پارچەپارچـەی کـردووە. پێـش خوێندنـەوەی وتارەکـە ئەمـەی (بەفەرەنسـی) نووسـیم بـۆ کەمـال فوئـاد و محەمـەد ئەمیـن بـاس کـرد، کەمـال فوئـاد وتـی "پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان تـا ئێسـتا ئـەم خاڵـە بنچینەییـەی

بــاس نەكــردووە“، بــەڵام بیــری هــەروەك بیــری مــن بــوو و هەردووكیــان وتیــان: ”چۆنــت بــەلاوە چاكــە وتارەكــە بــا بــەو شــێوەیە بێــت“، هــەر بــەو شــێوەیەیش بــوو.

لــە رۆژی پاشــتر لەكاتــی دەســتپێكردنی كۆنگــرەدا وتەكــەی كۆمەڵــەم بەفەرەنســی خوێنــدەوە و وتەكــە نزیكــەی دوو كاتژمێــری خایانــد، وتەكانــم دەكرانــە عەرەبــی (كــە یەكێــك لــە زمانەكانــی كۆنگــرە بــوو)، شــیوعییەكان قەڵــس بــوون لەبەرئــەوەی بــە فەرەنســی نووســیبووم نــەك بــە عەرەبــی و بەتایبــەت لەســەر رەخنەگرتــم لــە دەســتووری كاتیــی عێــراق و لــە داواكــەم بــۆ بونــی كۆمەڵەكەمــان بــە ئەندامــی بەشــدار لــە یەكێتیــی قوتابیانــی جیهــان، هێرشــیان كــردە ســەرم. پێــم وتــن: ”مــن ناچــار نیــم وتارێــك بەنــاوی رێكخراوێكــی كوردییــەوە كــە ئەندامــی ناعێراقییــان تێدایــە بــە زمانــی عەرەبــی بنووســم“. لەڕاســتیدا لەنــاو نوێنەرانــی شــاندە بیانییەكانــدا نزیكــەی بیســت شــاند هەبــوون نوێنەرایەتیــی چەنــد كۆڵۆنییەكــی فەرەنســییان لــە ئەفریقیــا و شــوێنانی تــر دەكــرد و بوونــە خۆشەویســترین هاوڕێیانمــان، مــن بــە فەرەنســی لەگەڵیانــدا قســەم دەكــرد. مــاوەی نزیكــەی دوو رۆژ كۆنگرەكــە بــوو بــە گۆڕەپانــی كێشــمەكێش و دژبــەری لەنێــوان شــاندەكەی ئێمــە و شــاندی كۆمــاری عێراقــدا كــە زۆر نەیــاری بەئەندامبوونــی كۆمەڵــە بــوو لــە یەكێتیــی قوتابیانــی جیهــان بــە ســیفەتی (ئەندامــی بەشــدار). هەواڵــی مشــتومڕەكان لــە رۆژنامەوانــدا، لەوانــە ”خەبــات“ بــڵاو دەكرایــەوە. كاتێــك جەمــاوەری كوردســتان زانییــان لەنــاو كۆنگــرەدا چــی دەگوزەرێــت

و هەڵوێستی (یەکێتی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراق)- کە هەڵوێستی حزبی شیوعی عێراق بوو، چۆنە؛ چەندین خۆپیشاندانی گەورە ئەنجام دران و بنکەکانی حزبی شیوعی لە کوردستانیان تێکشکاند، کە بەسەر ئەوەی پێی دەوترا (رێکخراوە میللییەکان)دا زاڵ بوو، واتە رێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و نووسەران و ئەو جۆرە رێکخراوە پیشەییانەی تر، کە هەموویان بەدەست حزبی شیوعیی عێراق بوو و هیچیان بەدەستی پارتییەوە نەبوون، بەهۆی ئەم کێشەیەوە رای گشتی لە کوردستان لە بەرژەوەندیی پارتیی کوردی (پدك) گۆڕانی بەسەردا هات، بۆ یەکەمین جار لە کوردستانەوە زیاتر لە (٥٠) برووسکەم پێ گەیشت هەموویان پشتگیریی هەڵوێستی کۆمەڵەکەمانیان دەکرد و بانگهێشتمان بۆ هات بۆ سەردانی کوردستان پاش کۆنگرەکە. پێش کۆتایی کۆنگرەکە خۆم دەقی وتارەکەمەم لە فەرەنسییەوە کرد بە عەرەبی و دام بە بەڕێز ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری مەکتەبی سیاسی لە پدك کە سەرپەرشتیاری "خەبات" بوو، ئەویش لەو کاتەی لە بەغدا بووم بڵاوی کردەوە لەگەڵ پێشەکییەکی کورتی چەند دێڕیدا تێیدا نووسی: "حزب تا ئێستا لەپێناو پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی ١٤ی تەممووزدا نەیویستووە باسی ئەو پرسانە بکات کە دەستووری کاتی دەیانوروژێنێت"، کە بەناڕاستەوخۆ ئەوە دەگەیەنێت پارتی دیموکراتی کوردستان پشتگیریی ناوەرۆکی وتارەکەم دەکات بەناوی کۆمەڵەوە لەبارەی تێکگیرانی هەردوو ماددەی دووەم و

سێیەمی دەستووری کاتیی عێراق.

سەرجەم شاندەکانی بەشداری کۆنگرە بانگهێشت کران بۆ ئێوارە کۆبوونەوەیەك، کەشوهەوا خۆش بوو، ژەنراڵ عەبدولکەریم قاسم خۆی هات بۆ پێشوازیکردنی شاندەکە و بەخێرهێنانیان؛ سەرۆکی یەکێتیی قوتابیانی جیهان (هاوڕێم پیلکان) سەرۆك شاندەکانی یەك بە یەك سەرکۆماری عێراق دەناساند، منیشی بە عەبدولکەریم قاسم ناساند کە هەردوو برا کەمال فوئاد و محەمەد ئەمین هەورامی لەتەنیشتم بوون (وێنەیەکم هەیە لەگەڵیدا تەوقە دەکەم)، رۆژی پاشتر ئەفسەرێکی ئاسایشی عێراق هات بۆ لام لە بارەگای شاندەکانی قوتابیان و پێی راگەیاندم کە "بە فەرمانی حاکمی سەربازی لە ماوەی ٢٤ یان ٢٨ کاتژمێردا عێراق بەجێ بێڵم"، ئەفسەرەکە کەسێکی بەڕێز بوو. بە کەمال فوئاد و محەمەد ئەمین هەورامیم وت من نامەوێت عێراق بەجێ بێڵم بەڵکو دەمەوێت "سەردانی کوردستان بکەم کە تەنها لە کتێبەوە دەیناسم و سەدان بانگهێشتمان لە رێکخراوە کوردستانییەکانەوە پێ گەیشتووە بۆ سەردانی نیشتمان". لەڕاستیدا بیرۆکەی ئەوە دایگرتبووم کە ملکەچی فەرمانە سەربازییەکە نەبم و بەدەم بانگهێشتی جەماوەری کوردستانەوە بچم. ئەو بابەتە تایبەت بوو تەنها بە منەوە و پەیوەندی بە کەمال فوئاد و محەمەد ئەمین هەورامییەوە نەبوو وەك دوو عێراقی. مەکتەبی سیاسیی پدك کۆبوونەوەیەکی لەناکاوی بەست و بڕیاری دا کە پێویستە ملکەچی فەرمانی حاکمی سەربازی بم، مام

جـەلال هــات بــۆ لام تــا بڕیارەکــەم پــێ رابگەیەنێــت و وتــی: "ئەگــەر ســەرپێچیی فەرمانەکــە بکەیــت و بچیــت بــۆ کوردســتان پۆلیــس دێــن بــۆ دەســتگیرکردنت و بــەزۆر دەرکردنــت لــە عێــراق، بــەوە پارتــی دەخەیتــە هەڵوێســتێکی موحریجــەوە. ئەگــەر حــزب بیەوێــت بەرگریــت لــێ بــکات مانــای بەرپاکردنــی شۆڕشــێکی کوردییــە، ئێمەیــش ئێســتا لــە دۆخێکــدا نیــن شۆڕشــێك بەرپــا بکەیــن". پاشــان وتــی: "کاك عیســمەت پارتــی لــەم هەفتەیــەدا بەهــۆی وتارەکەتــەوە لەســەر حســابی حزبــی شــیوعیی عێــراق هێنــدەی دە ســاڵی تــەواو پاڵپشــتیی جەمــاوەری بەدەســت هێنــاوە". بــە جـەلال تاڵەبانیــم وت: جەمــاوەر سیاســەتی ڕۆشــن و ئامانجــی نیشــتمانیی نەگــۆڕی بــەلاوە پەســەندە. پێــش ئــەوەی ڕۆژی دوواتــر عێــراق بەجــێ بێڵــم ســەردانی مــەلا مســتەفا بارزانیــم کــرد لــە ماڵەکەیــدا لــە بەغــدا، ئــەوە یەکەمیــن دیــدار بــوو بــۆ ماڵئاواییکــردن و ڕێــزی خۆمــم پێشــکەش کــرد، ســکاڵای لــە دیکتاتۆرییەتــی عەبدولکەریــم قاســم و دابەشــکردنی چەکــی کــرد بەســەر ئاغاکانــی کــورددا لــە زێبــار بــۆ دەســتدرێژیکردنە ســەر بــارزان و تــی: "لــە بەغــدا لــە ســەلامەتیی خــۆم دڵنیــا نیــم و بیــر لــەوە دەکەمــەوە بگەڕێمــەوە بــارزان". پــاش گەڕانــەوەم بــۆ ســویسرا ئیبراهیــم ئەحمــەد لەســەر بڵاوکردنــەوەی دەقــی ئــەو وتــارەی لــە کۆنگــرەدا پێشکەشــم کــرد لــە (خەبــات) درایــە دادگــە. ئــەو دەقــە بــە لای دەوڵەتــەوە (وەك هانــدان بــوو بــۆ جیاکاریــی ڕەگــەزی لەنێــوان عێراقییەکانــدا). بەکرێگیراوانــی قاســم لــە ڕۆژنامەکانــی ســەر بــە دەســەڵاتدا کەوتنــە بانگەشــەکردن بــۆ (تواندنــەوەی

کورد)، هەموو ئەوانە لە هۆکانی دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول بوون دووای چەند مانگێك".

حاڵی کۆمەڵە جووتیارییەکان و یەکێتییەکانی سەندیکاکانی کرێکاران لە دۆخی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان پاش شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ باشتر نەبوو، ئەوە بوو چەند سەندیکایەکی کرێکاران بەگوێرەی پیشەکان راگەیەنران، وەك سەندیکای کرێکارانی بیناسازی و سەندیکای کرێکارانی چێشتخانەکان و سەندیکای کرێکارانی هێڵی شەمەندەفەر لە شارە گەورەکاندا و هەندێ جار لە شارۆچکەکاندا، ململانێ لەو سەندیکایانەدا لەوپەڕی توندیدا بوو و بەزۆری لایەنگرانی حزبی شیوعیی عێراقی بەسەریاندا زاڵ بوون، هیچ سەندیکایەك بەناوی (سەندیکای کرێکارانی کوردستان) پەیدا نەبوو، چونکە حزبی شیوعی بەتوندی پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە ناکرێت چینی کرێکاری عێراقی پارچە پارچە بکرێت، چونکە تەنها ئەو و بەشێوەیەکی یەکگرتوو دەتوانێت بەشداری بکات لە بەرگریکردن لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی ١٤ی تەممووز و بونیاتنانی عێراقێکی نوێ. چالاکییەکانی پارتی لە بەهێزکردن و رێکخستنی هەندێ هێڵی کرێکارانەی حزبیدا وەك یەکەی سەربەخۆ لەناو رێکخستنە ئاشکراکانیدا کورت بووبوویەوە. سەرکردایەتیی پارتی وەك ملدان بە حەز و ویستی هەندێ لە سەرکردەکانی و هاوڕێبوونیان لەگەڵ ئاراستەکانی حزبی شیوعیدا نەیدەویست دەست بۆ بەشبەشەکردنی سەندیکاکان ببات،

ئەوەیـش زیانـی زۆری بـە بزوتنـەوەی کرێکاریـی کورسـتان گەیانـد و وای کـرد سـەندیکای کرێکارانـی کوردسـتان دەرنەکەوێـت، ئـەم دۆخـە بـەردەوام بـوو تـا ڕێکەوتنامـەی ١١ی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠، کـە ئەمـە پـاش قۆناغـی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠ باسـی دەکەیـن.

سـەبارەت بـە کۆمەڵـە جووتیارییـەکان پارتـی هـەر لـە دامەزراندنییـەوە گرنگـی بـە ڕێکخسـتنەکانی جووتیـاران داوە، ئەوەیـش لەبـەر پێگـەی جووتیـاران و قەبـارەی ئـەو چینـە بەرهەمهێنـە و فراوانبوونـی ڕووبـەرە جوگرافییەکـەی لـە کوردسـتان. ڕێکخسـتنەکانی جووتیـاران دوو لایەنـی بنچینەییـان گـرت: یەکـەم ڕێکخسـتنی حزبـی و دووەم پێکهێنانـی کۆمەڵـە جووتیارییـەکان. پارتـی هـەزاران جووتیـاری لـە ڕیزەکانیـدا ڕێـك خسـت و سـەدان کۆمەڵـەی جووتیـاران لـە گونـدو لادێکانـی کوردسـتاندا پێـك هێـنران، کـە کۆمەڵـە جووتیارییـەکان بەگوێـرەی ناوچـەی جوگرافـی بـوون، واتـە کۆمەڵـە جووتیارییـەکان بـۆ جووتیارانـی کۆمەڵێـك گونـد لـە ناوچەیەکـدا پێـك دەهێـنران و لەژێـر نـاوی جیـاوازدا وەك (کۆمەڵـەی جووتیارانـی کوردسـتان، کۆمەڵـەی جووتیارانـی ئاسـۆس، کۆمەڵـەی جووتیارانـی شـارەزوور، کۆمەڵـەی جووتیارانـی سـلێمانی و.. بـەم شـێوەیە). بـەڵام لەگـەڵ ئەوەیشـدا لـەو ماوەیـەدا کۆمەڵەیەکـی گشـتیی مەرکـەزی بـۆ جووتیارانـی کوردسـتان پێـك نەهـات، ئەمەیـش بـۆ گەڵاڵەنەبوونـی ئـەم مەسـەلەیە بەشـێوەیەکی ڕۆشـن و پێگەیشـتنی دەگەڕێتـەوە.

پـاش شۆڕشـی ١٤ی تەممـووز بازنـەی گرنگیـدان بـە جووتیـاران و بـە

مەسـەلەی پێکهێنانـی کۆمەڵـە جووتیارییـەکان فـراوان بـوو لەبـەر ئـەو هۆیانـەی پێشـتر بـاس کـران و ڕۆڵیـان زۆر گەشـەی کـرد، ئەوەیـش درزێکـی لـە پەیوەندیـی نێـوان جووتیـاران و خـاوەن زەوییەکانـدا لـە هەنـدێ ناوچـە لـە دەشـتی فوراتـی ناوەڕاسـت و باشـووری عێـراق دروسـت کـرد، زۆر کەمـتر لـە گونـدی کوردسـتان بەتایبـەت لـەو ناوچانـەی ئاغـا و خـاوەن زەوییـەکان هەژموونێکـی گەورەیـان هەبـوو.

لـە لایەکـی تـرەوە بەرژەوەندییەکانـی جووتیـاران پێـش لـەوان زیانـی بەرکـەوت دووای پاشەکشـەی سـەرکردەکانی شـۆڕش لـە عێـراق لـە ڕێبـازی دیموکراسـی، لەبەرئـەوە گونـدی کوردسـتان بـوو بـە کەشـێکی لەبـار بـۆ لەئامێزگرتنـی ئایدیاکانـی شـۆڕش و هەڵگیرسـاندنی، بـەو بەڵگەیـەی گونـدی کوردسـتان پێشـوازی لـە دەیـان تێکۆشـەری پارتـی کـرد کاتێـك دەرگای چالاکیـی ئاشـکرایان لـە پایتەخـت و شـارەکانی تـر بـەڕوودا داخـرا و ناچـار بـوون ڕوو بکەنـە ناوچـە شـاخاوییە گوندنشـینەکان.

گونـدی کوردسـتان بـە هانـدان و پاڵپشـت و یارمەتیـی جووتیـاران و موڵکـدارەکان لـە مانگـە بەراییەکانـی سـاڵی ١٩٦١ چالاکیـی فراوانـی لـە دوو تـەوەردا بەخـۆوە بینـی، یەکەمیـان پەسـتیی موڵکـداران لـە جێبەجێکردنەکانـی یاسـای چاکسـازیی کشـتوکاڵی (الاصـلاح الزراعـی) و بوونـی حاڵەتێکـی بێسـەروبەری کـە یـاوەری ئـەو پرۆسـەیە بـوو و هەوڵـدان بـۆ داماڵینیـان لـە سـەرجەم موڵکەکانیـان؛ دووەمیـان دەرکەوتنـی مەیلـی دیکتاتۆرییانـە و پاشەکشـەکردن لـە بنەماکانـی شۆڕشـی ١٤ی تەممـووز لەلایـەن زەعیـم

عەبدولکەریـم قاسـمەوە و زاڵبوونـی مەیلـی تواندنـەوەی گەلـی کـورد لـە بۆتـەی نەتـەوەی عەرەبیـدا (بودقـة القوميـة العربيـة)، کـە ئـەو سیاسـەتە مەلاکـی نیشـتمانیی کـوردی -هاوشـێوەی توێژەکانـی تـری گـەل- تـووڕە کـرد، هەروەهـا فەرامۆشـکردنی مافەکانـی جووتیـاران لەلایـەن دەوڵەتـەوە بەهـۆی کەوتنـە ژێـر کاریگەریـی ئـەو مـەلاك و ئاغایانـەی لەپـاڵ پاشەکشـە و رێـکارە نایاسـایی و نادیموکراسـییەکان بەرانبـەر جووتیـاران ریزیـان بەسـتبوو، هەروەهـا تەنـگ پێهەڵچنینـی رێکخسـتنەکانی پارتـی و راوەدوونانـی سـەرکردەکانی و نکووڵیکـردن لـە مافەکانـی گەلـی کـورد کـە لـە پشتگوێخسـتنی ماددەی سـێیەمی دەسـتووری کاتیـدا خـۆ دەنوێنێـت، کـە جەخـت لـە (شـەراکەتی کـورد و عـەرەب) لـە نیشـتمانی عێراقـدا دەکات، کـە وای لـە سـەرکردەکانی پارتـی کـرد رووبکەنـە کوردسـتان و لەوێـوە سـەرەتا بـە ئامـرازە ئاشـتییانەکان سـەر حکوومەتـی عێـراق و لـە قۆناغـی دووەمـدا پەنـا بـۆ شۆڕشـی چەکـداری ببـەن پـاش نائومێدبـوون لـە بەدەمەوەهاتنـی حکوومەتـی ناوەنـدی بـۆ داواکارییەکانیـان. ئـەوە بـوو جووتیـاران و بەشـێك لـە مەلاکـە نیشـتمانپەروەرەکان بـەدەم بانگـەوازی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانەوە چـوون لـە راگەیاندنـی شۆڕشـی ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٦١ و توانـی ئاگـری شۆڕشـێکی نیشـتمانی نەتەوەیـی هەڵبگیرسـێنێت، کـە لـە بـە یەکێك لـە تەمەندرێژترین شۆڕشـە کوردییـەکان و جەماوەریتریـن و بەهێزترینیـان و رێکخراوترینیـان دادەنرێـت.

# قۆناغی ١٩٦١-١٩٧٠

گەلـی کـورد لـە ئەنجامـی ئـەو سیاسـەتە هەڵانـەی دەسـەڵاتدارانی عێـراق لـە دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێراقـەوە سـاڵی ١٩٢١ گرتوویانەتـە بـەر، بەدەسـت تاڵیـی سـتەم و زۆرداریـیـەوە ناڵاندوویەتـی. بەدەگمـەن نەبێـت لـە سـادەترین مافـە نەتەوەییـەکان و مومارەسـەکردنی مافـە کولتـووری و سیاسـییەکانی بێبـەش کـراوە، بەتایبـەت لـە رووی کولتوورییـەوە، دەرکەوتنـی چەنـد کەسـایەتییەکی کـوردی لـە بوارەکانـی بەڕێوەبردنـی گشـتی لـێ بترازێـت، کـە پێگـەی گرنگیـان لـە بەڕێوەبردنـی کاروبـاری دەوڵەتـدا (وەك وەزیـری عێراقـی چـاك) هەبـووە. وەرگرتنـی پۆسـتە وەزیفییـەکان لەلایـەن کەسایەتییە کوردەکانـەوە لەلایـەن دەسـەڵاتی ناوەندییـەوە لەسـەر بناغەیەکـی نەتەوەیـی نەبـووە، بەڵکـو لـەو رووەوە بـوو لایەنگـری دەوڵـەت بـوون یـان فەرمانبـەری پـاك بـوون لـە بـواری کارەکەیانـدا، لەکاتێکـدا گەلـی کـورد دووچـاری چەوسـاندنەوەی نەتەوەیـی و نیشـتمانی دەبـوو و راپەڕینەکانـی لەلایـەن سـوپای عێراقـەوە بـە زەبـری چـەك وەڵام دەدرانـەوە و هەنـدێ جـار هێـزی سـەربازیی بەریتانـی وشـکانی و ئاسـمانیی بەریتانـی بەشـداریی راسـتەوخۆیان لـە دامرکاندنـەوەی ئـەو راپەڕیـن و شۆڕشـانەدا دەکـرد کـە لـە ناوچـە جیاوازەکانـی کوردسـتاندا هەڵگیرسـان. رێکخـراوە کوردسـتانییەکان بەئاشـکرا کاری خۆیـان نەدەکـرد و بەدرێژایـی سـاڵانی ١٩٤٦-١٩٥٨ رێگـە بـە دەرکەوتنـی ئاشـکرای پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان نـەدەدرا. کاتێـك شۆڕشـی

١٤ی تەممــووزی ســاڵی ١٩٥٨ بەرپــا بــوو، پارتــی دیموکراتــی کوردســتان دووای ٢٤ کاتژمێــر لــە راگەیاندنــی، پشــتگیری کــرد و لــە ١٦ی تەممــووزی ١٩٥٨ بەیاننامــەی پەســەندکراوی کۆمیتــەی ناوەندیــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان دەرچــوو بــە پشــتگیریکردنی شــۆڕش و پاڵپشــتیی گەلــی کــوردی بــۆ شــۆڕش و ئامانجەکانــی دەربــڕی، شــان بەشــانی هێــزە نیشــتمانییەکانی تــر بەتایبــەت حزبــی شــیوعیی عێراقــی رێپێوانــی جەماوەریــی گــەورەی رێــك خســت. هەروەهــا شــاندی میللــی لــە کەســایەتییە نیشــتمانپەروەرەکانی شــار و شــارۆچکەکانی کوردســتان لــە ٢٧ی تەممــووز رێــك خــرا بــۆ چاوپێکەوتنــی ســەرکردەی شــۆڕش لــە وەزارەتــی بەرگــری، بــۆ پێشکەشــکردنی پشــتگیریی تــەواو و سوپاســکردنی بەنــاوی گەلــی کــوردەوە لەســەر جێگیرکردنــی ئــەو دەقــەی لــە مــاددەی ســێیەمی دەســتووری کاتــی کــە دان بــە (شــەراکەتی عــەرەب و کــورد لــە نیشــتمانی عێراقــدا) دەنێــت، لەگــەڵ ئەوەیشــدا ئــەم دۆخــە زۆر بــەردەوام نەبــوو ســەرباری وەرگرتنــی مۆڵەتــی کارکردنــی ئاشــکرا لەلایــەن پارتییــەوە لــە ٩ی شــوباتی ١٩٦٠ و ئــەو بــوارە ئاشــکرایەی بــۆ رێکخــراوە کوردســتانییەکان کرایــەوە لــە مــاوەی پــاش روودانــی شــۆڕش کــە دوو ســاڵ درێــژەی کێشــا، دووای ئــەوە کەشــوهەوای سیاســی گــۆڕا و رێکخراوەکانــی پارتــی و رێکخــراوە کوردســتانییەکان رووبــەڕووی فشــاری پۆلیســی بوونــەوە، کــە بــەو هۆیــەوە لــە بــواری ئاشــکرادا خۆیــان شــاردەوە. داواکارییــە نەتەوەییــەکان لەلایــەن ســەرکردەکانی شۆڕشــی تەممــووزەوە بەرهەڵســتی کــران؛ چــووە قۆناغێکــی تــر ئەویــش قۆناغــی شۆڕشــی چەکدارییــە پــاش نائومیدبوونــی

لــە وەڵامدانــەوەی حکوومــەت پــاش ئــەوەی لــە ١٩٦١/٧/٣٠ یاداشــتێکی پێشــکەش کــرد و بەرەهایــی ڕەت کرایــەوە، کــە شــوێنەوارەکەی بەتەواوەتــی بەســەر ڕێکخــراوە کوردســتانییەکاندا ڕەنگــی دایــەوە. وەك دەرکــەوت ئەرکــی ڕێکخــراوە کوردســتانییەکان پێــی نایــە قۆناغیکــی تــر لــە خەباتــی نەرێنــی (نهێنــی) بەهــەردوو بەشــی پیشــەیی و سیاســییەوە پــاش ئــەوەی چالاکــی و کاری ئاشــکرای بــە هەمــوو شــێوە نادیموکراســییەکان بــەڕوودا داخــرا. بــەڵام لەگــەڵ ئەوەیشــدا کاری ڕێکخــراوەکان بــە دوو ئاراســتەی تەریــب بــەردەوام بــوو:

یەکــەم: پشــتگیرییکردنی شۆڕشــی کــورد و پاڵپشــتیکردنی کاروانەکــەی بــە هەمــوو ڕێگــە و توانــا بەردەســتەکان، لــە ســەرووی ئــەو ئەرکانــەوە؛ ڕاگەیاندنــی پاڵپشــتیکردنی کــرداری بــۆ شۆڕشــی کــورد لــە شــێوەی دەرکردنــی بەیاننامــەی پشــتگیری و ریســواکردنی شــێوازی زۆرەملــێ و شــاڵاوی ســەربازی و ســەرکۆنەکردنی چارەســەری کێشــەی کــورد لــە ڕێگــەی هێــزەوە لــە ناوخــۆ و لــە کۆنگــرە نێودەوڵەتییەکانــدا بــە هاوئاهەنگــی لەگــەڵ کۆمەڵــەی قوتابیانــی کــورد لــە ئەوروپــا، ئەوەیــش هەســتێکی گشــتیی نیشــتمانییانەی بەرانبــەر شۆڕشــی کــورد و ســەرکردایەتییەکەی دروســت کــرد.

دووەم: بەردەوامبــوون لــە بەســتنی کۆنفرانــس و کۆنگــرە نهێنییەکانــی تایبــەت بەوانــە، ئەوەیــش بەڵگەیــە لەســەر زیندوویێتیــی بەردەوامیــی کاری ڕێکخــراوەکان لــە هەمــوو بارودۆخێکــدا ســەرباری سیاســەتی ســەرکوتکردن و داپڵۆســین.

مامۆستایانی کوردستانی (سەرەتایی و ئامادەیی و مامۆستایانی زانکۆ) وەك ئەندامانی حزب و وەك ئەندام لە سەندیکای مامۆستایانی عێراق هەریەك لە شوێنی خۆیەوە بەشدارییان لە خەباتی گەلەکەیاندا کرد و بۆ ساتێك سارد نەبوونەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا پەرەسەندنێکی گەورە سەبارەت بەوان رووی دا، ئەوە بوو لەو بارودۆخە ورد و هەستیار و پڕ مەترسییەدا یەکەمین رێکخستنی سەندیکایی پیشەیی ئەوان بەناوی (یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان) سەری هەڵ دا، پاش ئەوەی بەدەست لایەنە نەرێنییەکانی سەندیکای مامۆستایانی عێراق و لقەکانی لە کوردستان گرفتار بوون، کە لە واقیعی مامۆستایانی کوردستانی و خەون و خواستە نەتەوەییەکانیان تێنەدەگەیشت. باخەکانی شارۆچکەی شەقڵاوە لە هەردوو کۆنگرەی یەکەم و دووەمدا لە هاوینی هەردوو ساڵی ١٩٥٩-١٩٦٠ گفتوگۆی فراوانیان بەخۆوە بینی دەربارەی خوێندن بە زمانی کوردی و ئەو کێشانەی لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان رووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەمە جگە لە کێشەکانی مامۆستایان خۆیان لە دوو کۆنگرەدا کە سەندیکای مامۆستایانی عێراق سازی کردن و مامۆستایانی کوردستان و کەسایەتییە ئەدەبی و سیاسییەکان بەشدارییان تێیاندا کرد، کە سەندیکای مامۆستایانی عێراق هەڵوێستی بەرانبەر زمان و رۆشنبیریی کوردی رەق بوو، ئەمە جگە لە هەڵوێستی لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی و هەوڵەکانی دامەزراندنی کۆڕێکی زانیاریی کوردی و داواکارییەکانی بۆ هەڵوەشاندنەوەی

کۆنگرەکانی تایبەت بە مامۆستایانی کوردستان، ئەوەیش بە روونی لە بڕیارەکانی کۆنگرەی چوارەمی سەندیکای مامۆستایان لە کۆماری عێراقدا دەرکەوت، کە لە ۹-۱۳ی شوباتی ساڵی ۱۹٦۲ بەسترا و لە شێوەیناملکەیەکدا لەلایەن لیژنەی ئاراستەکردن و بڵاوکردنەوەی سەندیکای ناوبراوەوە دەرچوو. لێرەدا دەقی بڕیارەکانی (لیژنەی خوێندنی کوردی) ی کۆنگرەی چوارەمی سەندیکای مامۆستایانی عێراق دەخەینە روو؛ بەمەبەستی خستنەڕووی هەقیقەتی هەڵوێستەکانی ئەو سەندیکایە بەرانبەر کوردستان و گەلەکەی، کە بووە هۆی دوورکەوتنەوەی مامۆستایانی کوردستان و وەلانانی تێزەکانیان بەرانبەر ئەوان و بەرانبەر زمان و کولتووری گەلەکەیان؛ لەو کاتەی دەستووری کاتیی کۆماری عێراق دانی بە هاوبەشبوونیان لە عێراقی نیشتماندا نابوو.

**بڕیارەکانی کۆنگرەی چوارەمی سەندیکای مامۆستایان لە کۆماری عێراق کە لە ٩-١٣ی شوباتی ساڵی ١٩٦٢ بەسترا، لیژنەی خوێندنی کوردی**

١- یەکخستنی سەرجەم پرۆگرامەکانی خوێندن بە زمانی کوردی لە کۆماری عێراق،

٢- گۆڕینی وشەی (کوردستان) بە وشەی (ناوچەی باکوور) لە کتێب و مەنهەجەکاندا، وەك پەرۆشی بۆ یەکێتیی عێراق.

٣- دامەزراندنی چەند کتێبخانەیەکی عەرەبی لە ناوچە کوردییەکاندا.

٤- خوێندنی زمانی عەرەبی بەشێوەیەکی هونەرییانەی تایبەت لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا لە باکوور.

٥- هاندانی نووسەرانی کورد و دانەران بۆ نووسین بە عەرەبی.

٦- سەرکۆنەکردنی بڕیارەکانی لیژنەی خوێندنی کوردی لە کۆنگرەی سێیەمدا بۆ دامەزراندنی کۆلێژی پەروەردە لە کوردستان.

٧- هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتیی مەعاریفی گشتی بۆ خوێندنی کوردی و تێکەڵکردنی بە بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی گشتیی کۆماری عێراق.

٨- هەڵوەشاندنەوەی بەستنی کۆنگرەی تایبەت بە مامۆستایانی کورد لەبەر بوونی سەندیکایەك نوێنەرایەتیی هەموویان دەکات.

٩- کردنی خوێندنی زمانی کوردی بە ئارەزوومەندانە لە خانەکانی مامۆستایانی کوڕان و کچان لە سەرتاسەری کۆماردا.

١٠- داوا دەکەین کۆڕێکی زانیاریی کوردی دانەمەزرێت، لەبەر بوونی کۆڕێکی زانیاریی عێراقی کە هەمووان لەخۆ دەگرێت و سەرکۆنەی بڕیارەکانی لیژنەی خوێندنی کوردی لە کۆنگرەی سێیەمی مامۆستایان دەکەین لەم رووەوە.

١١- خوێندنی زمانی عەرەبی لە قۆناغی سەرەتاییدا هەر لە پۆلی یەکەمەوە شانبەشانی زمانی کورد لە ناوچە کوردییەکاندا.

١٢- لیژنەکە داوای سەپاندنی توندترین سزا دەکات دەرهەق بەو مامۆستایانەی بەشدارییان لە بزوتنەوەی جوداخوازانە و کۆنەپەرستانەی باکوری کۆماری عێراقدا کردووە.

ئەو بڕیارانە بەشێکی کەم بوون لە هەڵوێستە گشتییەکانی سەندیکای مامۆستایانی عێراق لە دامەزراندنییەوە، بەرانبەر زمان و رۆشنبیری و واقیعی دووەم گەورەترین نەتەوە لە باکووری عێراقدا، کە بوو بە هاندەرێك بۆ مامۆستایانی کوردستان بۆ دامەزراندنی یەکێتییەکی تایبەتی خۆیان بەناوی (یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان). بیرۆکەکە پێگەیی، کە پێشتر خۆی هەبوو بەهۆی گفتوگۆی چڕ و پڕ لە پارێزگە و شارۆچکە جیاوازەکانی کوردستان دەربارەی چوونە واری جێبەجێکردنی کرداری و شاری سلێمانی لەدایکبوونی یەکەمین یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانی بەخۆوە بینی، ئەویش پاش چەند کۆبوونەوەیەکی چڕ لە ماڵی خوالێخۆشبوو دکتۆر کامیل حەسەن ئەلەبسیر لە رۆژانی ١٥ و ١٦ی ئایاری ساڵی ١٩٦٢ پاش ئەوەی لیژنەیەکی ئامادەکاری بۆ پێك

هێــنرا، کــە لــە ١٨ پەروەردەنــاس پێکهاتبــوو ئەرکــی ئامادەکاریکــردن بــۆ بەســتنی کۆنگــرەی یەکەمیــان گرتــە ئەســتۆ کــە ٣٥ پەروەردەنــاس تێیــدا بەشــدار بــوون و تێیــدا مەکتەبــی ســکرتارییەت هەڵبژێــردرا کــە پێکهاتبــوو لــە بەڕێــزان:

١- کامیل بەسیر سکرتێر

٢- ئەنوەر سەعید دارتاش جێگری سکرتێر

٣- فایق عارف ئەندام

٤- محەمەد باقی سەعید ئەندام

ئــەم بەڕێزانــەی خوارەوەیــش (لــە خوشــکان و برایــان) بــە ئەندامــی لیژنــەی جێبەجێکــردن هەڵبژێــردران:

١- درەخشان شێخ جەلال حەفید.

٢- کەمال میرزا غەفوور مەعرووف.

٣- بابا عەلی شێخ ئەحمەد بەرزنجی.

٤- بەرپرسی لقی هەولێر.

٥- بەرپرسی لقی کەرکووك.

٦- بەرپرسی لقی سلێمانی.

٧- بەرپرسی لقی دهۆك-نەینەوا.

٨- نوێنــەری ناوەڕاســت و باشــووری عێــراق و ڕێکخســتنی میلاکاتــی ئــەم لقانــەی خــوارەوە:

١- لقی بەغدا ٤ کەس

٢- کەرکووك ٧ کەس

٣- سلێمانی ٥ کەس

٤- هەولێر ٤ کەس

٥- پێکهێنانی لیژنەیەکی چوار ئەندامی بۆ دەرکردنی گۆڤاری (ئامانج) و سەرپەرشتیکردنی.

٦- ناونانی دوو کەس بۆ سەرپەرشتیکردنی رێکخستنەکانی ناوچەی فوراتی ناوەڕاست، ئەویش لەبەر بوونی ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی کوردی دوورخراوە و گوێزراوە بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور دووای پاشەکشەکردنی سەرکردەکانی شۆڕشی ١٤ی تەموز لە رێبازی دیموکراسی، ئەمە جگە لە بوونی (زۆرینەیەکی کوردی) لە مامۆستایانی کورد لە زۆر ناوچەی وەك مەندەلی و زرباتییە و بەدرە و حەی و کووت.

یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان وەك سەرمەشقێکی رۆشنبیر لە دوو بواری جیاوازدا چالاکی پەیدا کرد، یەکەمیان کۆکردنەوەی سەرجەم مامۆستایانی کوردستانی لە رێکخستنێکی سەندیکایی فراواندا؛ کە لەلایەك ئەرکی بەرگریکردن لە مافە پیشەییەکانیانی بەهەموو رێگەیەك گرتە بەر و لە لایەکی تریشەوە ئاڵای خەباتی لە بوارە سیاسییەکەدا گرتە دەست بۆ پشتگیریکردنی شۆڕشی کورد. دووەمیان بڵاوکردنەوەی چەمکە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لەناو قوتابیاندا لە سەرجەم قوتابخانەکانی کوردستان و ناوچەکانی تری عێراق، کە لەم بوارەدا رۆڵێکی پێشەنگانەی هەبوو وەك درێژەپێدانێك بۆ ئەو رۆڵە شکۆدارەی

پەروەرشیارانی کورد لە سییەکان و چلەکان و پەنجاکانی سەدەی رابردوودا (سەدەی بیستەم) بینییان لە بواری بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی لەناو قوتابیاندا، کە بە کارە پێشەنگانەکانی نەوەی یەکەمی پێشڕەوانی رۆشنگەر دادەنرێت.

دووای دوو ساڵ لە بەستنی کۆنگرەی یەکەم و رێك لە پایزی ساڵی ١٩٦٤؛ کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان دیسان لە سلێمانی گرێ درا وەك بەردەوامییەك بۆ ئەو رێچکەیەی لە کۆنگرەی یەکەمدا گرتییە بەر. ئەم توێژە و بەتایبەت چالاکەکانیان تووشی جۆرەها زوڵم و زۆرداری و دوورخستنەوە بۆ قوتابخانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق دوور لە نیشتمان و کەسوکاریان بوون، لەگەڵ ئەوەیشدا یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە رەوتی خۆی و پشتگیریکردنی بەردەوامی لە شۆڕشی ئەیلوول و پێشکەشکردنی کۆمەڵێك لە تێکۆشەرانی بەردەوام بوو بەمەبەستی پشتگیریکردنی کاروانی خەباتی نەتەوەیی تا سەرکەوتنی شۆڕش و داننانی حکوومەتی عێراق بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا لەسەر بناغەی حوکمی زاتی پاش ئیمزاکردنی رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ شۆڕشی کورد، کە قۆناغێکی نوێی چالاکیی یەکێتییەکە دەستی پێ کرد.

لەوانەیە ئەو پرسیارە بە زەیندا بێت کە هۆی دوواکەوتنی دامەزراندنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بۆ ساڵی سێیەمی پاش

شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ چی بوو؛ لەکاتێکدا ڕێکخراوە پیشەیی و میللییە کوردستانییەکانی تر بەتایبەت یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان پێش ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی رابردوو دامەزران؟ لێرەدا، پاش بەدوواداچوون و پرسیارکردن لە بەڕێزان ئەندامانی پەیوەنداری سەندیکای مامۆستایانی کوردستان؛ بۆمان دەرکەوت هۆی ئەو دوواکەوتنە بریتین لە:

١- مامۆستایان روویان لە کاری سیاسی و پیشەیی لەناو حزبە سیاسییە کاراکانی گۆڕەپانی کوردستاندا کردووە (پارتی + شیوعی)؛ لە خوێندنەوەمان بۆ رووداوەکان دەبینین مامۆستایان زۆربەی کات هەوێنی شانەکانی رێکخستن بوون لە حزبە نیشتمانییەکاندا، چونکە رۆشنبیرانی کۆمەڵگە زیاتر لە هەر چین و توێژێك لەناو ئەوانەوە پەیدا دەبوون و چالاکییەکانیاندا زیاتر لەو لایەنەدا کورت دەبوویەوە وەك بناغەیەك بۆ کاری نیشتمانی، بەبێ ئاوڕدانەوە لە مەسەلەی رێکخستنی یەکێتییەکی پیشەیی تایبەت بە خۆیان.

٢- بوونی سەندیکایەکی مامۆستایان لە عێراق کە ئەندامێتی تێیدا زۆرەملێ (الزامي) بوو، هەروەها برینی بڕێك پارە لە مووچە و بەشداریکردن لە گۆڤاری "المعلم الجديد"، لە بەرانبەردا هەندێ جار سەندیکای ناوبراو داواکارییە گشتییەکانی تەبەننا دەکرد لەو رووەوە نوێنەرایەتیی سەرجەم مامۆستایانی دەکرد لە سەرتاسەری عێراقدا.

ئەمە لە سەردەمی پاشایەتیدا؛ بەڵام دۆخەکە لە سەردەمی کۆماریدا گۆڕا بەتایبەت لە دوو سێ ساڵی یەکەمیدا، کە وای لە مامۆستایانی کوردستان کرد بەرەو پێکهێنانی سەندیکا یان یەکێتییەکی تایبەت بە کوردستانی عێراق هەنگاو بنێن، کە سەرەنجام -وەك لە لاپەڕەکانی پێشوودا روون کرایەوە- ئەوە کرا. لەو قۆناغەدا ١٩٦١-١٩٧٠ دۆخەکە جیاواز بوو لەگەڵ یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە چەند لایەنێکی جیاوازەوە، لەوانە:

أ- ریشەداکوتانی بناغەی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان-عێراق لە گۆڕەپانەکەدا. وەك زانراوە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی یەکێتیی ناوبراو بۆ ساڵی ١٩٥٣ دەگەڕێتەوە و پێش ئەو مێژووە, واتە تا ساڵی ١٩٦١ سێ کۆنگرەی بەستبوو و تۆڕێکی بەرفراوان لە ڕێکخستنی قوتابیانی ڕێك خستبوو چ لە شارەکانی کوردستان و چ لە ناوچەکانی تری عێراق، ئەویش بەهۆی، بوونی ژمارەیەکی زۆر قوتابیی کوردستان لەو ناوچانە. ئەمە جگە لە تێپەڕبوونی بە قۆناغەکانی خەباتی نهێنی و ئاشکرادا و قاڵبوونی سەرکردەکانی لە چالاکییە نیشتمانییەکان و بەشداریکردنیان لەو بۆنانەی پێداگرییان لەسەر بەشداریکردنی یەکێتییەکە لە کۆنگرە و فیستیڤاڵە جیهانییەکانی قوتابیان و لاواندا دەکرد، هەروەها ئەو کۆنگرانەی لە بەغدا دەبەستران وەك کۆنگرەی قوتابیانی جیهان ساڵی ١٩٦٠. هەموو ئەم هۆیانە وایان کرد یەکێتیی قوتابیانی کوردستان-عێراق ڕێکخراوێك بێت خاوەن بوونێکی کرداری

بێــت و توانــی پارێــزگاری لــە نهێنیبوونــی ڕێکخســتنەکانی و بەردەوامبــوون لــە چالاکییــە نیشــتمانییەکاندا بــکات و وەك باڵیۆزێــك بــوو بــۆ دۆزی گەلەکــەی. ئــەو قوتابییــە کوردانــەی لــە زانکــۆ و پەیمانگــە و ئامادەییەکانــی ناوچــە ناکوردســتانییەکان بــوون وەك نێــردەی گەلەکەیــان بــوون. هۆڵەکانــی ناوەندەکانــی قوتابیــان چالاکیــی و جموجووڵــی جۆراوجۆریــان بەخــۆوە بینــی کــە هەموویــان لــە خســتنەڕووی لایەنــی پرشــنگداری دۆزی ڕەوای کــورددا بەشــدار بــوون.

ب- هــەر پەیوەســت بــە خاڵــی یەکــەم، کادیرەکانــی یەکێتیــی قوتابیانــی کوردســتان دووچــاری پاڵەپەســتۆی زۆر بوونــەوە و بــەو هۆیــەوە بەشــێکیان وازیــان لــە خوێنــدن هێنــا و هەندێکیــان تووشــی فەســڵکردن و بەندکــردن و لەســێدارەدان بــوون؛ بەشێکیشــیان پەیوەندییــان بــە ریزەکانــی شۆڕشــەوە کــرد و بــوون بــە جەنــگاوەر لــە ریزەکانــی پێشــمەرگەدا.

ج- بەردەوامبــوون لــە بەســتنی کۆنگــرە و کۆنفرانســە خۆجێییــەکان هەرکات دۆخەکــە ئــەوەی خواســتبێت و بەگوێــرەی پەیــڕەوی ناوخــۆی یەکێتییەکــە. لــەو ماوەیــەدا دوو کۆنگــرە بەســتران، کۆنگــرەی چــوارەم و پێنجــەم، ئەمــە جگــە لــە چەنــد کۆنفرانســێك بــۆ لێکۆڵینــەوە لــە هەڵوێســت و ڕووداوە تــازەکان، گرنگترینیــان کۆنفرانســی ئــازاری ســاڵی ١٩٦٢ کــە نوێنــەران لــە ســەرجەم ناوچەکانــی کوردســتان و عێراقــەوە ئامــادە بــوون بــۆ تاوتوێکردنــی دۆخــی قوتابیــان و یەکێتییەکەیــان یەکێتیــی قوتابیانــی کوردســتان، هــەم دۆخــی ناوخۆیــی و هــەم دەرەکــی. لــە گرنگتریــن بڕیارەکانــی:

١- پشتگیریکردنی شۆڕشی ئەیلوول بە هەموو ئامرازەکان.
٢- کارلێکی (التفاعل) زیاتر لەگەڵ بابەتە پیشەییەکان.

یەکێتی لە کێشە گشتییەکانی قوتابیان دانەبڕا، ئەوە بوو هەوڵی دا لایەنەکانی بزوتنەوەی قوتابیان پێکەوە بگونجێنێت کە لە یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق -کە لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦١ دامەزرا و نوێنەرایەتیی ئاراستەی بەعسی لەناو بزوتنەوەی قوتابیانی عێراقدا دەکرد- و یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراق وەك رووکارێك لە رووکارەکانی حزبی شیوعیی عێراقی و بانگهێشتکردنیان بۆ کردنەوەی گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەنێوانیاندا، بەڵام ئەو هەوڵانە نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك.

لەلایەکی ترەوە یەکێتییەکە بەشداری لە مانگرتنی قوتابیاندا کرد کە یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق ماوەیەکی کەم پێش کودەتای شوباتی ساڵی ١٩٦٣ سەرکردایەتی کرد، دیسان لە مانگرتنە گشتییەکەی (ساڵی ١٩٦٧) لەگەڵ سەرجەم هێز و یەکێتییە قوتابییەکان بەتایبەت لەگەڵ یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراق، هەروەها لە ماوەی نێوان ١٩٦٤ تا ئازاری ساڵی ١٩٧٠ یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە هەلومەرجێکی ئاڵۆزی ناوخۆییدا کۆنگرەی چوارەم و پێنجەمی بەست، لەوکاتەی هێرشی دڕندانە دژی گەلەکەمان لەلایەن حکوومەتە ناوەندییەکانەوە بەردەوام بوو.

بەڵام بابەتەکە سەبارەت بە رێکخراوەکانی لاوان و ئافرەتان (یەکێتیی

لاوانی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان) بە بەراورد بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان جیاوازە.

سەبارەت بە یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان سەرەڕای چاکیی بەرفراوانی یەکێتیی ناوبراو لە رووی کرداری و مەیدانییەوە و چالاکی و بەشدارییەکانی لە کۆنگرە هاوشێوەکاندا لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و جیهانی و دەرکەوتنی وەك رێکخراوێکی چالاك و خاوەن جموجووڵی دەرەکیی جۆراوجۆر؛ بەڵام لە رووی بناغەی بونیاتی رێکخستنەوە لە رێکخراوەکانی تر جیاوازە، چونکە رێکخستنی هەرەمی و بونیاتی شانەیی نەچووە ناو پێکهاتەی رێکخستنەکانی، ئەوەیش کاری لە سرووشتی ئەو رێکخراوە کرد و بەسەر رەوتی کارکردنیدا رەنگی دایەوە، بەوەی سەرکردایەتییەکەی گوێی بە بەستنی کۆنگرەی گشتی نەدا لە قۆناغێکی درەنگدا نەبێت و بەدیاریکراوی دووای رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، وەنەبێت ئەمە شتێکی نائاسایی تایبەت بە لاوانی کوردستان؛ بەڵکو بەکەمی نەبێت بایەخ بە بەستنی ئەو جۆرە کۆنگرانە بۆ یەکێتییەکانی لاوان نەدراو چ لەسەر ئاستی گۆڕەپانی عێراق یان جیهان، لەگەڵ ئەوەیشدا لاوانی کوردستان لە تەمەنی (١٨-٤٥ ساڵ)دا بەشداریی گەورەیان لە چالاکییە گشتییەکان و لە خەباتەکانی گەلی کوردستاندا کردووە. کاتێکیش دەڵێین لاوان مەبەستمان سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەیە کە دەکەونە ناو ئەو تەمەنەی باس کرا.

هەرچی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانە توانی هەر زوو لە سەرەتای پەنجاکاندا، لەسەر دەستی نەوەی یەکەمی ئافرەتانی تێکۆشەر بچێتە ناو جەرگەی خێزانەکانی کوردستان. بزوێنەری یەکەم بوو لە خستنەگەڕی چالاکییە گشتییەکان تایبەت بە ئافرەتانی کوردستان چ سیاسی بن یان کۆمەڵایەتی و ناکرێت لایەنێکی بنچینەیی لە کاری ئەو رێکخراوە و خاتوونە ئەندامە بەڕێزەکانی نادیدە بگیرێت کە بەشدارییان کرد لە پاڵپشتیکردنی برا و کوڕ و مێردەکانیان لە قۆناغەکانی کاری نهێنی یان لەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١، چونکە ئەگەر کارلێکی پرنسیپانەی ئەوان نەبووایە پیاوان نەیاندەتوانی ئەرکەکانی خەبات بەئەنجام بگەیەنن. ئەوان بەردەوام سووتەمەنی بوون بۆ بەردەوامیی خەبات و بەرگەگرتنی سەختییەکانی ژیان لەئەنجامی بەشداریکردنی هاوسەر و برا و کوڕەکانیان لە کاروانی دوور و درێژ و سەختی گەلەکەیان بەبەردەوامی.

کۆنگرەی دووەمی پاش کۆنگرەی دامەزراندنی یەکەم ساڵی ١٩٥٢ نەبەسترا تا قۆناغی پاش رێکەوتنامەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، ئەوەیش بۆ ئەو دۆخە سەختە دەگەڕێتەوە کە بەسەر قۆناغی دووای دامەزراندندا تێپەڕی بەتایبەت بۆ ئافرەتان، کە لە توانایاندا نەبوو ئەو کارانە بکەن پیاوان دەیانکردن، ئەوەیش لە بنەڕەتدا بۆ سرووشتی ئافرەت و ئەرکەکانی ماڵەوە دەگەڕێتەوە، ئەمە جگە لە پشتگیریکردنی بۆ پیاو و کارلێکردنی چارەنووسسازانەی لەگەڵیدا.

لەلایەکی ترەوە جووتیارانی کوردستان و رێکخستنە پیشەییەکانیان لە رێی کۆمەڵە جووتیارییەکانەوە، کە لەناو ریزەکانیان و رێکخستنە حزبییەکانیاندا ریشەدار بوو، بەشدارییەکی گەورەیان لە شۆڕشی ئەیلوولدا کرد، بگرە دەتوانین بڵێین قورسایی هەرە گەورەی شۆڕش کەوتبووە سەر شانی جووتیاران لە گوندە بەربڵاوەکانیاندا، چ لە چیاکان و چ لە دەشتاییەکاندا، ئەمە لەپاڵ بەشداریکردنی کردارییان وەك جەنگاوەر لە ریزەکانی شۆڕشدا و دەتوانین بڵێین ئەوان سووتەمەنی شۆڕش بوون و ناتوانرێت ئەو رۆڵە گەورە و درێژخایەنە نادیدە بگیرێت؛ کە پێویستی بە توێژینەوەیەکی تێر و تەسەل و سەربەخۆ هەیە.

بەگشتی دەتوانین کاری رێکخراوە کوردستانییەکان لەو قۆناغە مێژووییەدا (١٩٦١-١٩٧٠) لەم دێڕانەی خوارەوەدا پوخت بکەینەوە:

١- زۆربەی رێکخراوە کوردستانییەکان پارێزگارییان لە شانەکانی ریکخستنی خۆیان کرد ئەگەرچی لە دوو ماوەی جیاوازدا تووشی جۆرە شپرزی و درزتێکەوتنێك هاتن، ئەویش بەهۆی راوەدوونان و رەشبگیری و سیاسەتی داپڵۆسین کە دەزگە سەرکوتکەرەکانی حکوومەت لە ساڵی ١٩٦١ەوە پەیڕەویان دەکرد و بەهۆیەوە تێکۆشەرانی ئەو رێکخراوانە چوونە زیندانەکان و چەندین تێکۆشەری تریش لە ماوەی نۆ ساڵی ئەو قۆناغەدا (١٩٦١-١٩٧٠) لەسێدارە دران، ئەمە جگە لە دەربەدەربوونی بەشێکی زۆریان کە شاریان بەجێ هێشت و چوونە ریزەکانی شۆڕش.

لەلایەکی ترەوە ئەو لێکترازانەی ساڵی ١٩٦٤ لە سەرکردایەتیی پارتیدا رووی دا بەسەر رێکخراوە کوردستانییەکان و یەکگرتوویی رێکخستنەکانیدا شکایەوە و ئەو لێکترازانە بە نەرێنی کاری لە کۆی چالاکییە پیشەیی و سیاسییەکان کرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا رێکخراوە کوردستانییەکان سەرەڕای لێکترازانەکە توانییان خۆنەویستانە بە شێوە و شێوازی جیاواز درێژە بە کاروانەکە بدەن، ریزەکانیان یەك بخەنەوە و پەیکەرەکانی رێکخستنیان بەگوێرەی میتۆد و سیستمە ناوخۆییەکانی ئەو رێکخراوانە رێك بخەنەوە و ریزەکانیان دووای رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ جارێکی تر یەك بخەنەوە.

٢- سەرکردایەتیکردنی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بە چاکترین شێوە، راستییەکی تریش هەیە ئەویش ئەوەیە هەندێ لەو رێکخراوانە، لەوانە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بەحوکمی جۆری ئەو توێژەی نوێنەرایەتی دەکات توانی ئەو بەربەستانە ببڕێت کە دەهاتنە بەردەمی و بە هیمەت و قورساییەکی گەورەوە دەچووە ناو گۆڕەپانە سیاسییەکە، دەتوانین بڵێین بوو بە رووکاری راستەقینەی شۆڕشی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان، بەتایبەت لە هۆڵەکانی زانکۆکانی عێراق، ئەمە سەرەڕای ئەو مەترسییانەی لەو قۆناغەدا لە گۆڕەپانە سیاسییەکەدا هەبوون.

٣- هێنانەکایە و بەهێزکردنی پەیوەندیی نیشتمانی لەنێوان رێکخراوە کوردستانییەکان و رێکخراوە عێراقییە هاوشێوەکان و عەرەبییەکانیان کە

لـە عێراقـدان، هەروەهـا کاراکردنـی پەیوەندیـی برایانـە لەنێـوان یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان و کۆمەڵـەی قوتابیانـی کـورد لـە ئەوروپـا.

٤- بەگژاچوونـەوەی بیـرە ژەهراوییـەکان و بانگەشـە شـۆڤێنییەکان و وێنـا هەڵەکانـی هەنـدێ ڕێکخـراوی عێراقـی و عەرەبـی ئەگەرچـی سـەرەتا تووشـی سـەختیی زۆر بـوون، بـەڵام بـە تێپەڕبوونـی ڕۆژ و بەهـۆی بوونـی بـەردەوام لـە گۆڕەپانەکـەدا توانـی زۆر لـە قەناعـەت و تێگەیشـتنە هەڵـە و شـۆڤێنییەکان بگۆڕێـت و تەمومـژ لـە دەوری شۆڕشـی ئەیلـوول و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و ڕێکخـراوە کوردسـتانییەکان لای ڕای گشـتیی عەرەبـی و ڕێکخـراوە پیشـەییەکانی بڕەوێنێتـەوە، چونکـە لایەنـی حکوومـی و دەستڕۆیشـتووان لـە هەنـدێ کەسـایەتیی سیاسـیی عێراقـی لـە قۆناغێکـی دیاریکـراودا توانییـان هەنـدێ تۆمـەت بلکێنـن و بیـر و بۆچوونـی هەڵـە و ژەهـراوی لەبـارەی شۆڕشـی کـورد بـڵاو بکەنـەوە.

بـەم شـێوەیە کاری ڕێکخـراوە کوردسـتانییەکان بـەردەوام بـوو و توانییـان بنکەیەکـی فراوانـی گـەورە بـۆ خۆیـان دروسـت بکـەن، ئـەوە بـوو زۆربـەی توێـژە کوردییـەکان چوونـە ریـزە جەماوەرییەکانیـان. تـا حکوومەتـی ناوەنـدی گەیشـتە قەناعـەت بـەوەی هیـچ ڕێگەیـەك نییـە بـۆ چارەسـەری کێشـەی کـورد جگـە لـە پەیڕەوکردنـی ڕێبـازی ئاشـتییانە و دیموکراسـییانە لەگـەڵ سـەرکردایەتیی شۆڕشـی کـورد، ئەوەیـش بەکـردەوە ڕووی دا و لـە کاتـی ڕاگەیاندنـی ڕێکەوتنامـەی ١١ی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠ ڕێکخـراوە کوردسـتانییەکان لـە پێشـەنگی ئـەو حەشـاماتە دەنـگ دلێـرەدا بـوون؛ کـە

پێشـــوازییان لــە خۆشـــییە گەورەکــە کــرد و پەردەیــان بەســەر قۆناغێکــدا دادایــەوە کــە بــۆ کاری رێکخــراوەکان ســەخت و دژوار بــوو، بــەڵام ئــەو رووداوە تازەیــەی بــە ســەردەمێکی نــوێ دەســت پــێ دەکات کاری رێکخراوەکانــی بــردە قۆناغێکــی نــوێ و کاریگەریــی گــەورە و ئەرێنــی لەســەر کارەکەیــان هەبــوو، کــە لەمــەودووا لــەوە دەکۆڵینــەوە.

## قۆناغی دووای راگەیاندنی رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ تا ئیمزاکردنی خیانەتنامەی شوومی جەزائیر لە ٦ی ئازاری ١٩٧٥

پاش دانوستانێکی دوور و درێژ لەنێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد و حکوومەتی عێراق لە کۆتا سێیەکی ساڵی ١٩٦٩، لە کۆتاییدا هەردوولا گەیشتنە ئیمزاکردنی رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کە لە (١٥) بەندی سەرەکی پێك دێت و بەو پێیە حکوومەتی عێراق بۆ یەکەمین جار دانی بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا نا لەسەر بناغەی حوکمی زاتی. رێکەوتنامەکە بە بەڵگەنامەیەکی رەسمی دادەنرێت کە لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقییەوە ساڵی ١٩٢١ هاتە ناو مێژووی گەلی کورد لە عێراق؛ ماددەی پێنجەمی ئەو رێکەوتنامەیە دەقێکی تێدایە دەڵێت: "حکوومەتی عێراق دان بە مافی گەلی کورددا دەنێت لە دامەزراندنی رێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و مامۆستایانی تایبەت بە خۆی و ئەو رێکخراوانە ئەندام دەبن لە رێکخراوە عێراقییە هاوشێوەکاندا". ئەم دەقەی رێکەوتنامەکە دەرگایەکی فراوانی لەبەردەم کارکردنی رێکخراوە کوردستانییەکاندا کردەوە، هەروەها ماددەی پێنجەم ها جەخت لە دوو بنەما دەکات کە بریتین لە:

یەکەم: داننانی تەواو بە مافی گەلی کورد لە دامەزراندنی رێکخراوە کوردستانییەکاندا، مەبەست لەم دەقە ئازادیی کارکردنی رێکخراوە کوردستانییەکان بوو بەگوێرەی یاسا، چونکە رێکخراوە

کوردســـتانییەکان ســـاڵانێکی زۆر پێـــش لـــەو مێـــژووە هەبـــوون، بـــەڵام ئـــەو ڕێکەوتنامەیـــە بـــواری بـــۆ کارکردنـــی یاســـایی و ئاشـــکرای کاری ڕێکخـــراوە کوردســـتانییەکان کـــردەوە.

دووەم: بەســتنەوەی ڕێکخـراوە کوردســتانییەکان بـە ڕێکخـراوە عێراقییـە لێکچـوو یـان هاوشـێوەکان لـە چوارچێـوەی گشـتیدا، لەگـەڵ پارێزگاریکردنـی تـەواو لـە سـەربەخۆیی سیاسـی و ڕێکخراوەیـی و کاری پیشـەیی؛ پێکەوەبەسـترانەکە شـێوەیەکی (فەوقـی) وەرگـرت و پەیوەندییەکـە بـەم شـێوەیەی لـێ هـات:

أ- کردنـی سـەرۆکانی ڕێکخـراوە کوردسـتانییەکان بـە جێگـری سـەرۆکانی ڕێکخـراوە مەرکەزییـەکان بەبـێ دەسـتوەردان لـە کاروبـارە تایبەتەکانیـان.

ب- چوونـی سـێ ئەنـدام لـە دەسـتە سـەرکردایەتییەکانی ڕێکخـراوە کوردسـتانییەکان بـۆ نـاو دەسـتە مەرکەزییەکانـی ڕێکخـراوە عێراقییـە هاوشـێوەکان.

ج- ئامادەبوونـی نوێنەرانـی ڕێکخـراوە مەرکـەزی و کوردسـتانییەکان لـە کۆنگـرە عەرەبـی و جیهانییەکانـدا بەدرێژایـی مـاوەی ١١ی ئـازاری ١٩٧٠- ئـازاری سـاڵی ١٩٧٤؛ لـە پێکهاتـەی شـاندەکاندا ڕەچـاوی ئـەوە دەکـرا نوێنەرانـی ڕێکخـراوە کوردسـتانییەکانیان تێـدا بێـت.

پـاش ڕاگەیاندنـی ڕێکەوتنامەکـە ئـەرك و کاری ڕێکخـراوە کوردسـتانییەکان چـووە قۆناغێکـی نـوێ کـە لـە کارکردنـی ئاشـکرا بەشـێوەیەکی یاسـاییدا خـۆ دەنوێنێـت و ئـەم شـێوەیەی خـوارەوەی وەرگـرت:

أ- ڕێکخـــراوە کوردســـتانییەکان پارێزگەکانــی کوردســـتان (هەولێـــر و کەرکـــووك و ســـلێمانی و دهـــۆك) و قـــەزا کوردســـتانییەکانی تـــری وەك (شـــەنگال و خانەقیـــن و مەخمـــوور و شـــێخان و مەندەلـــی و زرباتییـــە) و ســـەنتەری پارێزگـــەی نەینەوایـــان کـــردە بنکـــەی کاری جەمـــاوەری و ســـەرجەم چیـــن و توێـــژە جیـــاوازەکان بەســـترانەوە بـــە ڕێکخـــراوە کوردســـتانییەکانەوە و نزیکـــەی ٩٠٪ی ئـــەو بنکەیەیـــان پێـــك دەهێنـــا.

ب- دەســـتە ســـەرکردایەتییەکان بەتایبـــەت مەکتەبەکانـــی ســـکرتارییەت بنکـــە و بارەگایـــان لـــە بەغـــدای پایتەخـــت دانـــا.

ج- گۆڕەپانـــی کاری جەمـــاوەری پەلـــی هاویشـــت بـــۆ هەنـــدێ شـــار لـــە ناوەڕاســـت و باشـــووری عێـــراق، واتـــە لـــە هـــەر شـــوێن زۆرینـــە کوردییـــەك هەبووبێـــت ڕێکخســـتنەکان و کاری ڕێکخـــراوە کوردســـتانییەکان هەبـــوون.

پـــاش تێپەڕبوونـــی چەنـــد مانگێـــك بەســـەر ڕاگەیاندنـــی ڕێکەوتنامەکـــەدا؛ چەنـــد لیژنەیەکـــی ئامـــادەکاری پێـــك هێـــنران بەمەبەســـتی ئامـــادەکاری بـــۆ گرێدانـــی کۆنگـــرە گشـــتییەکانی ئـــەو ڕێکخراوانـــە لـــە کەشـــوهەوایەکدا کـــە لـــە قۆناغەکانـــی ڕابـــردوو جیـــاوازە و ڕێکخـــراوە کوردســـتانییەکان کۆنگرەکانیـــان بـــەم شـــێوەیە گـــرێ دا:

١- یەکێتیـــی قوتابیانـــی کوردســـتان-عێراق کۆنگـــرەی شەشـــەمی لـــە ناوچـــەی ناوپـــردان لـــە قـــەزای چۆمـــان کـــە ناوچەیەکـــی ئازادکـــراو بـــوو بەســـت، ئەویـــش پـــاش ئـــەوەی لـــە چەنـــد مانگـــی پێـــش بەســـتنی کۆنگرەکـــە و لـــە ناوەڕاســـتی تەممـــووزدا ئامـــادەکاری بـــۆ کـــرا و پرۆســـەی هەڵبژاردنـــی نوێنـــەران لـــە

سەرجەم لق و لیژنە ناوخۆییەکان لە کوردستان و زانکۆکانی عێراق و ناوچەکانی تر لە پارێزگەکانی نەینەوا و دیالە و کووت بەڕێوە چوو؛ کارەکانی کۆنگرە سێ ڕۆژی خایاند (١٥ تا ١٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٧٠).

٢- یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان کۆنگرەی سێیەمی دیسان لە ناوچەی (ناوپردان) بەست لە ٥ی ئابی ساڵی ١٩٧٠، ئەویش سێ ڕۆژ بەردەوام بوو.

٣- یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان کۆنگرەی یەکەمی لە شەقڵاوە لە هاوینی ساڵی ١٩٧١ بەست.

٤- یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان کۆنگرەی دووەمی لە بەغدا لە ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧١ بەست. بیر و رای جیاواز هەیە سەبارەت بە کۆنگرەکانی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، رایەك هەیە دەڵێت یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان یەکەمین کۆنگرەی ساڵی ١٩٥٢ بەستووە پێش لە پێکهێنانی ڕێکخراوە کوردستانییەکان ساڵی ١٩٥٣، کۆنگرەی دووەمی پاش ڕێکەوتنامەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ و کۆنگرەی سێیەمی ساڵی ١٩٧١ دیسان لە بەغدا بەستووە، کۆنگرەی چوارەمیشی ساڵی ١٩٧٢ لە ناحیەی هاوینەهەواری سەلاحەدین بەستووە؛ لەکاتێکدا رایەکی تر هەیە کە رای ڕەسمییە لەنێو سەرکردایەتیی ئێستای یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و پێی وایە کۆنگرەکانی یەکێتیی ئافرەتان لەم مێژووانەدا بەستراون:

١- کۆنگرەی یەکەم ساڵی ١٩٧٠ لە بەغدا.

٢- کۆنگرەی دووەم ساڵی ١٩٧١ لە بەغدا.

٣- کۆنگرەی سێیەم ساڵی ١٩٧٢ لە هاوینەهەواری سەڵاحەدین.

٤- کۆنفرانسی ناوپردان ساڵی ١٩٧٥.

دووای سۆراخ و پرسیارکردن لە چەند ئەندامێکی پێشەنگ لەو بوارەدا گەیشتینە ئەو رایەی کۆنگرەی یەکەم کۆنگرەی گشتیی ئاشکرایە کە پاش رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بەستراوە. هەرچی بۆچوونەکەی ترە کە دەڵێت کۆنگرەی یەکەم ئەو کۆنگرەیەیە ساڵی ١٩٥٢ بەسترا، هەندێ راستیی بابەتی هەن پێچەوانەی ئەو رایەن، چونکە راستییە مێژووییەکان پێچەوانەی بۆچوونی گرووپی یەکەم دەسەلمێنن، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- رێکخراوە کوردستانییەکان پاش رێنمایی و راسپاردەکانی کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان پێك هاتن کە لە مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٥٣ بەسترا، لەبەرئەوە پێکهێنانی رێکخراوە کوردستانییەکان بۆ شوباتی هەمان ساڵ و پاشتر دەگەڕێتەوە.

٢- هیچ دەق یان راستییەکی مێژوویی نییە شوێن و بڕیارەکانی سەرکردایەتیی هەڵبژێردراوی ئەو رێکخراوەمان پیشان بدات، ئەوەی هەبوو پێکهێنانی رێکخراوێکی ئافرەتانی کوردستان بوو ساڵی ١٩٥٢ بەناوی یەکێتیی خوشکانی کوردستان لە کۆمەڵێك ئافرەتی تێکۆشەر و بەناوی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا دەکرێت پێکهێنانی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان ساڵی ١٩٥٣ وەك

درێژکراوەیەکی سرووشتی ئەو گردبوونەوە ئافرەتانەیەی ساڵی ١٩٥٢ پێك هێنرا، دابنرێت. ئەو رێکخراوە بەبەردەوامی کەسە سەرکردەکان و بەرنامەکانی بەبێ بەستنی کۆنگرەی گشتی بۆیان هەڵدەبژارد، ئەویش بەهۆی بارودۆخی سیاسی و واقیعی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردستانیی ئەوکاتدا، لەبەرئەوە پێمان وایە ئەو کۆنگرەیەی ساڵی ١٩٧٠ بەسترا بە کۆنگرەی یەکەم و جۆرایەتی و ئاشکرا و رێکخراوی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان دادەنرێت؛ کۆنگرەی دووای ئەوە کۆنگرەی کۆنگرەی دووەمە کە لە هاوینەهەواری سەلاحەدین ساڵی ١٩٧٢ بەسترا، کۆنفرانسێکیش ساڵی ١٩٧٥ لە ناوچەی ناوپردان بەسترا. بەڵام ئەمە رەتکردنەوەی بوونی کۆبوونەوەی دەستەبژێرانەی ئافرەتانی کوردستان و هەڵبژاردنی کەسایەتیی ئافرەتانەی کورد وەك رووکار و سەرکردایەتیکردنی تەشکیلاتە ئافرەتانەکان لە چلەکان و پەنجاکانی سەدەی رابردوو ناگەیەنێت، بەتایبەت پاش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ بە سەرپەرشتیی راستەوخۆی دەستەیەك لە ئافرەتانی کوردستانی و ئاراستەکردنیان بۆ کارکردن لە ریزەکانی ئافرەتانی کوردستاندا.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دوواوە دەبینین ماوەی چوار ساڵی (١٩٧٠-١٩٧٤) بە گرنگترین قۆناغەکانی کارکردنی ئاشکرای رێکخراوە کوردستانییەکان دادەنرێت، دەکرێت ئەو قۆناغە وەك چاخی زێڕینی دابنرێت، کە رێکخستنەکانی لە دوورترین خاڵی کوردستاندا بڵاو بوونەوە و رووبەری بەرفراوانیان لە ناوەڕاست و باشووری عێراقیش رووماڵ کرد.

جەماوەرێکی بەرفراوان لە دەوری چوارچێوەی کار خڕ بوونەوە و زۆر ناو لە سەرکردایەتی و کادیرەکانی ناوەڕاست لە کاری پیشەییدا دەرکەوتن و بە تەواوی دڵسۆزی و لێبڕانەوە کاریان دەکرد لەپێناو پەرەدان بە کاری جەماوەری، سەرەنجام سەرکردایەتیی نوێ و بەئەزموون دەرکەوتن و کادیری لێوەشاوەیان دروست کرد کە لە قۆناغەکانی پاشتردا کاریان کرد و پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ پێگەی سەرکردایەتییان لە پێکهاتەی حزبە کوردستانییەکاندا گرت.

ماوەی نێوان ساڵی ١٩٧٠-١٩٧٤ بەستنی چەند کۆنگرەیەکی تری بەخۆوە بینی، وەك کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە سلێمانی (ساڵی ١٩٧٢)، کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە هەولێر (ساڵی ١٩٧٢)، کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر (ساڵی ١٩٧٤)، کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە هاوینەهەواری سەڵاحەدین (ساڵی ١٩٧٢)، کە بەڵگەیە لەسەر رادەی وابەستەبوون بە رێباز و پەیڕەوی ناوخۆ، هەروەها بەشداریکردن لە کۆنگرە و فیستیڤاڵە جیهانییەکان بە جیا، یان لەگەڵ سەرکردایەتییە عێراقییەکانی رێکخراوە مەرکەزییەکان.

هەروەها ئەو ماوەیە ئەزموونێکی پێشەنگانەی گەورە و بێ پێشینەی کاری یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی بەخۆوە بینی، ئەویش کردنەوەی خێوەتگەی قوتابیان بوو لە گوندەکانی کوردستان لە ناوچەکانی کەرکووك و خانەقین و سنجار، کە بیرۆکەی ئەم کارە لە چەندین سەربەنەوە هات:

١- ئاشـــناکردنی قوتابیـــان بـــە کاری مەیدانـــی دوور لـــە کورســـییەکانی خوێنـــدن و قۆســـتنەوەی مـــاوەی پشـــووی هاویـــن بـــۆ کردنـــەوەی خێوەتگـــە لـــە قووڵایـــی ناوچـــە گوندنشـــینەکان لـــە کوردســـتان و تێکەڵبـــوون بـــە قوتابیـــان و تێگەیشـــتن لـــە وانـــەکان و ئاگەداربـــوون لـــە نەهامەتییەکانـــی جووتیارانـــی کوردســـتان و کێشـــەکانیان.

٢- ئاگەدارکردنـــی جووتیارانـــی کوردســـتان لـــەوەی چیـــن و توێژەکانـــی تـــر لـــە ڕۆڵەکانـــی شـــارەکان، بایـــەخ بـــە بارودۆخـــی ئـــەوان و شـــێوەی ژیانیـــان و ئـــەو ســـەختییانەی دووچاریـــان دەبێـــت دەدەن و دەیانگوێزنـــەوە بـــۆ ئەوانـــی تـــر، هەروەهـــا نووســـین لەبارەیانـــەوە لـــە ئەدەبیاتەکانیـــدا بـــۆ ئاشـــناکردنی ڕۆڵەکانـــی گـــەل بـــە ژیانـــی ڕاســـتەقینەی جووتیـــاری کوردســـتان.

٣- بەهێزکردنـــی ڕۆحـــی مەعنەویـــی جووتیـــاران و دانیشـــتوانی ئـــەو ناوچانـــەی خێوەتگەکانیـــان تێـــدا دەکرانـــەوە، نەخاســـمە ئەوانـــەی ڕووبـــەڕووی سیاســـەتێکی ڕەگەزپەرســـتانە لەلایـــەن حکوومـــەت و حزبـــی بەعســـی عەرەبـــی ئیشـــتراکییەوە دەبوونـــەوە، کـــە لـــە سیاســـەتی بەدنـــاوی بەعەرەبکردنـــی ئـــەو ناوچانـــەدا خـــۆ دەنوێنێـــت لەبـــەر گرنگیـــی ئـــەو ناوچانـــە لـــە ڕووی سیاســـی و ئابـــووری و جوگرافییـــەوە وەك کەرکـــووك و شـــەنگال و خانەقیـــن و شـــێخان.

بیرۆکـــەی کردنـــەوەی خێوەتگـــەی قوتابیـــان لـــەو ناوچانـــە بـــۆ یەکـــەم جـــار لـــە هاوینـــی ســـاڵی ١٩٧١ لای نووســـەری ئـــەم دێڕانـــە گەڵاڵـــە بـــوو، کـــە ژمارەیەکـــی زۆر لـــە قوتابیانـــی ئامادەییەکانـــی کوردســـتان و زانکۆکانـــی عێـــراق لـــە ئەندامانـــی یەکێتیـــی قوتابیانـــی کوردســـتان تێیـــدا بەشـــدار دەبـــوون

و ماوەی دوو تا سێ هەفتەی دەخایاند. قوتابیانی بەشدار دابەش دەبوون بۆ دەستەی بچووك بچووك؛ بە ڕۆژ بەناو گوندەکانی ئەو ناوچانەدا دەگەڕان و بە شەویش جووتیارانیان بانگ دەکرد بۆ شوێنی خێوەتگەکان بەمەبەستی بەسەربردنی چەند کاتژمێرێك بە گوێگرتن لە وتار و سروودی نیشتمانی. ڕێکخستنی ئەو جۆرە خێوەتگایانە لە هاوینی سالانی ۱۹۷۲ و ۱۹۷۳دا دووبارە کرایەوە و ئەو ئەزموونە پێشەنگانەیە دەریخست تێکەڵبوون و کارلێککردن لەنێوان چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و قووڵکردنەوەی گیانی پێکەوەجۆشدرانی چارەنووسسازانەدا چەندە کاریگەرە (ئەو ئەزموونە لە سەرکردایەتییەکانی یەکێتییەکانی قوتابیان و لاواندا شایانی توێژینەوەیە).

بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ڕێکخراوە کوردستانییەکان تووشی جۆرێکی تر کێشە بوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوە مەرکەزییە عێراقییەکان، یان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کارگێڕی لەو ناوچانەی ئەوکاتە لە ڕوانگەیەکی شۆڤێنییانەی پەتییەوە ناونرابوون ناوچە تێکەڵەکان، بەتایبەت لە شارەکانی کەرکووك و شەنگال و شێخان و خانەقین و مەندەلی و زرباتییە، کە ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوە مەرکەزییەکان و دەسەڵاتدارانی کارگێڕیی حکوومەتی عێراق خرانە خزمەتی سیاسەتی مەرکەزی، کە بۆ سڕینەوەی ئادگارەکانی کوردستانی و کوردیبوونی ئەو ناوچانە داڕێژرابوون؛ ئەو سیاسەتە هەڵەیە لە کۆتاییدا وڵاتی بەرەو قۆناغێکی تر یان ساڵێکی نوێ لە کوشتاری خوێناوی برد پاش ۱۱ی ئازاری ساڵی ۱۹۷٤ کاتێك

حکوومەتـی ناوەنـدی یەکلایەنـە پـرۆژەی حوکمـی زاتییەکـەی راگەیانـد، کـە لەلایـەن سـەرکردایەتیی کـوردەوە بەتەواوەتـی رەت کرایـەوە، ئەوەیـش وای کـرد رێکخـراوە کوردسـتانییەکان جارێکـی تـر و زۆر زیاتـر لـە قۆناغەکانـی رابـردوو بچنـەوە ریزەکانـی شـۆڕش و کارکـردن لـە جومگـە کارگێـڕی و سیاسـی و سـەربازییەکان، یـان لـە هەنـدێ ئەرکـی تایبەتـدا و بەجێهێشـتنی کورسـی و پۆلەکانـی خوێنـدن و وەرشـەکانی کار و کێڵگـە سـەوزەکان و کەشـوهەوای گەرمـی نـاو خێزانیـان، هەمـوو ئەمانـە لەپێنـاو شۆڕشـی گەلەکەیانـدا کـە بەهـۆی رێکەوتنـی خیانەتکارانـەی نێـوان عێراقـی سـەدام حوسـێن و ئیرانـی شـاوە تووشـی نسـکۆیەکی گـەورە هـات، کـە کۆتـا پەردەکانـی لـە ٦ی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٥ لـە جەزائیـری پایتەختـی جەزائیـر ئیمـزا کـرا، ئەوکاتـە کاری رێکخـراوە کوردسـتانییەکان رێڕەوێکـی نوێـی گرتەبـەر، ئەویـش لـە ئەنجامـی بارودۆخـی تـەواوی گەلـی کوردسـتان، کـە ئەمـە کایـەی بەشـێکی تـری ئـەو توێژینەوەیەیـە.

## قۆناغی پاش ڕێکەوتنامەی شوومی جەزائیر
## ٦ی ئازاری ١٩٧٥- ئازاری ١٩٩١

بەهـۆی ڕێکەوتنـی خیانەتکارانـەی نێـوان هـەردوو دەوڵـەت (ئێرانـی شـا و عێراقـی سـەدام حوسـێن) و دەستخۆشـانەی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا و شەخسـی وەزیـری دەرەوەی ئـەو وڵاتـە هێـنری کیسـنجەر لـە ٦ی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٥ لـە شـاری جەزائیـر؛ شۆڕشـی ئەیلـوول تووشـی نسـکۆیەکی گـەورە هـات و بەهۆیـەوە شۆڕشـەکە بـۆ ماوەیەکـی کـورت ڕاگیـرا، ئاسـەوارەکانی ئـەو ڕێکەوتنـە خیانەتکارانەیـە بەشـێوەیەکی نەرێنـی بەسـەر کـۆی چالاکـی و جموجووڵـە سیاسـییەکاندا شـکایەوە، لەوانـە ڕێکخـراوە کوردسـتانییەکان، کـە لـە سـەرەتادا بـووە هـۆی وەسـتاندنی کارەکانـی، ئەمـە جگـە لـە پەڕاگەندەبوونـی ژمارەیەکـی زۆر لـە کادیـر و ئەندامانـی ئـەو ڕێکخراوانـە لـە تـەواوی وڵاتانـی جیهانـدا وەك پەنابـەری سیاسـی. سـەرەڕای سـەختیی کۆسـتەکە و شـوێنەوارەکانی نسـکۆ کاتییەکـە؛ ڕێکخـراوە کوردسـتانییەکان -بـە جیاوازیـی ئاراسـتە سیاسـییەکانەوە- توانییـان سـەرلەنوێ گیـان وەبەریانـدا بکەنـەوە و لـە بارودۆخێکـی پـڕ تـرس و تۆقانـدا دەسـتیان بـە چالاکـی کـردەوە، کادیرانـی ئـەو ڕێکخراوانـە گیانـی مەعنەوییـان لـە تێکۆشـەرانی حزبـە کوردسـتانییەکان وەردەگـرت، کـە (جارێکـی تـر خاکـی کوردسـتانیان کـردەوە بـە گۆڕەپانـی ڕاستەقینەی خەبـات). تیکۆشـەری شـەهید (ڕێبـەر مـەلا حوسـێن) و هەڤاڵـە

قارەمانەكانــی، پــاش ماوەیەكــی كــورت لــە دەســتپێكردنەوەی خەبــات، توانییــان گیــان وەبــەر رێكخســتنەكانی یەكێتیــی قوتابیانــی كوردســتاندا بكەنــەوە. بەڵگەنامــە رەســمییەكانی یەكێتیــی قوتابیانــی كوردســتان دەڵێــن شــەهید (رێبــەر مــەلا حوســێن) و هەڤاڵەكانــی لــە ١٩٧٦/١٢/١٦ توانییــان قۆناغێكــی نوێــی كاركــردن پــاش نســكۆكەی ســاڵی ١٩٧٥ دەســت پــێ بكەنــەوە، ئــەوە بــوو لــە ناوەڕاســتی ئــازاری ســاڵی ١٩٧٦ بەیاننامەیەكیــان بەنــاوی یەكێتیــی قوتابیانــی كوردســتان-عێراقەوە بــۆ جەمــاوەری قوتابیانــی كوردســتان دەركــرد (وەك رۆژنامــەی "خەبــات" لــە ژمــارەی (٥٢٦) لــە ١ی تەممــووزی ســاڵی ١٩٧٦ بــڵاوی كردۆتــەوە)، تێیــدا ســڵاو بــۆ هەڵوێســتەكانی پارتــی دیموكراتــی كوردستان-ســەركردایەتیی كاتــی دەنێرێــت و داوا لــە جەمــاوەری قوتابیانــی كوردســتان دەكات خەبــات بچەســپێنن و بــە رووی دوژمنــی فاشــیدا بوەســتنەوە. یەكێتــی لــە بەیاننامەكەیــدا رەفتارەكانــی دەســەڵاتی فاشیســت و دەزگــە ســەركوتكەرەكانی بەرانبــەر قوتابیانــی كــورد و جەمــاوەری قوتابیانــی عێــراق ریســوا دەكات و داوا لــە بزوتنــەوەی قوتابیانــی عێــراق دەكات كۆششــەكانیان یــەك بخــەن و یەكێتیــی خەباتیــان پتــەو بكــەن بــۆ تێكۆشــان شانبەشــانی هێــز و گرووپــە نیشــتمانی و پێشــكەوتنخوازەكانی گەلــی عێــراق لەپێنــاو تێكشــكاندنی فاشــیزم و لــە گۆڕینانــی پیلانەكانــی ئیمپریالیــزم و رەگەزپەرســتی و كۆنەپەرســتی و بونیاتنانــی عێراقێكــی گەشــاوە، كــە لــە ســایەیدا گەلــی كــورد لــە حوكمێكــی زاتیــی راســتەقینە بەهرەمەنــد بێــت.

جگە لەوە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان توانی بەشێوەیەکی زۆر نهێنی ڕێکخستنەکانی لە پارێزگەی هەولێر بگێڕێتەوە؛ ئەوە بوو یەکەمین ڕێکخراوی نهێنی لە ناوەڕاستەکانی ساڵی ١٩٧٦ بەناوی ڕێکخراوی (شیرین) بۆ یەکێتیی قوتابیانی کوردستان پێك هات، بەدووای ئەوەدا دامەزراندنەوەی ڕێکخراو و لق و لیژنە یەکێتییەکان و بەستنی کۆنفرانسی یەکەمی لە ساڵی ١٩٨١ بۆ تاوتوێکردنی دۆخە تازەکە و دەرکردنی گۆڤاری "دەنگی قوتابیان" تا جارێکی تر ببێتەوە بە زمانحاڵی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان. یەکێتییەکە لە بونیاتنانی ڕێکخستنەکانی و بەهێزکردنیان بە هەموو شێوەیەك بەردەوام بوو بە ڕەچاوکردنی دۆخە تازەکە و توانی ساڵی ١٩٨٢ کۆنفرانسی دووەمی و کۆنفرانسی سێیەمیشی لە ١/٧/ ١٩٨٣ ببەستێت.

هەرچی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانە ئەویش لە بارودۆخێکی زۆر سەختدا درێژەی بە کاروانی خەباتی خۆی دا و بابەتەکە بۆ ئەو بەراورد لەگەڵ ڕێکخستنەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان جیاوازە، چونکە لاوان بەشی هەرەزۆری ڕێکخستنەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانیان پێك دەهێنا، لەبەرئەوە بەکردەوە لە گۆڕەپانەکەدا هەبوو و توانی کۆنفرانسی یەکەمی دووای نسکۆ، ساڵی ١٩٨١ ببەستێت و جارێکی تر بیسەلمێنێت لاوان کۆڵەکەی ئایندە و پایەیەکی گرنگن لە پایەکانی شۆڕش.

پەرەسەندنێکی نوێ سەبارەت بە ڕەوتی کاری ڕێکخستنەکانی یەکێتیی

قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان رووی دا، ئەویش دەستنیشانکردنی سەرکردایەتیی هەردوو رێکخراوەکە بوو، چونکە رێکخستنەکانی هەردوو رێکخراو لە یەکتر نزیك بووبوونەوە، جا بۆ ئەوەی رێکخستنەکانیان کاریگەرتر بن بەپێویستیان بینی هاوئاهەنگی بکەن و پێکەوە لەژێر یەك سەرکردایەتیی یەکگرتوودا کار بکەن، تا کاتی گۆڕانی بارودۆخ بە ئاراستەیەکی تر، لەبەرئەوە بڕیاریان دا لە ماوەی نێوان ٢٨-١٩٨٦/٨/٣٠ کۆنفرانسێکی هاوبەش لە گوندی "خنیرە"ی سەر بە ناحیەی سیدەکان بەبەشداریی ٧٧ ئەندامی هەردوو یەکێتییەکە ببەستن، لەپێناو بەهێزکردنی خەبات و کارلێککردنی زیاتر لەگەڵ شۆڕشی کورد بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی گەلی کوردستان.

بە مەزەندەی ئێمە هەنگاونانی سەرکردایەتیی هەردوو رێکخراو (قوتابیان و لاوان) بەرەو یەکگرتن لەژێر سەرکردایەتییەکی هاوبەشدا هەنگاوێکی کردارییی دروست بوو لەو کاتەدا، ئەویش پاش شیکردنەوەیان بۆ ئەو دۆخەی پێیدا تێدەپەڕین بەتایبەت پاش هاتنە مەیدان و بەشداریکردنی کردارییانەی رێکخستنەکانیان لەپاڵ تەشکیلاتە حزبییەکان و رێکخراوە جەماوەرییە پیشەییەکانی تردا لە بزواندنی جەماوەری قوتابیان و لاوان بەجیاوازیی ئینتیما و ئاراستە سیاسییەکانی تەشکیلاتە رێکخراوەکانی حزبە کوردستانییەکان بەرەو ئەو راپەڕینانەی ساڵانی ١٩٨٢ و ١٩٨٤ لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان و زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر و زانکۆی مووسڵ روویان دا، کە ئەو قورساییە

شۆڕشـگێڕانەیەی یـەك خسـت کـە ڕۆچووبـووە نـاو ڕیزەکانـی قوتابیـان و لاوان پێکـەوە.

بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەوەی بـاس کـرا دەتوانیـن بگەینـە ئـەو دەرەنجامـەی کاری ڕێکخـراوە کوردسـتانییەکان لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی ١٩٧٥-١٩٩١، لـەم خاڵانـەدا خـۆی دەنوێنێـت:

١- توندبوونـی هێرشـی دڕندانـەی دوژمنـان چ ڕژێمـی عێـراق یـان ڕژێمـی شـای ئێـران کاریگەریـی نەرێنـی کـردە سـەر چالاکییەکانـی ڕێکخـراوەکان؛ بەتایبـەت پـاش ئـەو ڕووداوانـەی بـەدووای نسـکۆی ٦ی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٥دا هـات لـە ئـاوارە و پەڕاگەندەبـوون، چ بـۆ ئەوانـەی دەگەڕانـەوە بـۆ عێـراق و چ ئەوانـەی لـە ئێـران دەمانـەوە، ئەمەیـش شـتێکی زۆر سرووشـتییە، بەتایبـەت لـە قۆناغـی یەکەمـدا کـە نزیکـەی سـاڵێکی خایانـد، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەیشـدا ڕێکخـراوە کوردسـتانییەکان سـەرلەنوێ دەسـتیان بـە چالاکـی کـردەوە بـا بەشـێوەیەکی جیـاواز لـە سـاڵانی ڕابردوویـش بێـت، چونکـە نسـکۆکە کاریگەریـی گـەورەی لەسـەر دەروون و وره هەبـوو و دوژمنـان چوونـە هاوپەیمانییەکـی ناپیـرۆز بـۆ بەگژاچوونـەوەی شۆڕشـی کـورد و خەونەکانـی گەلـی کوردسـتان.

٢- سـەرلەنوێ گەڕانـەوە بـۆ دۆخـی ڕێکخسـتنە نهێنییـەکان و ڕێکخسـتنی شـانەیی بـۆ هێڵـە سـەرەکییەکان (الخطـوط الرئیسـیة)، پـاش ئـەوەی ڕێکخسـتنەکان سـاڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ ئـەو دۆخەیـان تێپەڕاندبـوو، کـە لـە سـاڵانی ڕابـردوودا پشـت تەنهـا بـەو ڕێکخسـتنانە نەدەبەسـترا،

بەڵکو کارکردنی جەماوەری لەنێوان گرووپ و توێژەکاندا بە ئامرازگەلی نوێ بوو وەك فیستیڤاڵ، گەشت و گوزار، ئاهەنگی کات بەسەربردن و کۆبوونەوە لە یانەکانی کۆلێژەکان و چالاکییە وەرزشییەکان، ئەمە جگە لە کردنەوەی خول و خێوەتگەی قوتابیان؛ کە بە چاکی سوودیان لێ وەردەگیرا بۆ لەخۆگرتنی جەماوەر لەگەڵ هێشتنەوەی رێکخستنەکە و ئاراستەکردنی ناوەندی وەك کۆڵەکەی جەمسەربەندی سەبارەت بە سەرکردایەتییەکانی رێکخراوە کوردستانییەکان.

٣- قۆستنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەڵقەکانی هاوڕێیان بەبێ تەرکیزکردنە سەر بەستنەوە بە رێکخستنەوە لە ناوەندە گشتییەکاندا ئامرازێکی زۆر سەرکەوتووە بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و رێنماییەکان و وەرەبەرزکردنەوە کە رێگەی لە هەستکردن بە ترس دەگرت، چونکە ئەو کۆمەڵانە هەر لە خولگەی ئامانجە رەنگڕێژکراوەکەدا دەخولانەوە بەڵام دوور لە شێوە رێکخراوەکانی رابردوو، ئەم شێوازە سەرکەوتنێکی بێوێنەی بەدەست هێنا، چونکە دەسەڵاتە سەرکوتکەرەکان و دەزگە تایبەتەکان بەبێ پسانەوە هەوڵیان دەدا سەرە دەزووەکانی رێکخستنەکان بگرن، بەڵام ئەم شێوازە واتە کارنەکردن بە شێوازە (تەنزیمی و تەقلیدییەکان) لە هەندێ قۆناغ و لە هەندێ ناوچەدا لەلایەك و بەجێهێنانی ئەو ئامانجە مەرکەزییانەی رێکخراوەکان لە رێی ئەو ئامرازەوە دەیانویست، دەرکەوتووە شێوازێکی سەرکەوتووە بە کەمترین زیان. ئێزگەی "دەنگی

کوردستانی عێراق"[١٣] و "دەنگی گەلی کوردستان"[١٤] رۆڵی خۆیان لە هۆشیارکردنەوەدا هەبوو، چونکە ئەو هەواڵ و شیکردنەوە سیاسییانەی بۆ خەڵکیان دەگواستنەوە، بوونە گرنگترین ئامراز بۆ گەیشتن بە ئامانجی پشت ئەو کارە. لە لایەکی ترەوە رەخنە هەبوو لەسەر شێوەی کارکردنی رێکخراوە کوردستانییەکان لەلایەن جەماوەرەکەیەوە کە لە جومگە سەرەکییەکانی دابڕابوو، لەوانە:

١- دوواکەوتن لە بونیاتنانەوە بەتایبەت لە دوو ساڵی یەکەمی پاش نسکۆکە کە حاڵەتێکی نائومێدی دروست کرد، پڕوپاگەندەی دوژمنانە و قین لەدڵانە لەلایەن هەندێ لە ناوەندە رق لە دڵەکانەوە کاریگەریی نەرێنی لەسەر مەعنەویات هەبوو.

٢- رووکردنە تەشکیلاتە حزبییە چەکدارەکان، بەتایبەت پاش هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی چەکداری پاش نسکۆ و رووکردنە ریزەکانی پێشمەرگە لەلایەن لاوانەوە وەك تاکە لایەنی جێبەجێکار؛ لە ساڵە یەکەمەکانی پاش نسکۆدا بووە هۆی پشتگوێخستنی رۆڵی رێکخراوە کوردستانییەکان وەك رێکخراوی جەماوەری، بەڵام سەرەڕای بەجێیی ئاراستەکە لەو کاتەدا، دەکرا رەچاوی لایەنەکەی تریش بکرێت، ئەویش گرنگیدانە بە رێکخراوەکان وەك ئامرازی پەیوەندیکردن بە زۆرترین ژمارەی خەڵکەوە.

١٣ دەنگی کوردستانی عێراق: ئێزگەی پارتی دیموکراتی کوردستان.

١٤ دەنگی گەلی کوردستان: ئێزگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

٣- نەبوونــی ئاگەداریــی تــەواو بــە کاری ســەرکردایەتیی رێکخــراوەکان لەلایــەن ســەرکردایەتییە نوێیەکانــەوە، کــە راســتەوخۆ پــاش نســکۆکە -بەهــۆی غیابــی ســەرکردە ئەزموونــدار و دێرینەکانــەوە- دەرکەوتــن.

٤- دوواکەوتــن لــە بەســتنی کۆنفرانســەکانی هەنــدێ لــە رێکخــراوەکان و بەیەکجــاری نەبەســتنی کۆنگــرە گشــتییەکانی هەنــدێ لــە رێکخــراوە کوردســتانییەکان، بــووە هــۆی خولقاندنــی حاڵەتێکــی سســتی و خاوبوونــەوە لــە کاری جەماوەریــدا.

لەگــەڵ هەمــوو ئــەم رەخنانــەدا رێکخــراوە کوردســتانییەکان ســەرباری توندیــی هێرشــەکە و دەرکەوتنــی رێکخــراو و تەشــکیلاتی تــری پیشــەیی بەنــاوی جیــاوازەوە لەلایــەن حــزب و گرووپــە سیاســییەکانەوە بــۆ کۆکردنــەوەی جەمــاوەر، کــە بــووە هــۆی پەرتبوونــی هــەوڵ و کۆششــەکان و دوورکەوتنەوەیــان لــە یەکــتر، ئەوەیــش بــە نەرێنــی بەســەر یەکێتیــی توێــژە کۆمەڵایەتییەکانــدا شــکایەوە.

دوواي راپەڕینــە جەماوەرییــە بەگــوڕ و تینەکــەی ئــازاری ســاڵی ١٩٩١، رێکخــراوە کوردســتانییەکان بــە جیاوازیــی ئاراســتەکانیانەوە توانییــان جارێکــی تــر بوونــی کرداریــی خۆیــان بســەلمێننەوە بپشتبەســتن بــە رەســیدی خۆیــان و پاشــخانە مێــژوو و سیاســی و پیشــەییەکانیان و بوونیــان لــە ریزەکانــی شۆڕشــی کوردســتان کــە توانــای ســەرکردایەتیکردنی کاری جەماوەریــی رێکخــراوی هەیــە.

## رێکخراوە کوردستانییەکان دووای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١

ڕاپەڕین بە سەرەتای قۆناغێکی نوێی چالاکیی جەماوەریی ڕێکخراوی ئەشکرا دادەنرێت لە کوردستان پاش تێپەڕبوونی ساڵانێکی دژوار بەسەر گەلی کوردستاندا لە دووای ئەو نسکۆیەی لە ئازاری ١٩٧٥ بەسەر بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کورددا هات؛ بەگشتی، کەشوهەوا تازەکە دەرگای خستنە سەر پشت بۆ ئەنجامدانی چالاکیی پیشەیی و سیاسی بە بێ سانسۆر لەناو چوارچێوەی ئەزموونە نوێیەکەدا. لە گۆڕەپانەکەدا ڕێکخراو و یەکێتی و کۆمەڵە و سەندیکای جۆراوجۆر پەیدا بوون، تا هەریەکەیان بنە نوێنەری چین و گرووپێکی کۆمەڵایەتیی جیاواز و لەژێر رووکاری جیاوازدا، لە دیارترین ڕواڵەتەکانی ئەو قۆناغە بۆ ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بریتین لە:

یەکەم: زیادبوونێك گەورە لە ژمارەی ڕێکخراوە کوردستانییەکاندا، بەشێوەیەك ئەو زیادبوونە تەنها کۆی ژمارەی ڕێکخراوەکانی نەگرتەوە، بەڵکو لەوەیش تێپەڕی بۆ ئەو کۆمەڵە ڕێکخراوانەی نوێنەرایەتیی توێژێك دەکەن، هۆی ئەمەیش بۆ پاڵپشتیی حزب و کۆمەڵە سیاسییەکانی ئەو ڕێکخراوانە دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی لەسەر حسابی جۆرایەتی بووبێت لە کاری پیشەییدا.

دووەم: جیاوازی لە ناونانی ئەو ڕێکخراوانەدا؛ کە تێبینی دەکرێت ئەو دیاردەیە بووە هۆی لەیەکتر دوورکەوتنەوە -نەك نزیککەوتنەوەی-

زیاتری ئەو ڕێکخراوە هاوشێوە و خاوەن ئامانجە هاوبەشانە و نەبوونی هاوئاهەنگیی جددی، بەتایبەت لە بواری پیشەییدا کە بەیەکیانەوە دەبەستێت، بە بەڵگە و پاساوی نازانستییانە.

سێیەم: دیاردەی جیاوازیی ناوەکان بەشێوەیەکی کرداری حاڵەتێك لە کێبرکێی ناتەقلیدی دروست کرد، کە بووە هۆی پەرتبوونی کۆششەکان و بەتەواوەتی شکستهێنانی هەوڵەکانی یەکخستن لە بناغەوە.

چوارەم: ریشەداکوتانی دیاردەی دەسکەوتی هەرزان بەگوێرەی پێوەرگەلی تەواو دوور لەو نەریتانەی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا باو بوون؛ ئەوەیش بووە هۆی پارچەپارچەبوونی هەر توێژێك بۆ چەند ئاراستەیەکی جیاواز بەبێ بوونی زەمینەیەك پاساو بداتە ئەو دیاردە نامۆیە.

پێنجەم: لەگەڵ ئەوەیشدا لە قۆناغی یەکەمدا بیرۆکەی پێکهێنانی فیدراسیۆنێکی توێژ یان گرووپ کە هەموو یەکێتییەکان لە یەك یەکێتیدا لەسەر ئاستی هەرێم کۆبکاتەوە، سەری هەڵنەدا، جگە لە ڕێکخراوەکانی قوتابیان و ڕۆژنامەنووسان (سەبارەت بە هەردوو ڕێکخراوە ڕۆژنامەنووسییەکە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٣وە لە یەك سەندیکادا بەناوی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان یەکیان گرت، ئەویش لە کۆنگرەیەکی گشتیدا کە لە ١٣-٢٠٠٣/١٢/١٥ لە شاری هەولێر بەسترا. لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆ (١٩٩٤-١٩٩٨) لەنێوان هەردوو

حـزب پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ئـەو یەکێتییانـە مەودایەکـی زیاتـر لـە پێشـتر لـە یەکـتر دوور کەوتنـەوە.

هەمـوو ئەوانـە ڕێگـەی لـە ڕێکخراوەکانـی کوردسـتان نەگـرت -کـە سـەرەتایان بـۆ سـەرەتاکانی پەنجاکانـی سـەدەی رابـردوو دەگەڕێتـەوە و سـەرکردایەتیی گرووپـە کۆمەڵایەتییـە جیاوازەکانیـان دەکـرد- لـەوەی درێـژە بـە کاروان و سـەرکردایەتیی مەیدانیـی ئـەو توێژانـە بـدەن، ئەگەرچـی دووچـاری سـەختی و کێشـەی زۆریـش بـوون، کـە لـە لاپەڕەکانـی رابـردوودا بـاس کـرا. ئـەو ڕێکخراوانـە کۆنگـرە و کۆنفرانسـەکانیان لـە مـاوەی جیـاوازدا بەسـتووە و کێبرکـێ لەنێوانیانـدا بووەتـە دیاردەیەکـی بەرچـاو، لەگـەڵ ئەوەیشـدا ئـەو ڕێکخراوانـە توانییـان بـە شـێوەی جیـاواز دەسـکەوت پێشـکەش بـەو توێژانـە بکـەن و نوێنەرایەتییـان بکـەن و بەرگـری لـە مافەکانـی ئەندامانیـان بکـەن لـە چوارچێـوەی یاسـایی و کۆمەڵایەتیـی جیـاوازدا.

# ئەرکی سەرشانی رێکخراوە کوردستانییەکان

کاروانی پڕ کار و قوربانییەکانی رێکخراوە کوردستانییەکان بەدرێژایی شەش دەیەی تەمەنیان پاش ١٩٥٣ (سەرەتاکانی دامەزراندنی رێکخراوە کوردستانییەکان بۆ یەکەم جار)، باشترین بەڵگەیە لەسەر رادەی پابەندبوونی ئەو رێکخراوانە بە ئامانج و دروشم و خەونەکانی ئەو توێژانەی نوێنەرایەتییان دەکەن. ئەو رێکخراوانە پێشەنگی جەماوەری گەلی کوردستان بوون لە هەموو قۆناغە جیاوازەکاندا و توانیویانە چین و توێژە جیاوازەکان کۆبکەنەوە و بەرەو بەدیهێنانی ئامانجە پیشەیی و نەتەوەییەکانیان سەرکردایەتییان بکەن. لە هەندێ قۆناغی دیاریکراودا تووشی چەوساندنەوە و راوەدوونان بوون، هەروەها چوونەتە ریزەکانی شۆڕشی گەلی کوردستان لە ساڵی ١٩٦١ەوە تا بەرپابوونی راپەڕینی گەورەی جەماوەری کوردستان لە بەهاری ١٩٩١، هاوکات باڵیۆزی گەلەکەیان بوون لە دەرەوەی هەرێم. خوێندنەوەیەکی تێروتەسەل بۆ مێژووی ئەو رێکخراوانە توێژەر بەرەو وردەکاریی کاری جەماوەریی رێکخراو دەبات کە (ئەو رێکخراوانە) سەرکردایەتییان دەکرد و هێشتا سەرمەشق و ئومێدی جەماوەرەکەیان بوون. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر لە وردەکارییەکان ورد بینەوە هەندێ جیاوازی لە جۆری مومارەسەدا دەبینین، هەندێ رێکخراوی دیاریکراو لە کاری جەماوەریدا دەستپێشخەر بوون، لەکاتێکدا دەبینین رێکخراوێکی تر بە ئەندازەیەکی کەم کاری

جەمـاوەری واز دێنـن، بـە بۆچوونـی ئێمـە ئەوەیـش دەگەڕێتـەوە بـۆ:

١- جۆری سەرکردایەتی (ئەو کەسانەی سەرکردایەتیی رێکخراوەکە).

٢- جیاوازی لە سرووشتی توێژە جیاوازەکاندا.

٣- تێگەیشـتن لـە کەرەسـتەکانی خەبـات لـە هـەردوو قۆناغـی نهێنـی و ئاشـکرادا.

٤- تێڕوانینی جیاواز بۆ خودیبوونی بەرژەوەندیی شەخسی.

٥- توانای بەردەوامبوون بەتایبەت لە بواری کاری نهێنیدا.

بەگشـتی، لــە شــیکردنەوەی مێــژووی رێکخــراوە کوردســتانییەکان و بەراوردکردنـدا لەگـەڵ قۆناغـی پـاش راپەڕیـن دەبینیـن ترازووەکـە بـەلای سـاڵانی پێـش راپەڕینـدا دادەشـکێت، واتـە سـاڵانی دامەزرانـدن ١٩٥٣ بـۆ سـاڵی ١٩٩١ سـەرەڕای فراوانبوونـی بازنـەی کار و زیادبوونـی رووبـەری ژمـارەی چەندایەتـی لەسـەر حسـابی جۆرایەتـی، کـە دیاردەیەکـی نەرێنییـە لـە کاری جەماوەریـی ئـەو رێکخراوانـەدا و دیاردەکـە لـە بنەڕەتـدا بـۆ کۆمەڵێـك هـۆکار دەگەڕێتـەوە، گرنگترینیـان:

یەکـەم: سـەرکردایەتیی هەنـدێ حزبـی کوردسـتانی بەرپرسـیارێتی دەگرنـە ئەسـتۆ، بەتایبـەت لـە رووی بایەخـدان بـە جـۆری سەرپەرشـتیکردنی راسـتەوخۆ لەسـەر هێڵـی گشـتیی کاری سـەرکردایەتییەکانی رێکخـراوە کوردسـتانییەکان و جۆرایەتییەکـەی سـەرەڕای پشـتگیریکردنی ئـەو رێکخراوانـە بـە پـارەی پێویسـت. ئـەو ناڕێکییەیـش لـە بنەڕەتـدا بـۆ پێکهاتـەی (مەکتەبـی ناوەندیـی رێکخـراوە جەمـاوەری و دیموکراسـییەکان)

دەگەڕێتەوە بە جیاوازیی ئاراستەی سیاسی لە گۆڕەپانی کوردستاندا. دەکرێت نارێکی (خلل)ەکە بەم خاڵانەی خوارەوە دەستنیشان بکەین:

١- بەپێی زانیاریی ئێمە پەیڕەوی ناوخۆی سەرجەم حزبە کوردستانییەکان بە مەرجی داناوە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتیی مەکتەبە ناوەندییەکان بکات، لەکاتێکدا ئەم مەرجە بەسەر ئەو مەکتەبانەی ڕێکخراوەکاندا پەیڕەو نەکراوە و هەندێ جار بەرپرسیارێتیی سەرپەرشتیکردنی لەنێوان ئەندامانی پێشکەوتوو و ناشایستە لە رووی تێگەیشتن لە جۆرایەتیی و شێوەی کاری جەماوەریی ڕێکخراودا بووە، ئەوەیش بووەتە هۆی دروستکردنی کەلێنێك لەنێوان لوتکەی سەرکردایەتی و سەرکردایەتیی ڕێکخراوەکاندا.

٢- پێکهاتەی مەکتەبە ناوەندییەکان: وەك زانراوە کاری مەکتەبە ناوەندییەکانی ڕێکخراوەکان کۆکردنەوەی سەرکردایەتیی ڕێکخراوە کوردستانییەکانە لە مەکتەبێکی ناوەندیدا بۆ تاوتوێکردنی سەرجەم ئەرکە مەرکەزییەکان و دانانی هێڵە گشتییەکان بۆ کارکردنی ڕێکخراوەکان و چارەسەری ئەو کێشانەی رۆژانە دێنە بەردەم کارەکانیان، لەکاتێکدا ئەم مەسەلەیە لە سنوورێکی دیاریکراودا نەبێت رەچاو نەکراوە. دووای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو دۆخەدا کە بووە هۆی نەمانی رەگەزی نوێنەرایەتیکردنی سەرکردایەتییەکانی ئەو ڕێکخراوانە لە مەکتەبە ناوەندییەکاندا، لێرەیشەوە گرنگترین رەگەزەکانی پێکەوەبەستن لەنێوان مەکتەب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان نەما. لە لایەکی ترەوە ئەندامانی

کۆنگـرەی رێکخـراوەکان بەبـێ رەچاوکردنـی شـارەزایی و کارکـردن لـە رێکخـراوە جەماوەرییەکانـدا هەڵدەبژێردرێـن، لەبەرئـەوە مۆرکـی مەکتەبـی لـە کاردا زاڵ بـوو، بەشـێوەیەك دەتوانیـن بڵێیـن مەکتەبـە ناوەندییـەکان لـە دۆڵێـك و رێکخـراوە دیموکراسـی و جەماوەرییـەکان لـە دۆڵێکـی تـر بـوون.

٣- تـا ئێسـتا پەیڕەوێکـی ناوخـۆ بـۆ مەکتەبـە ناوەندییـەکان نییـە، ئەوەیـش بووەتـە و دەبێتـە هـۆی زاڵبوونـی مەیـل بـۆ سـەربەنە تاکەکەسییەکان لـە کاردا.

٤- کارلێکنەکردنـی مەکتەبـە ناوەندییـەکان لەگـەڵ قووڵایـی جەماوەریـی رێکخـراوە کوردسـتانییەکاندا.

دووەم: گرنگینــەدان بــە هەڵبــژاردن و جیاکردنــەوەی جــۆری سـەرکردایەتییەکانی رێکخـراوەکان، بەتایبـەت ماوەکانـی بەسـتنی کۆنگـرەکان کـە دیـاردەی هەڵبـژاردن لەسـەر بناغـەی دوور لـە هەڵسـەنگاندنی دروسـت بـۆ کەسـە سـەرکردەکان دەسـەپێنن، ئەوەیـش کاریگەریـی نەرێنـی کـردە سـەر جۆرایەتـی. ئـەم دیاردەیـە بەبـێ گەڕانـەوە بـۆ دیراسـەکردنی حاڵەتەکـە لـە بناغـەوە و هەڵبژاردنـی توخمـە سـەرکردەکان بەگوێـرەی هەنـدێ مـەرج و پێـوەری دیاریکـراو و چارەسـەری ئـەو کەلێنانـەی ئێسـتا بەشـێوەیەکی گشـتی لـە کاری رێکخراوەکانـدا هـەن، چارەسـەر ناکرێـت.

سـێیەم: کاری رێکخـراوەکان لەنێـو ناوەنـدە میللییەکانـدا پشـت بـە کارنامەیەکـی تەقلیـدی و دیراسـەنەکراو لەسـەر کۆمەڵێـك بنچینـەی زانسـتی دەبەسـتێت. بـە سـەرنجدان لـە کاری رێکخـراوەکان؛ توێـژەر پێـی وایـە دیـاردەی کەسـبکردن یەکـەم پشـت بـە ئامـرازە تەقلیدییـەکان دەبەسـتێت

لـە ڕێکخسـتندا وەك کـە پێـش چەنـد دەیەیـەك بەڕێـوە دەچـوو، لەکاتێکـدا نــە ســەرکردایەتیی ڕێکخــراوەکان و نــە مەکتەبــە ناوەندییــەکان لــەو گۆڕانکارییانــە تێنەگەیشــتن کــە لــە بــواری کاری پیشــەیی لــە دەوڵەتانــی پێشـکەوتنی جیهانـدا هاتۆتـە کایـە. لەبەرئـەوە گرنگـە بایـەخ بـەم لایەنـە بدرێــت و بکرێتــە بەرنامــە و دەەســتوورێك بــۆ کارکــردن لــەم قۆناغــەدا، لێـرەدا چەنـد شـتێك دەستنیشـان دەکەیـن کـە پێویسـتە ڕەچـاو بکرێـن:

یەکـەم: گۆڕینـی شـێوازی کاری جەمـاوەری لەنـاو توێـژە جیـاوازەکان و هەڵبژاردنــی بەرنامەیەکــی زانســتییانەی پێشــکەوتوو بــۆ هــەر ڕێکخراوێــك بەتەنهـا، بـۆ نموونـە پێویسـتە ڕێکخراوەکانـی یەکێتیـی لاوانـی کوردسـتان بەگوێـرەی کۆمەڵێـك بنەمـا کار بـکات جیـاواز لـەوەی لـە کاری یەکێتیـی قوتابیانــی کوردســتاندا پەیــڕەو دەکرێــت. یەکێتیــی لاوانــی دیموکــرات پێویسـتە خـۆی لـە چوارچێـوەی چەنـد کارێکـدا کـورت بکاتـەوە:

١- زۆرکردنــی یانــە و گۆڕەپانــە وەرزشــییەکان بەتایبــەت لــە ناوچــە میللییــەکان بــۆ لەخۆگرتنــی لاوان و ڕێکخســتنی چالاکییــە وەرزشــییەکان و کردنــی ئــەو یانــە و گۆڕەپانانــە بــە شــوێنێك بــۆ ئەنجامدانــی چالاکیــی وەرزشــی و ڕۆشــنبیری و ئامادەکردنــی ئامــرازە پێویســتەکانی.

٢- گرنگیـدان بـە ڕێکخسـتنی پێشـبڕکێی وەرزشـیی جیـاواز لەنێـوان ئـەو ناوچانـەدا لـە ڕێـی تیپـە وەرزشـییەکانیانەوە.

٣- ڕێکخسـتنی گەشـت و سـەیران لـە هەنـدێ کاتـی دیاریکـراو و بۆنـەی جیـاوازدا بـۆ دەرەوەی ئـەو ناوچانـەی تێیانـدا نیشـتەجێن.

٤- ڕێکخستنی فیستیڤاڵی ساڵانە تێیدا یانە وەرزشییەکان پێشبڕکێی تێدا بکەن، هەروەها ڕێکخستنی سیمیناری شیعری و ئەدەبی بۆ لاوان و تەرخانکردنی خەڵاتی کاش بۆ پێشبڕکێکاران.

دووەم: گۆڕینی جۆری سەرپەرشتیکردنی ئەو ڕێکخراوانە و بەدیموکراتکردنیان، بەبێ بەجێهێشتنی مەسافەیەك لەنێوان ڕێکخراوەکان و سەرکردایەتییە باڵاکان و بەجێنەهێشتنی بابەتی ڕێکخراوەکان وەك نێچیری هەوا و ئارەزووی بەرپرسانیان بەبێ لێپرسینەوە و بەبێ هەڵسەنگاندنێکی بەردەوام، چونکە کەمتەرخەمی لە سەرپەرشتیکردندا هەندێ حاڵەتی بێموبالاتی و بێسەروبەری دروست دەکات، ئەمەیش دیاردەیەکی ترسناکە و بەجێهێشتنی بەبێ چارەسەرکردنی لەوانەیە ببێتە هۆی پەرتبوونی کۆششەکان و لێرەیشەوە چەسپاندنی حاڵەتەکانی فەوزا و بێموبالاتی.

سێیەم: تەرکیزکردنە سەر مەیدانیبوونی کار و گەیشتن بە دوورترین خاڵی چین و توێژە جیاوازەکان و چارەسەری کێشەکانیان و گرنگیدان بە ئارەزووەکانیان لە بوارەکانی ئەدەب و وەرزش و خوێندنەوەدا و ئاسانکردنی ئەو ڕێگەیانەی دەستەبەر و بەردەستن بۆ چارەسەری ئەو ئەزموونە، چونکە وازهێنان تەنها بە ڕێنماییە مەرکەزییەکانی ناو مەکتەبە ناوەندییەکان تەنها بۆ جومگە سەرەکییەکان و بەبێ گرنیگدان بە کۆڵان و گەڕەکە میللییەکان؛ وا دەکات ڕێکخراوەکان زیاتر و زیاتر لە بڕبڕەی پشتی ئەو لایەنانە دوور بکەونەوە، ئەمەیش بوونی سەرکردایەتییەکی مەیدانی و نامەکتەبی لە کارکردندا دەخوازێت.

چـوارەم: گرنگیـدان بـە نیوەکـەی تـری توێـژە کۆمەڵایەتییـەکان، کـە مەبەسـت پشتگوێخسـتنی ئافرەتـی کوردسـتانییە (قوتابـی، فەرمانبـەر، ژنـی ماڵـەوە)، چونکـە ڕەگـەزی ئافـرەت نیـوەی کۆمەڵگـە پێـك دێنێـت و پێویسـتە ڕەچـاوی تایبەتمەندیـی کۆمەڵگـەی کوردسـتانی و ڕۆڵـی ئـەو توێـژە لـە کاری ڕێکخـراوە جەماوەرییەکانـدا بکرێـت، هەروەهـا پێویسـتە تەرکیـز بکرێتـە سـەر گرنگیـی وەرگرتنـی پێگەکانـی سـەرکردایەتی لـە ڕێکخراوەکانـدا لەلایـەن ئافرەتانـەوە.

پێنجـەم: دیراسـەکردنی تێروتەسـەلی هەڵبژاردنـی توخمـە سـەرکردەکانی ڕێکخـراوە کوردسـتانییەکان و دوورکەوتنـەوە لـە مەحسـووبییەت و خـزم خزمێنـە، چونکـە ئـەوە سـەرکردە لێوەشـاوە و بەئەزموونەکانـن دەتوانـن قووڵایـی میللیـی کوردسـتانی جەمسـەربەند بکـەن، هەروەهـا ئاینـدە زۆر پێویسـتی بـە گرنگیـدان بـە کاری جەمـاوەری هەیـە بـە ئامـرازی جیـاوازی هاوچـەرخ، کـە لـە بنەڕەتـدا پێویسـتی بـە هەڵبژاردنـی توخمـە لێوەشـاوە و مەیدانییـەکان هەیـە.

شەشـەم: گرنگیـدان بـە کادیـرە سـەرکردەکان کـە گـوێ بـە فرێـودەر (مغریـات) نـادەن و بەهێزکردنیـان، ئەمەیـش دابینکردنـی بژێویـی شایسـتە و پـەروەردەی نیشـتمانی دەخوازێـت، تـا ئامـادە بێـت بـۆ کاری جـددی و قوربانیـدان لەپێنـاو بەرژەوەندیـی گشـتیدا، چونکـە کادیـر ئامـرازی راسـتەقینەی ئەنجامدانـی ئەرکـە چاوەڕوانکراوەکانـە لـە گۆڕەپانـی کوردسـتان، لـە ئێسـتا و ئاینـدەدا.

# کات و شوێنی کۆنگرەکانی یەکێتییەکان

**کات و شوێنی کۆنگرەکانی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان**

١٩٩١-١٩٥٣

● کۆنگرەی یەکەم: ١٩٦٢/٥/١٥ سلێمانی، ماڵی کامیل بەسیر.

سکرتێر: کامیل بەسیر.

جێگری سکرتێر: ئەنوەر سەعید دارتاش.

ئەندامانی سکرتارییەت: فائیق عارف، محەمەد باقی سەعید.

ئەندامی لیژنەی جێبەجێکردن:

درەخشان شێخ جەلال حەفید، کەمال میرزا غەفوور مەعرووف ، بابا شێخ عەلی ئەحمەد بەرزنجی، محەمەد باقی سەعید (ئەندامی سکرتارییەت و سەرپەرشتی لقی سلێمانی)، محەمەد باقی سەعید (ئەندامی سکرتارییەت و سەرپەرشتیاری لقی کەرکووك)، ئەنوەر سەعید دارتاش (ئەندامی سکرتارییەت و سەرپەرشتیاری هەولێر)، عەبدوڵا زێیاری (سەرۆکی لقی نەینەوا)، ئەنوەر توفی (سەرپەرشتیاری لقی ناوەڕاست و باشوور).

● کۆنگرەی دووەم: سلێمانی، سەرەتاکانی شوباتی ١٩٦٦.

ماڵی جەلال عومەر، ماڵی عەبدولڕەحمان مەلا عومەر.

سکرتێر: مەحموود مەلا عیزەت.

ئەندامانی مەکتەبی سکرتارییەت: کەمال میرزا غەفوور، جەمال عەبدوول، عارف عەبدوڵا، فوئاد شێخ ئەنوەر.

مەکتەبی تەنفیزی: محەمەد مەلا حوسێن، ڕەفعەت عەبدولڕەحمان، عەبدولقادر مەلا عومەر، محەمەد باقی سەعید، درەخشان شێخ جەلال حەفید، ئەکرەم فەوزی.

دووای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر بەستنی کۆنگرەی دووەمدا، گۆڕانکارییەك لە مەکتەبی سکرتارییەتدا رووی دا بەم شێوەیە:

سکرتێر: مەحموود مەلا عیزەت.

جێگری سکرتێر: جەمال عەبدول.

ئەندامانی مەکتەبی سکرتارییەت: کەمال میرزا غەفوور، محەمەد مەلا حوسێن، محەمەد نووری تۆفیق، ئەکرەم فەوزی، فوئاد شێخ ئەنوەر، کەمال حەمەد خۆشناو، عەبدولخالق جەباری.

- کۆنگرەی سێیەم: ناوپردان ١٩٧٠/٨/٥

سکرتێر: محەمەد ئیسماعیل محەمەد.

مەکتەبی سکرتارییەت: حوسێن ڕەشوانی، مەلا هادی خدر، عەزیز شوان، فائیق عارف، لەتیف نادر ڕەواندزی، خەزعەل ڕەشد کاکی.

لیژنەی جێبەجێکردن: دارا عومەر، د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی، مەسعوود عەبدولقادر بەرزنجی، ناجی عەلی، وەحید محەمەد ساڵح، جەعفەر ڕۆکان، ئەحمەد عەزیز گەرۆتە، عەبدولواحید عەزیز، محەمەد عەلی

مستەفا، مەلا نووری عەبدوڵا، حەسەن فەهمی ئاکرەیی، کەریم سەلمان، عەدنان مایخان، شەوکەوت نووری عەبکە.

● کۆنگرەی چوارەم: هەولێر، هۆڵی گەل ٢-١٩٧٢/٢/٣.

سەرۆك: محەمەد ئیسماعیل محەمەد.

جێگری یەکەم: عەزیز ئیسماعیل شوان.

جێگری دووەم: د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر.

ئەندامانی مەکتەبی سکرتارییەت: خەزعەل رەشید کاکەیی، حەسەن عەلی غالب نەقشبەندی، محەمەد مەعسووم مائی، ئیبراهیم میرانی، ناجیە عەلی، ئەسعەد خالید، د. دارا رەشید جەودەت، عەبدولهادی خدر، مەسعوود عەبدولخالق بەرزنجی، بەیرووت ئەحمەد، رەشید محەمەد هەورامی، ساڵح مستەفا.

لیژنەی چاودێریکردن: فائیق عارف، کەمال میرزا غەفوور، جەمال عەبدوول.

● کۆنگرەی پێنجەم: سلێمانی، هۆڵی دڵشاد ١-١٩٧٤/٢/٣.

سەرۆك: محەمەد ئیسماعیل.

جێگری یەکەم: دارا رەشید جەودەت.

جێگری دووەم: عەزیز شوان.

ئەندامانی مەکتەبی سکرتارییەت: خەزعەل رەشید کاکەیی، حەسەن

عەلــی غالــب نەقشــبەندی، پیــرۆت ئەحمــەد ئیبراهیــم، مەســعوود عەبدولخالـق بەرزنجـی، فوئـاد حەمـە خورشـید، یوسـف ئیسـحاق، محەمـەد مەعســووم مائــی، ســاڵح کــوردۆ محەمــەد ئەترووشــی، ئەحمــەد محەمــەد دۆسـکی، فەهمـی ئەمیـن عەزیـز، ئەنـوەر سـلێمان، کەمـال محەمـەد بابـان.

یــەدەگ: محەمــەد رەزا ئەمیــن، کەریــم ســلێمان عەبــاس، ئیســماعیل عومــەر ســنجاری، ئەنــوەر عومــەر یوســف، حەســەن شــێخ مســتەفا.

**کات و شوێنی بەستنی کۆنگرەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان**

● کۆنگرەی یەکەم: بەغدا، ١٩٥٣/٢/١٨.

سەرۆك: ئەحمەد عەبدوڵا ئامێدی (١٩٣٤-١٩٦٧).

سکرتێری گشتی: جەلال تاڵەبانی.

مەکتەبی سکرتارییەت: شەمسەدین موفتی، عەبدولقادر رەشید، حیلمی عەلی شەریف، عومەر مستەفا (دەبابە)، حەیدەر حەمەد ئەمین، غەفوور رەشید ئاغا.

● کۆنگرەی دووەم: بەغدا، تەمووزی ١٩٥٥.

سکرتێری گشتی: جەلال تاڵەبانی.

مەکتەبی سکرتارییەت: مەحموود عوسمان، شەمسەدین موفتی، حوسامەدین دەباغ، عەدنان نەقشبەندی، شاخەوان نامیق، ئەحمەد تاهیر.

● کۆنگرەی سێیەم: بەغدا، ١٨-١٩٦١/٣/٢٠.

سکرتێری گشتی: سەروەر کاکە حەمە.

مەکتەبی سکرتارییەت: مەئموون دەباغ، حەمە چاوشین، فوئاد ئەحمەد بابان، حەیدەر هەمزە.

دووای دەستگیرکردنی سەروەر کاکە حەمە، قوتابی حەیدەر هەمزە لە پۆستی سکرتێری گشتیدا جێگەی گرتەوە.

● کۆنگـرەی چـوارەم: گونـدی چوخماخـی سـەر بـە شـارۆچکەی مـاوەت لـە پارێزگـەی سـلێمانی ١٤-١٩٦٤/٢/١٨.

سەرۆك: فوئاد مەلا مەحموود.

سکرتێری گشتی: نەوشیروان مستەفا ئەمین.

مەکتەبی سکرتارییەت: عومەر تۆفیق، فوئاد ئیبراهیم، هەڤاڵ سەلاّح.

● کۆنگرەی پێنجەم: گوندی تیمزاوە، پارێزگەی کەرکووك ١٩٦٧/٧/١٤.

سەرۆك: عەبدولکەریم حەسەن.

سکرتێری گشتی: نەوزاد محەمەد عەلی.

مەکتەبـی سـکرتارییەت: ئەنـوەر عەبـدوڵا، قـادر حەمـەد ئەمیـن، جـەواد شـێروانی، حەمـە زیـاد ئیسـماعیل.

پـاش ماوەیـەك ئەنـوەر عەبـدوڵا چـووە جێگـەی عەبدولکەریـم حەسـەن لـە سـەرۆکایەتیی یەکێتییەکـەدا؛ قـادر حەمـەد ئەمینیـش چـووە شـوێنی نـەوزاد محەمـەد عەلـی لـە پۆسـتی سـکرتێردا.

مەکتەبـی رێکخسـتنی ناوەندیـی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان ١٩٦٩-١٩٧: فەرهـاد عەونـی، جـەلال سـەلیم خۆشـناو، ئەنـوەر عەبـدوڵا، قـادر حەمـەد ئەمیـن، جـەواد شـێروانی، رەنـج نـووری شـاوەیس، عـادل فـازڵ لەیلانـی.

● کۆنگرەی شەشەم: ناوپردان، ١٥-١٨/٧/١٩٧٠.

سەرۆك: ئەنوەر عەبدوڵا (پاش تێپەڕبوونی کەمتر لە ساڵێك هەڤاڵ عادل موراد جێگەی گرتەوە).

سکرتێری گشتی: فەرهاد عەونی.

